راڤەی

مسائل الجاهلية

للإمام محمد بن عبدالوهاب رحمه الله

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

راڤەکردنی

الشيخ صالح الفوزان

الشيخ عبدالرزاق البدر

وەرگێڕانی

عەبدوللا عەلی موحەمەد

کتێبخانەی پێکەر

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ڕاڤەی

مەسائیلُ الجاهِلیّة

کتێبخانەی ڕێکار

ناونیشان : هەولێر - فلکەی شێخ محمود -
باڵەخانەی سەید بهاء الدین - نهۆمی خوارەوە

ژ.م ٥٧٦٧ ٤٧٥ ٠٧٥٠

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووک: ڕاڤەی مَسَائِلُ الْجَاهِلِيَّةُ لِلشَّيْخِ مُحَمَّدِ بنِ عَبْدِ الوَهَّابِ التَّمِيْمِيّ

ڕاڤەکردنی: صالح الفوزان و عبد الرزاق البدر

وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا عەلی موحەممەد.

نەخشەسازی بەرگ: إخلاص ديزاين

نەخشەسازی ناوەڕۆك : جمعه صديق كاكه

تیراژ : ١٠٠٠ دانە .

سایز : ١٧*٢٤

لاپەڕە : ٢٨٨ لاپەڕە.

نۆرە و ساڵی چاپ : یەکەم،١٤٤٦کۆچی- ٢٠٢٤ میلادی .

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە « ٢٧٧٢ »ی ساڵی « ٢٠٢٤ »ی پێ دراوە.

ڕاڤەی

مَسَائِلُ الجَاهِلِيَّة

لِلإِمَامِ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِالوَهَّابِ رحمه الله

ڕاڤەکردنی

الشيخ صَالح الفَوزَان

الشيخ عَبدالرَّزَّاق البَدر

وەرگێڕانی

عەبدوڵڵاعەلی موحەممەد

پێشەکیی وەرگێڕ

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەمەی بەردەستت، یەکێکە لە پەیامە بەسوود و گرینگەکانی شێخی ئیسلام موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهھاب -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، چەند لاپەڕەیەکی کەمە، بەڵام باس و خواسەکانی ناوی زۆر گرینگ و پێویستن بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.

ئەم پەیامە باس لە (١٢٨) بابەت دەکات، کە خەڵکی سەردەمی نەفامی ئەنجامیان دەدا و تێیاندا هەبوو، ئەمەش بە مەبەستی وریاکردنەوەی موسڵمانانە؛ تاوەکوو لێی دوور بکەونەوە و خۆیانی لێ بپارێزێن.

شێخ ناوی لەو بابەتانە ناوە: (الْمَسائِلُ الْجَاهِلِيَّةُ الَّتِي خَالَفَ فِيْها رَسُولُ اللهِ -ﷺ- أَهْلَ الْجَاهِلِيَّة)، واتە: بابەتەکانی نەفامی، ئەوەی کە پێغەمبەری خوا -ﷺ- تێیدا پێچەوانەی خەڵکی سەردەمی نەفامی کرد.

بێگومان ناسینی خراپە و نەفامی، بە نیازی خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لێی، هەروەها وریاکردنەوەی موسڵمانان لێی، داواکارییەکی گەورەیە و کارێکی پێویستە؛ چونکە زۆرێک لە موسڵمانان تووشی خراپە و لادان و گومڕایی دەبن، بەهۆی شارەزا نەبوونیان لە خراپە و نەناسینی، چونکە ئەو کەسەی کە خراپە نەناسێت، چۆن دەتوانێت خۆی لێ بپارێزێت؟! ڕەنگە ئەنجامیشی بدات و وا بزانێت کە چاکە و ڕاستیی و ڕێنماییە!

هەر بۆیە لە حوزەیفەی کوڕی یەمان -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە دەڵێت: "كانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسولَ اللَّهِ -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ- عَنِ الخَيْرِ، وكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنِ الشَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي"[1].

واتە: خەڵکی پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- دەکرد دەربارەی چاکە، بەڵام من پرسیارم لێ دەکرد دەربارەی شەڕ و خراپە؛ لەترسی ئەوەی تووشم ببێت.

وەکوو شاعیریش دەڵێت:

عَرَفتُ الشَرَّ لا لِلشَرِ، لَكِن لِتَوَقّيهِ

وَمَن لَم يَعرِفِ الشَرَّ مِنَ الخَيرِ، يَقَع فيهِ

واتە: شەڕ و خراپەم ناسی، نەک لەبەر خراپە و ئەنجامدانی، بەڵکوو بۆ خۆپاراستن لێی، هەر کەسێکیش خراپە نەناسێت و لەچاکەی جیا نەکاتەوە، ئەوە دەکەوێتە ناوی و تووشی دەبێت.

کەواتە هەروەکوو چۆن موسڵمان داوای لێ کراوە کەوا چاکە بناسێت؛ بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات، بەهەمان شێوەش داوای لێ کراوە خراپە بناسێت؛ بۆ ئەوەی خۆی لێ بپارێزێت و لێی دوورکەوێتەوە، هەروەها خەڵکیشی لە ئاگەدار بکاتەوە.

---

[1] - رواه البخاري (٣٦٠٦).

بە دڵنیایی خوای پەروەردگار چاکەی بۆ ئێمە باس کردووە؛ بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەین، خراپەشی بۆ ڕوون کردووینەتەوە؛ بۆ ئەوەی خۆمانی لێ بپارێزین، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْآيَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ [٢].

واتە: ئا بەو جۆرە بەڵگە و نیشانەکان بەدرێژیی ڕوون دەکەینەوە؛ بۆ ئەوەی ڕێگای تاوانباران و خوانەناسان دەربکەوێت و بناسرێت و ڕوون ببێتەوە.

لەو ڕووانگەیەوە، ئێمەش بە پێویستمان زانی کەوا هەڵبستین بە وەرگێڕانی ئەو نامیکە بەسوودە، داواکارین لە خوای گەورە کەوا بەدڵسۆزی بۆ ئەو بێت و لێمانی وەربگرێت.

تێبینی: بۆ وەرگێڕان و ڕوونکردنەوەی ئەو نامیلکەیە، سوودمان لە ڕاڤەی ئەو دوو زانایە بینیوە لەسەر ئەو نامیلکەیە، ئەوانیش بریتیین لە:

یەکەم: (الشيخ صالح الفوزان).

دووەم: (الشيخ عبد الرزاق البدر).

بۆیە هەموو ئەو شتانەی کەوا لە پێشەکییەکە و ڕاڤەکەدا هاتووە، قسەکانی ئەو دوو زانا بەڕێزەیە و لەوانەوە وەرگیراوە.

*****

[٢] - [الأنعام: ٥٥].

مَتْنُ الْمَسائِلِ الْجَاهِلِيَّةِ
الَّتِي خَالَفَ فِيْها رَسُولُ اللهِ -ﷺ- أَهْلَ الْجَاهِلِيَّة.

بسم الله الرحمن الرحيم

قالَ الشَّيخُ محمدُ بنُ عبدِالوهابِ -رحمه الله تعالى-:

هَذِه أمورٌ خالفَ فيها رسولُ اللهِ -ﷺ- ما عليهِ أهلَ الجاهليَّةِ الْكِتابِيِّينَ والأُمِّيِّينَ، مِمَا لا غِنَى لِلْمسلمِ عنْ مَعْرِفَتِها.

فالضِّدُّ يُظهِرُ حُسنَهُ الضِّدُّ ... وبِضِدِّها تتبيّنُ الأشياءُ

فَأَهَمُّ ما فيها وَأَشَدُّها خَطَرًا: عَدَمُ إيمانِ الْقَلبِ بما جاءَ بهِ الرَّسولُ -ﷺ-، فإنِ انْضافَ إلى ذلك اسْتِحسانُ ما عليه أهلُ الجاهليةِ تَمَّتِ الخَسَارةُ، كما قال تعالى: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا بِالْبَاطِلِ وَكَفَرُوا بِاللَّهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ [سورة العنكبوت: ٥٢].

الْمَسْأَلَةُ الْأُولَى: أَنَّهُم يَتعبَّدونَ بإشراكِ الصَّالحينَ في دُعاءِ اللهِ وعِبَادَتِه؛ يُرِيدُون شَفَاعتَهُم عِنْدَ اللهِ؛ لِظَنِّهِمْ أَنَّ اللهَ يُحِبُّ ذَلِكَ، وأنَّ الصَّالحين يُحِبُّونَهُ، كما قالَ تعالَى: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَضُرُّهُمْ وَلا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ﴾ [يونس: ١٨].

وَقالَ تعالَى: ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى﴾ [الزمر: ٣].

وَهَذِهِ أَعْظَمُ مَسْأَلَةٍ خالَفَهُمْ فِيهَا رَسُولُ اللهِ -صلى الله عليه وسلم-، فَأَتَى بالإِخْلاَصِ، وَأَخْبَرَ أَنَّهُ دِينُ اللهِ، الذِي أَرْسَلَ بِهِ جَمِيعَ الرُّسُلِ، وَأَنَّهُ لا يَقْبَلُ مِنَ الأَعْمَالِ إِلاَّ الخَالِصَ، وَأَخْبَرَ أَنَّ مَنْ فَعَلَ مَا اسْتَحْسَنُوا، فَقَدْ حَرَّمَ اللهُ عليهِ الجَنَّةَ، وَمَأْوَاهُ النَّار.

وَهَذِهِ هِيَ المسأَلَةُ التِّي تَفَرَّقَ النَّاسُ منْ أَجْلِها بَيْنَ مُؤْمِنٍ وكَافِرٍ، وَعِنْدَهَا وَقَعَتِ العَدَاوَةُ، وَلأَجْلِهَا شُرِعَ الجِهَادُ، كَمَا قَالَ تَعالى: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ﴾ [الأنفال: ٣٩].

المسألة الثانية: أَنَّهُم مُتَفرِّقُونَ فِي دِينِهِم، كَمَا قَالَ تَعَالى: ﴿كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾[الروم: ٣٢].

وَكَذَلِكَ فِي دُنْيَاهُم، وَيَرَوْنَ أَنَّ ذَلِكَ هُوَ الصَّوَابُ، فَأَتَى بالاجْتِمَاعِ فِي الدِّينِ بِقَوْلِهِ: ﴿شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحاً وَالَّذِى أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾[الشورى: ١٣].

وَقَالَ تَعَالَى: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً لَسْتَ مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ﴾[الأنعام: ١٥٩].

وَنَهَانَا عَنْ مُشَابَهَتِهِمْ بِقَوْلِهِ: ﴿وَلا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ﴾[آل عمران: ١٠٥].

وَنَهَانَا عَنِ التَّفَرُّقِ فِي الدُّنْيَا بِقَوْلِهِ: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا﴾[آل عمران: ١٠٣].

المسألة الثالثة: أنَّ مُخالَفةَ وَليِّ الأمرِ وَعدمِ الانقيادِ لَهُ فَضيلةٌ، والسمعُ والطاعةُ لهُ ذُلٌّ وَمَهانَةٌ، فَخالَفَهُم رَسولُ اللهِ -صلى الله عليه وسلم-، وَأَمَرَ بِالسَّمعِ وَالطَّاعةِ لَهُمْ والنَّصيحةِ، وَغَلَّظَ في ذلكَ وَأَبْدَى وَأَعادَ.

وَهَذِهِ الثَّلاثُ هِيَ التي جَمَعَ بَينها فيما صَحَّ عنه في الصحيحِ أنه قال: « إنَّ اللَّهَ يَرْضَى لَكُمْ ثَلاثًا: أنْ تَعْبُدُوهُ ولا تُشْرِكُوا به شيئًا، وأنْ تَعْتَصِمُوا بحَبْلِ اللهِ جَميعًا ولا تَفَرَّقُوا، وأنْ تُناصِحوا مَنْ وَلَّاهُ اللهُ أَمْرَكُمْ». [رواه مسلم (١٧١٥) وأحمد (٨٥٨١) واللفظ له].

وَلَمْ يَقَعْ خَلَلٌ في دينِ الناسِ وَدنياهمْ إلا بِسببِ الإخلالِ في هذهِ الثلاثِ أو بعضِها.

المسألة الرابعة: أَنَّ دينَهُم مَبنِيٌّ على أصولٍ: أعظمُها التقليدُ، فهو القاعدةُ الكبرى لِجميعِ الكفارِ، أَوَّلِهم وَآخِرِهم، كما قال تعالى: ﴿وَكَذَلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِنْ نَذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُقْتَدُونَ﴾ [الزخرف: ٢٣].

وقال تعالى: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَى عَذَابِ السَّعِيرِ﴾ [لقمان: ٢١].

فَأتاهُم بقولِهِ: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُمْ بِوَاحِدَةٍ أَنْ تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَى وَفُرَادَى ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِكُمْ مِنْ جِنَّةٍ﴾ الآية [سبأ: ٤٦].

وقوله: ﴿اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلا تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ قَلِيلاً مَا تَذَكَّرُونَ﴾ **[الأعراف: ٣].**

المسألة الخامسة: أنَّ مِنْ أَكْبَرِ قَوَاعِدِهم: الاغترارَ بالأَكْثَرِ، وَيَحْتَجُّونَ بِهِ عَلَى صِحَّةِ الشَّيْءِ، وَيَسْتَدِلُّونَ عَلَى بُطْلَانِ الشَّيءِ بِغُرْبَتِهِ وَقِلَّةِ أَهْلِهِ، فَأَتَاهُمْ بِضِدِّ ذَلِكَ، وَأَوْضَحَهُ فِي غَيْرِ مَوْضِعٍ مِنَ القُرْآنِ .

المسألة السادسة: الاحْتِجَاجُ بالمُتَقَدِّمِينَ، كَقَوْلِهِ: ﴿قَالَ فَمَا بَالُ الْقُرُونِ الْأُولَى﴾ **[طه:٥١].**

وَقَوْلِهِ: ﴿مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي آبَائِنَا الْأَوَّلِينَ﴾ **[المؤمنون: ٢٤].**

المسألة السابعة: الاستدلالُ بِقومٍ أُعطُوا قُوًى في الأفهامِ والأعمالِ، وفي المُلكِ والمالِ والجَاهِ، فَرَدَّ اللهُ ذلكَ بِقولِهِ تعالى: ﴿وَلَقَدْ مَكَّنَاهُمْ فِيمَا إِنْ مَكَّنَّاكُمْ فِيهِ﴾ **[الأحقاف:٢٦].**

وَقولِهِ: ﴿كَانُوا مِنْ قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا فَلَمَّا جَاءَهُمْ مَا عَرَفُوا كَفَرُوا بِهِ﴾ **[البقرة: ٨٩].**

وَقولِهِ: ﴿يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ﴾ **[البقرة:١٤٦].**

المسألة الثامنة: الاسْتِدْلَالُ عَلَى بُطْلَانِ الشَّيْءِ بِأَنَّهُ لَمْ يَتَّبِعْهُ إِلاَّ الضُّعَفَاءُ، كَقَوْلِهِ: ﴿أَنُؤْمِنُ لَكَ وَاتَّبَعَكَ الْأَرْذَلُونَ﴾ **[الشعراء: ١١١].**

وَقَوْلِه: ﴿أَهَؤُلاءِ مَنَّ اللَّه عَلَيْهِمْ مِنْ بَيْنِنَا﴾ **[الأنعام: ٥٣]، فَرَدَّ اللهُ بِقَوْلِه:** ﴿أَلَيْسَ اللَّه بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ﴾ **[الأنعام: ٥٣].**

المسألة التاسعة: الاقْتِدَاؤُ بِفَسَقَةِ العُلَمَاءِ وَجُهَّالِ العُبَّادِ، فَأَتَى بِقَوْلِه: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيراً مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾ **[التوبة: ٣٤].**

وَقَوْلِه: ﴿لا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ وَلا تَتَّبِعُوا أَهْوَاءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا مِنْ قَبْلُ وَأَضَلُّوا كَثِيراً وَضَلُّوا عَنْ سَوَاءِ السَّبِيلِ﴾ **[المائدة: ٧٧].**

المسألة العاشرة: الاسْتِدْلاَلُ عَلَى بُطْلاَنِ الدِّينِ بِقِلَّةِ أَفْهَامِ أَهْلِه وَعَدَمِ حِفْظِهِمْ، كَقَوْلِهِمْ: ﴿بَادِيَ الرَّأْيِ﴾ **[هود: ٢٧].**

المسألة الحادية عشرة: الاسْتِدْلاَلُ بِالقِيَاسِ الْفَاسِدِ، كَقَوْلِهِمْ: ﴿إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُنَا﴾ **[إبراهيم: ١٠].**

المسألة الثانية عشرة: إِنْكَارُ القِيَاسِ الصَّحِيحِ، وَالجَامِعُ لَهَذَا وَمَا قَبْلَهُ: عَدَمُ فَهْمِ الجَامِعِ وَالفَارِقِ.

المسألة الثالثة عشرة: الغُلُوُّ فِي العُلَمَاءِ وَالصَّالِحِينَ، كَقَوْلِه: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ﴾ **[النساء: ١٧١].**

المسألة الرابعة عشرة: أَنَّ كُلَّ مَا تَقَدَّمَ مَبْنِيٌّ عَلَى قَاعِدَةٍ، وَهِيَ: النَّفْيِ وَالإِثْبَاتِ؛ فَيَتَّبِعُونَ الهَوَى وَالظَّنَّ، وَيُعْرِضُونَ عَمَّا جَاءَتْ بِهِ الرُّسُلُ.

المسألة الخامسة عشرة: اعتذارُهُم عَنِ اتِّباعِ ما آتَاهُمُ اللهُ بِعَدَمِ الْفَهْمِ، كَقولِهِ: ﴿وَقَالُوا قُلُوبُنَا غُلْفٌ﴾ **[البقرة: ٨٨].**

﴿يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيراً مِمَّا تَقُولُ﴾ **[هود: ٩١].**

فَأَكْذَبَهُمُ اللهُ، وبيَّنَ أنَّ ذلك بسببِ الطَّبْعِ على قلوبِهِم، وأنَّ الطبعَ بسببِ كُفرِهِم.

المسألة السادسة عشرة: اعْتِيَاضُهُمْ عَمَّا آتَاهُمُ اللهُ بِكُتُبِ السِّحْرِ، كَمَا ذَكَرَ اللهُ ذَلِكَ فِي قَوْلِهِ: ﴿وَلَمَّا جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِنْ عِنْدِ اللهِ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ كِتَابَ اللهِ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لا يَعْلَمُونَ ۞ وَاتَّبَعُوا مَا تَتْلُوا الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ﴾ **[البقرة: ١٠١-١٠٢].**

المسألة السابعة عشرة: نِسْبَةُ بَاطِلِهِمْ إِلَى الأَنْبِيَاءِ، كَقَوْلِهِ: ﴿وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ﴾ **[البقرة: ١٠٢].**

وَقَوْلِهِ: ﴿مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيّاً وَلا نَصْرَانِيّاً﴾ **[آل عمران: ٦٧].**

المسألة الثامنة عشرة: تَنَاقُضُهُمْ فِي الانْتِسَابِ؛ يَنْتَسِبُونَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ مَعَ إِظْهَارِهِمْ تَرْكَ اتِّبَاعِهِ.

المسألة التاسعة عشرة: قَدْحُهُمْ فِي بَعْضِ الصَّالِحِينَ بِفِعْلِ بَعْضِ الْمُنْتَسِبِينَ إِلَيْهِمْ؛ كَقَدْحِ اليَهُودِ فِي عِسى، وَقَدْحِ اليَهُودِ فِي عِيسى، وَقَدْحِ اليَهُودِ وَالنَّصَارَى فِي مُحَمَّدٍ -صلى الله عليه وسلم-.

المسألة العشرون: اعْتِقَادُهُمْ فِي مَخَارِيقَ السَّحَرَةِ وَأَمْثَالِهِمْ أَنَّهَا مِنْ كَرَامَاتِ الصَّالِحِينَ، وَنِسْبَتِهِ إِلَى الأَنْبِيَاءِ، كَمَا نَسَبُوهُ لِسُلَيْمَانَ -عَلَيْهِ السَّلاَمُ-.

المسألة الحادية والعشرون: تَعَبُّدُهُمْ بِالْمُكَاءِ والتَّصْدِيَةِ.

المسألة الثانية والعشرون: أَنَّهُمُ اتَّخَذُوا دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِباً.

المسألة الثالثة والعشرون: أَنَّ الحَيَاةَ الدُّنْيَا غَرَّتْهُمْ، فَظَنُّوا أَنَّ عَطَاءَ اللهِ مِنْهَا يَدُلُّ عَلَى رِضَاهُ، كَقَوْلِهِمْ: ﴿نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالاً وَأَوْلاداً وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ **[سبأ: ٣٥].**

المسالة الرابعة والعشرون: تَرْكُ الدُّخُولِ في الحق إذا سَبَقَهُم إليه الضُّعَفَاءُ: تَكَبُّرًا وَأَنَفَةً، فأنزلَ اللهُ تعالى: ﴿وَلا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ﴾ **الآيات [الأنعام: ٥٢].**

المسألة الخامسة والعشرون: الإستدلالُ على بُطلانِهِ بِسَبْقِ الضَّعفاءِ، كقولِه: ﴿لَوْ كَانَ خَيْراً مَا سَبَقُونَا إِلَيْهِ﴾ **[الأحقاف: ١١].**

المسألة السادسة والعشرون: تَحريفُ كِتابِ اللهِ مِنْ بَعدِ ما عَقَلُوْهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ.

المسألة السابعة والعشرون: تَصْنِيفُ الكُتُبِ البَاطِلَةِ وَنِسْبَتُهَا إِلَى اللهِ، كَقَوْلِهِ: ﴿فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ﴾ **[البقرة: ٧٩].**

المسألة الثامنة والعشرون: أَنَّهُمْ لاَ يَقْبَلُونَ مِنَ الحَقِّ إِلاَّ الَّذِي مَعَ طَائِفَتِهِمْ، كَقَوْلِهِ: ﴿قَالُوا نُؤْمِنُ بِمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا﴾ **[البقرة: ٩١].**

المسألة التاسعة والعشرون: أَنَّهُمْ مَعَ ذَلِكَ لاَ يَعْلَمُونَ بِمَا تَقُولُهُ طَائِفَتُهُمْ، كَمَا قَالَ تَعَالَى وَنَبَّهَ: ﴿قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنْبِيَاءَ اللهِ مِنْ قَبْلُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [البقرة: ٩١].

المسألة الثلاثون: وَهِيَ مِنْ عَجَائِبِ آيَاتِ الله: أَنَّهُمْ تَرَكُوا وَصِيَّةَ الله بالاجْتِمَاعِ، وَارْتَكَبُوا مَا نَهَى عَنْهُ مِنَ الافْتِرَاقِ، وَصَارَ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحِينَ.

المسألة الحادية والثلاثون: وَهِيَ مِنْ أَعْجَبِ الآيَاتِ أَيْضًا: مُعَادَاتُهُمُ الدِّينَ الَّذِي انْتَسَبُوا إِلَيْهِ غَايَةَ العَدَاوَةِ، وَمَحَبَّتُهُمْ دِينَ الكُفَّارِ -الذينَ عَادُوهُمْ وَعَادُوا نَبِيَّهُمْ وَفِئَتَهُمْ- غَايَةَ المَحَبَّةِ، كَمَا فَعَلُوا مَعَ النَّبِيِّ -صلى الله عليه وسلم-، لَمَّا أَتَاهُمْ بِدِينِ مُوسى -عَلَيْهِ السَّلاَمُ-، وَاتَّبَعُوا كُتُبَ السِّحْرِ، وَهِيَ مِنْ دِينِ آلِ فِرْعَوْنَ.

المسألة الثانية والثلاثون: كُفْرُهُمْ بِالحَقِّ إِذَا كَانَ مَعَ مَنْ لاَ يَهْوَوْنَه، كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ لَيْسَتِ النَّصَارَى عَلَى شَيْءٍ وَقَالَتِ النَّصَارَى لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَى شَيْءٍ﴾ [البقرة: ١١٣].

المسألة الثالثة والثلاثون: إِنْكَارُهُمْ مَا أَقَرُّوا أَنَّهُ مِنْ دِينِهِمْ، كَمَا فَعَلُوا فِي حَجِّ البَيْتِ، فَقَالَ تَعَالَى: ﴿وَمَنْ يَرْغَبُ عَنْ مِلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلَّا مَنْ سَفِهَ نَفْسَهُ﴾ [البقرة: ١٣٠].

المسألة الرابعة والثلاثون: إِنَّ كُلَّ فِرقَةٍ تَدَّعِي أَنَّها النَّاجِيَةُ، فَأَكْذَبَهُمُ اللهُ بقوله: ﴿قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ [البقرة: ١١١].

ثُمَّ بَيَّنَ الصَّوَابَ بِقَوْلِه: ﴿بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ﴾ **[البقرة: ١١٢].**

المسألة الخامسة والثلاثون: التَّعَبُّدُ بِكَشْفِ العَوْرَات، كقوله: ﴿وَإِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً قَالُوا وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا﴾ **[الأعراف: ٢٨].**

المسألة السادسة والثلاثون: التَّعَبُّدُ بتَحْرِيم الحَلاَلِ، كما تَعَبَّدوا بالشركِ.

المسألة السابعة والثلاثون: التَّعَبُّدُ باتِّخاذِ الأَحبارِ والرُّهبانِ أربَاباً منْ دونِ اللهِ.

المسألة الثامنة والثلاثون: الإِلْحَادُ في الصِّفاتِ، كَقَوْلِه تَعَالى: ﴿وَلَكِنْ ظَنَنْتُمْ أَنَّ اللَّهَ لا يَعْلَمُ كَثِيراً مِمَّا تَعْمَلُونَ﴾ **[فصلت: ٢٢].**

المسألة التاسعة والثلاثون: الإِلْحَادُ فِي الأَسْمَاءِ، كَقَوْلِهِ: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَنِ﴾ **[الرعد: ٣٠].**

المسألة الأربعون: التَّعْطِيلُ، كَقَوْلِ آلِ فِرْعَوْنَ.

المسألة الحادية والأربعون: نِسْبَةُ النَّقَائِصِ إِلَيْهِ سُبْحَانَهُ، كَالْوَلَدِ وَالحَاجَةِ وَالتَّعَبِ، مَعَ تَنْزِيهِ رُهْبَانِهِمْ عَنْ بَعْضِ ذَلِكَ.

المسألة الثانية والأربعون: الشِّرْكُ فِي المُلْكِ، كَقَوْلِ المَجُوسِ.

المسألة الثالثة والأربعون: جُحُودُ القَدَرِ.

المسالة الرابعة والأربعون: الاحْتِجَاجُ عَلَى اللهِ بِهِ.

المسألة الخامسة والأربعون: مُعَارَضَةُ شَرْعِ اللهِ بِقَدَرِهِ.

المسألة السادسة والأربعون: مَسَبَّةُ الدَّهرِ، كقولهم: ﴿وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ﴾ **[الجاثية: ٢٤].**

المسألة السابعة والأربعون: إِضَافَةُ نِعَمِ اللهِ إِلَى غَيْرِهِ، كَقَوْلِهِ: ﴿يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ اللَّهِ ثُمَّ يُنْكِرُونَهَا﴾ **[النحل: ٨٣].**

المسألة الثامنة والأربعون: الكُفْرُ بِآيَاتِ اللهِ.

المسألة التاسعة والأربعون: جَحْدُ بَعْضِهَا.

المسألة الخمسون: قَوْلُهُمْ: ﴿مَا أَنْزَلَ اللَّهُ عَلَى بَشَرٍ مِنْ شَيْءٍ﴾ **[الأنعام: ٩١].**

المسألة الحادية والخمسون: قَوْلُهُمْ فِي القُرْآنِ: ﴿إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ﴾ **[المدثر:٢٥].**

المسألة الثانية والخمسون: القَدْحُ فِي حِكْمَةِ اللهِ تَعَالَى.

المسألة الثالثة والخمسون: إِعْمَالُ الحِيَلِ الظَّاهِرَةِ والبَاطِنَةِ فِي دَفْعِ ما جاءت به الرُّسُلُ، كَقَوْلِهِ تَعَالَى عَنْهُم: ﴿وَمَكَرُوا وَمَكَرَ اللَّهُ﴾ **[آل عمران: ٥٤].**

وَقَولِهِ: ﴿وَقَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُوا بِالَّذِي أُنْزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُوا آخِرَهُ﴾ **[آل عمران: ٧٢].**

المسألة: الرابعة والخمسون: الإِقْرَارُ بالحَقِّ؛ لِيَتَوَصَّلُوا بِهِ إِلَى دَفْعِهِ، كَمَا قَال فِي الآيَةِ.

المسألة الخامسة والخمسون: التَّعَصُّبُ للمَذْهَبِ، كقوله تعالى: ﴿وَلا تُؤْمِنُوا إِلَّا لِمَنْ تَبِعَ دِينَكُمْ﴾ **[آل عمران: ٧٣].**

المسألة السادسة والخمسون: تَسْمِيَةُ اتِّباع الإسلامِ شِرْكاً، كَمَا ذَكَرَهُ في قولِهِ تعالى: ﴿مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا عِبَاداً لِي مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ **الآية [آل عمران: ٧٩].**

المسألة السابعة والخمسون: تَحْرِيفُ الكَلِمِ عَنْ مواضِعِهِ.

المسألة الثامنة والخمسون: لَيُّ الأَلْسِنَةِ بِالكِتابِ.

المسألة التاسعة والخمسون: تَلْقِيبُ أَهْلِ الهُدَى والصَّوابِ بالصَّابِئَة والحَشَوِيَّة.

المسألة الستون: افتراءُ الكَذِبِ على اللهِ.

المسألة الحادية والستون: التَّكذِيبُ بالحَقِّ.

المسألة الثانية والستون: كَوْنُهُم إِذَا غُلِبُوا بالحُجَّةِ، فَزَعُوا إلى الشَّكْوى لِلمُلوكِ، كما قالوا: ﴿أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ﴾ **[الأعراف: ١٢٧].**

المسألة الثالثة والستون: رَمْيُهُم إِيَّاهُم بالفسادِ في الأرضِ كما في الآيةِ.

المسألة الرابعة والستون: رَميهُم إياهُم بِانتِقاصِ دِينِ المَلِكِ، كما قال تعالى: ﴿وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ﴾ **[الأعراف: ١٢٧].**

وكما قالَ تعالى: ﴿إِنِّي أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ﴾. **الآية [غافر: ٢٦].**

المسألة الخامسة والستون: رَميهُم إِيَّاهُم بانتِقاصِ آلهةِ المَلِكِ كما في الآيةِ.

المسألة السادسة والستون: رَميهُم إيَّاهُم بتَبديلِ الدينِ، كما قال تعالى: ﴿إِنِّي أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ﴾ **[غافر: ٢٦].**

المسألة السابعة والستون: رَميُهُم إيَّاهُم بانتقاصِ المَلِكِ كقولِهم: ﴿وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ﴾ **[الأعراف: ١٢٧].**

المسألة الثامنة والستون: دَعْوَاهُمُ العَمَلَ بِمَا عِنْدَهُمْ مِنَ الحَقِّ كَقَوْلِهِ: ﴿نُؤْمِنُ بِمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا﴾ **[البقرة: ٩١]، مَعَ تَرْكِهِمْ إيَّاهُ.**

المسألة التاسعة والستون: الزِّيادَةُ في العبادةِ، كَفِعلِهِم يَومَ عاشوراءَ.

المسألة السبعون: نَقْصُهُم منها، كَتركِهِم الوُقُوفَ بِعَرَفاتٍ.

المسألة الحادية والسبعون: تَرْكُهُمُ الوَاجِبَ وَرَعًا.

المسألة الثانية والسبعون: تَعَبُّدُهُم بِتَرْكِ الطَّيِّباتِ مِنَ الرِّزقِ.

المسألة الثالثة والسبعون: تَعَبُّدُهُم بِتَرْكِ زِينَةِ اللهِ.

المسألة الرابعة والسبعون: دَعْوَتُهُمُ النَّاسَ إِلَى الضَّلَالِ بِغَيْرِ عِلْمٍ.

المسألة الخامسة والسبعون: دَعْوَتُهُمْ إيَّاهُمْ إِلَى الكُفْرِ مَعَ العِلْمِ.

المسألة السادسة والسبعون: المَكْرُ الكُبَّارُ، كفِعْلِ قوم نوحٍ.

المسألة السابعة والسبعون: إنَّ أئمَّتَهُم: إمَّا عالِمٌ فاجرٌ، وإمَّا عابدٌ جاهلٌ: كما في قوله: ﴿وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِنْ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَا بَعْضُهُمْ

إِلَى بَعْضٍ قَالُوا أَتُحَدِّثُونَهُمْ بِمَا فَتَحَ اللَّه عَلَيْكُمْ لِيُحَاجُّوكُمْ بِهِ عِنْدَ رَبِّكُمْ أَفَلا تَعْقِلُونَ أَوَلا يَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّه يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لا يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلَّا أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ﴾ [البقرة: ٧٥-٧٨].

المسألة الثامنة والسبعون: دَعوَاهُم أَنَّهُم أَولياءُ اللهِ مِنْ دونِ النَّاسِ.

المسألة التاسعة والسبعون: دَعواهُم مَحَبَّةَ اللهِ، مَعَ تَركِهِم شَرْعَهُ، فَطَالَبَهُمُ اللهُ بقولِهِ: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّه﴾ [آل عمران: ٣١].

المسألة الثمانون: تَمَنِّيهِمُ الأَمَانِيَّ الكَاذِبَةَ، كَقَوْلِهِمْ: ﴿لَنْ تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّاماً مَعْدُودَةً﴾ [البقرة: ٨٠].

وَقَوْلِهِمْ: ﴿لَنْ يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَنْ كَانَ هُوداً أَوْ نَصَارَى﴾ [البقرة: ١١١].

المسألة الحادية والثمانون: اتِّخَاذُ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ وَصَالِحِيهِم مَسَاجِدَ.

المسألة الثانية والثمانون: اتخاذُ آثارِ أنبيائِهم مساجدَ كما ذُكِرَ عَنْ عُمَرَ -رضي الله عنه-.

المسالة الثالثة والثمانون: اتَخاذُ السُّرُجِ على القُبُورِ.

المسالة الرابعة والثمانون: اتَخاذِها أعياداً.

المسالة الخامسة والثمانون: الذَّبْحُ عندَ القُبُورِ.

المسألة السادسة والثمانون: التَّبرُّكُ بآثارِ المُعَظَّمينَ، كَدارِ النَّدوَةِ، وَافتخارِ مَنْ كانتْ تَحْتَ يَدِه بذلك، كما قِيلَ لِحَكيمِ بنِ حِزامٍ: بِعْتَ مَكرُمَةَ قريشٍ؟! فقالَ: ذَهَبَتِ المَكارِمُ إلا التّقوى.

المسالة السابعة والثمانون: الفَخْرُ بالأَحسَابِ.

المسالة الثامنة والثمانون: الطَّعْنُ في الأَنسَابِ.

المسالة التاسعة والثمانون: الاستِسقاءُ بِالأَنواءِ.

المسالة التسعون: النِّياحَةُ.

المسألة الحادية والتسعون: أَنَّ أَجَلَّ فَضَائِلِهِمُ البَغْيُ، وَقَدْ ذَكَرَ اللهُ فيه مَا ذَكَرَ.

المسألة الثانية والتسعون: إَنَّ أَجَلَّ فَضَائِلِهِمُ الفَخْرُ وَلَوْ بِحَقٍّ، فَنُهِيَ عَنْهُ.

المسألة الثالثة والتسعون: أَنَّ تَعَصُّبَ الإِنْسَانِ لِطَائِفَتِه عَلَى الحَقِّ وَالبَاطِلِ، أَمْرٌ لاَبُدَّ مِنْهُ عَنْدَهُمْ، فَذَكَرَ اللهُ فيه مَا ذَكَرَ.

المسألة الرابعة والتسعون: أَنَّ مِنْ دِينِهِمْ: أَخْذَ الرَّجُلِ بِجَرِيمَةِ غَيْرِه، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿وَلا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ [فاطر: ١٨]

المسألة الخامسة والتسعون: تَعْيِيرُ الرَّجُلِ بِمَا فِي غَيْرِه، فَقَالَ: «أَعَيَّرْتَهُ بِأُمِّه؟! إِنَّكَ امْرُؤٌ فِيكَ جَاهِلِيَّةٌ» [رواه البخاري (٣٠) ومسلم (١٦٦١)].

المسألة السادسة والتسعون: الافْتِخَارُ بِوِلاَيَةِ البَيْتِ، فَذَمَّهُمُ اللهُ بِقَوْلِه: ﴿مُسْتَكْبِرِينَ بِهِ سَامِراً تَهْجُرُونَ﴾ [المؤمنون:٦٧].

المسألة السابعة والتسعون: الافْتِخَارُ بِكَوْنِهِمْ ذُرِّيَّةَ الأَنْبِيَاءِ، فَأَتَى اللهُ بِقَوْلِهِ: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ﴾ **[البقرة: ١٣٤].**

المسألة الثامنة والتسعون: الافْتِخَارُ بِالصَّنَائِعِ، كَفِعْلِ أَهْلِ الرَّحْلَتَيْنِ عَلَى أَهْلِ الحَرْثِ.

المسألة التاسعة والتسعون: عَظَمَةُ الدُّنْيَا فِي قُلُوبِهِمْ، كَقَوْلِهِمْ: ﴿وَقَالُوا لَوْلا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ﴾ **[الزخرف:٣١].**

المسألة المائة: التَّحَكُّمُ عَلَى اللهِ، كَمَا فِي الآيَةِ السَّابِقَةِ.

المسألة الحادية بعد المائة: ازْدِرَاءُ الفُقَرَاءِ، فَأَتَاهُمْ بِقَوْلِهِ: ﴿وَلا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ﴾ **[الأنعام: ٥٢].**

المسألة الثانية بعد المائة: رَمْيُهُمْ أَتْبَاعَ الرُّسُلِ بِعَدَمِ الإِخْلاَصِ، وَطَلَبِ الدُّنْيَا، فَأَجَابَهُمْ بِقَوْلِهِ: ﴿مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِمْ مِنْ شَيْءٍ﴾ **[الأنعام: ٥٢]، وَأَمْثَالُهَا.**

المسألة الثالثة بعد المائة: الكُفْرُ بالمَلاَئِكَةِ.

المسألة الرابعة بعد المائة: الكُفْرُ بالرُّسُلِ.

المسألة الخامسة بعد المائة: الكُفْرُ بالكُتُبِ.

المسألة السادسة بعد المائة: الإِعْرَاضُ عَمَّا جَاءَ عَنِ اللهِ.

المسألة السابعة بعد المائة: الكُفْرُ باليَوْمِ الآخِرِ.

المسألة الثامنة بعد المائة: التَّكْذِيبُ بِلِقَاءِ اللهِ.

المسألة التاسعة بعد المائة: التَّكْذِيبُ بِبَعْضِ مَا أَخْبَرَتْ به الرُّسُلُ عنِ اليومِ الآخِرِ، كما في قولِه: ﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ﴾ [الكهف: ١٠٥].

وَمِنها: التَّكذيبُ بِقولِه: ﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾ [الفاتحة: ٤].

وَقولِه: ﴿لا بَيْعٌ فِيهِ وَلا خُلَّةٌ وَلا شَفَاعَةٌ﴾ [البقرة: ٢٥٤].

وَقولِه: ﴿إِلَّا مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [الزخرف: ٨٦].

المسألة العاشرة بعد المائة: قَتْلُ الذينَ يَأمُرونَ بِالْقِسْطِ مِنَ الناسِ.

المسألة الحادية عشرة بعد المائة: الإيمانُ بِالجِبْتِ وَالطَّاغوتِ.

المسألة الثانية عشرة بعد المائة: تَفضيلُ دينِ المشركينَ على المسلمينَ.

المسألة الثالثة عشرة بعد المائة: لَبْسُ الحَقِّ بِالبَاطِلِ.

المسألة الرابعة عشرة بعد المائة: كِتْمَانُ الحَقِّ مَعَ العِلْمِ بِهِ.

المسألة الخامسة عشرة بعد المائة: قَاعِدَةُ الضَّلالِ، وَهِيَ: القَولُ عَلى اللهِ بِغيرِ عِلْمٍ.

المسألة السادسة عشرة بعد المائة: التَنَاقُضُ الواضِحُ، لَمَّا كَذَّبُوا بِالحَقِّ: كما قال تعالى: ﴿بَلْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ لَمَا جَاءَهُمْ فَهُمْ فِي أَمْرٍ مَرِيجٍ﴾ [ق: ٥].

المسألة السابعة عشرة بعد المائة: الإيمانُ بِبَعضِ المُنَزَّلِ دُونَ بَعْضٍ.

المسألة الثامنة عشرة بعد المائة: التَّفريقُ بَينَ الرُّسُلِ.

المسألة التاسعة عشرة بعد المائة: مُخَاصَمَتُهُم فِيما لَيْسَ لَهُم بِهِ عِلْمٌ.

المسألة العشرون بعد المائة: دَعواهُم اتِّباعَ السَّلَفِ مَعَ التَّصريحِ بِمُخالَفَتِهِم.

المسألة الحادية والعشرون بعد المائة: صَدُّهُم عَنْ سَبيلِ اللهِ مَنْ آمَنَ بِهِ.

المسألة الثانية والعشرون بعد المائة: مَوَدَّتُهُمُ الْكُفرَ وَالكافرينَ.

المسألة الثالثة والعشرون بعد المائة: العِيَافَة.

المسألة الرابعة والعشرون بعد المائة: الطَّرْقُ.

المسألة الخامسة والعشرون بعد المائة: الطِّيَرَة.

المسألة السادسة والعشرون بعد المائة: الكَهَانَة.

المسألة السابعة والعشرون بعد المائة: التَّحَاكُمُ إلى الطَّاغُوتِ.

المسألة الثامنة والعشرون بعد المائة: كَرَاهَة التَّزْوِيجِ بين العَبْدَيْنِ.

واللهُ أعلمُ، وَصَلَّى اللهُ على محمدٍ وَعلى آلِ محمدٍ وصَحْبِهِ وَسَلَّم.

❁❁❁❁❁

سەرەتای دەست پێ کردنی نامیلکەکە و ڕاڤەکردنی

هَذِهِ أمورٌ خالفَ فيها رسولُ اللهِ -ﷺ- ما عليهِ أهلَ الجاهليَّةِ الْكِتابِيِّينَ والْأُمِّيِّينَ، مِمَا لا غِنَى لِلْمسلمِ عنْ مَعْرِفَتِها.

فالضِّدُّ يُظهِرُ حُسنَهُ الضِّدُّ وبِضِدِّها تتبيّنُ الأشياءُ .

ئەمە چەند بابەتێکە کە پێغەمبەری خوا -ﷺ- تێیدا پێچەوانەی خەڵکی سەردەمی نەفامی کرد، لە شوێنکەوتەی کتێبەکان و نەخوێندەوارەکان، لەو بابەتانەی کەوا موسڵمان بێپێویست و بێنیاز نییە لە زانین و ناسینیان.

دژ و پێچەوانە، چاکیی و جوانی پێچەوانەکەی دەردەخات، هەروەها شتەکانیش بە دژ و پێچەوانەکەی دەردەکەون و ڕوون دەبنەوە.

ڕاڤەکردن

کاتێک دەڵێت ئەمە چەند بابەتێکە...: سوودی ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە شێخ هەموو بابەتەکانی نەهێناوە، بەڵکوو ویستوویەتی هۆشداری بدات دەربارەی گەورەترینیان و ترسناکترینیان، کەواتە ئەو نامیلکەیە هەموو باس و بابەتەکانی نەفامی لەخۆ نەگرتووە، بەڵکوو ترسناکترین و دیارترینیانی لەخۆ گرتووە.

مەبەست بە (أهلَ الجاهليَّةِ): ئەمە نیسبەتە بۆ لای جاهیل، جاهیلیش لە جەهل(نەزانی)یەوە وەرگیراوە، کەواتە مەبەست پێی: خەڵکی سەردەمی نەفامییە، پێشی هاتنی پێغەمبەر -ﷺ-. ئەوانەی کاتێک پێغەمبەر یان بۆ هات، ڕۆچووبوون لە نەفامی و ناڕەوا و گومڕاییدا.

بۆیە هەر کاروبارێکیش درابێتە پاڵ نەفامیی، ئەوە زەمکراوە و شتێکی خەراپە، ئێمەش ڕێگریمان لێ کراوە کە چاو لەوان بکەین، هەر بۆیەش خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى﴾ [٣].

واتە: وەکوو ئافرەتانی سەردەمی نەزانی و نەفامی پێشوو، جوانی خۆتان بۆ پیاوانی نامەحرەم دەرمەخەن، (کەواتە سفووری و خۆدانەپۆشین و دەرخستنی جوانی، پێشکەوتن نییە، بەڵکوو پیشەی ئافرەتانی سەردەمی نەزانی و نەفامی بووە لە پێش ئیسلامدا).

لێرەدا لە ئافرەتانی قەدەغەکرد کەوا جوانی خۆیان دەربخەن، لە دەرەوە و لە بازارەکاندا، وەکوو ئافرەتانی سەردەمی نەفامی، لەبەر ئەوەی ئەوان ئاوایان دەکرد.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ﴾ [٤].

واتە: کاتێ ئەوانەی بێباوەڕن(کافرانی مەککە)، دەمارگیرییان خستە دڵیانەوە کە دەمارگیری نەفامییە، کاتێک لە ڕێککەوتنامەکە نەیاننوسی (بسم الله الرحمن الرحيم، ومحمد رسول الله)، بەڵکوو نووسییان (باسمك اللهم، ومحمد بن عبدالله).

پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «مَن مَاتَ وَلَيسَ في عُنُقِهِ بَيْعَةٌ، مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً» [٥].

---

[٣] - [الأحزاب: ٣٣].

[٤] - [الفتح: ٢٦].

[٥] - أخرجه مسلم رقم (١٨٥٠).

واتە: هەر کەسێک بمرێت و بەیعەتی لە گەردەن نەبێت [بۆ خەلیفەی موسڵمانان]، ئەوە بە مردنێکی نەفامی دەمرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی خەڵکی سەردەمی نەفامی، خەڵکێکی گێرەشێوێن و بێ یاسا بوون و ملکەچی فەرمانڕەوا و کاربەدەستان نەدەبوون.

لە فەرموودەیەکی دیکەشدا فەرموویەتی: «أَرْبَعٌ في أُمَّتي مِن أَمْرِ الجاهليَّةِ لا يَتْرُكُونَهُنَّ: الفَخْرُ في الأَحْسابِ، والطَّعْنُ في الأَنْسابِ، والاسْتِسْقَاءُ بالنُّجُومِ، والنِّياحَةُ» [٦].

واتە: چوار ڕەوشت لە کردەوەی نەفامیین، ئێوە وازیان لێ ناهێنن: خۆهەڵکێشان و شانازیکردن بە ڕەچەڵەک و باب و باپیران، تانەدان لە نەژاد و ڕەچەڵکی خەڵکی، داواکردنی باران بەهۆی ئەستێرەکانەوە، شیوەن و لاواندنەوە لەسەر مردوو.

هەروەها کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لە پیاوێک[أبو ذَرّ] بوو، کە براکەی خۆی لەکەدار کرد بە دایکی و پێی گوت: ئەی کوڕی دایک ڕەش! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «أَعَيَّرْتَهُ بِأُمِّهِ؟ إِنَّكَ امْرُؤٌ فِيكَ جَاهِلِيَّةٌ» [٧]. واتە: ئەوە تانەت لێی دا بەهۆی دایکییەوە؟! بەڕاستی تۆ پیاوێکی ڕەوشتی نەفامیت تێدایە.

بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرینگ هەیە کە دەبێت ئاگەداری بین، ئەویش ئەوەیە کە دوای هاتنی پێغەمبەر -ﷺ-، (نەفامی گشتی و ڕەها) کۆتایی پێ هاتووە، چونکە ئیمان و زانست هات، قورئان دابەزی، زانست بڵاو بوویەوە و نەفامی گشتی نەما، بەڵام (نەفامی تایبەت و جوزئی) بوونی هەیە، واتە نەفامیی هەر دەمێنێتەوە،

---

[٦] - أخرجه مسلم رقم (٩٣٤).

[٧] - أخرجه البخاري رقم (٣٠، ٢٥٤٥، ٦٠٥٠)، ومسلم رقم (١٦٦١).

نەفامییەک تایبەت بە هێندێک وڵات و کۆمەڵگا و خەڵک. بۆیە دروست نییە بگوترێت خەڵکی هەمووی لە نەفامیدا دەژیێن، یان جیهان هەموو لە نەفامیدایە، یاخود نەفامی سەدەی بیستەم، بەو گشتێتیی و ڕەهاییە دروست نییە، بەڵکوو دەبێت تایبەت بکرێت و بگوترێت: فلانە وڵات و شار و تیرە و کۆمەڵگا نەفامی تێدایە، یان فلانە ڕەوشتیان نەفامییە، یاخود حوکم و یاساکەیان حوکم و یاسای نەفامییە.

مەبەستیش بە (الْكِتابِيِّينَ): ئەوانەن کەوا کتێبی تەورات و ئینجیلیان بۆ هات، واتە: جوولەکە و گاورەکان.

بۆیەش پێیان گوترا شوێنکەوتەی کیتاب؛ بۆ جیاکردنەوەیان بوو لەو بێباوەڕ و هاوبەش بڕیاردەرانەی کەوا خاوەنی کیتاب نەبوون.

هەروەها مەبەست لە وشەی (الأُمِّيِّينَ): کۆی وشەی (أُمِّيّ)ـە، واتە: ئەو کەسەی نە دەزانێت بنووسێت، نە دەشزانێت بخوێنێتەوە، مەبەست پێی عەرەبە هاوبەشبڕیاردەرە نەخوێندەوارەکانە، ئەوانەی کە پەیوەست نەبوون بە ئایینی جوولەکە و گاورەکان، ئەوانەی کەوا پێشی هاتنی قورئان، هیچ کتێبێکی ئاسمانییان لەلا نەبوو.

کاتێکیش دەفەرموێ: (لەو بابەتانەی کەوا موسڵمان بێپێویست و بێنیاز نییە لە زانین و ناسینیان). لەبەر ئەوەیە کە تووشی نەبێت و خۆی لێ بپارێزێت، کەواتە ناسینی ناڕەوا و خەراپە، دوو سودت پێ دەگەیەنێت:

یەکەم: وریابوون لەو ناڕەوا و خەراپەیە.

دووەم: جوانی و چاکیی حەقت پێ دەناسێنێت، چونکە جوانی شتەکان بە دژ و پێچەوانەکەی دەردەکەوێت، تاوەکوو تاریکی نەبینی، جوانی و پێویستی ڕووناکیت بۆ دەرناکەوێت، تا نەخۆشی نەبینی، نرخ و گەورەیی لەبساغیت بۆ دەرناکەوێت.

فَأَهَمُّ ما فيها وَأَشَدُّها خَطَرًا: عَدَمُ إِيمانِ الْقَلبِ بِما جاءَ بِهِ الرَّسولُ -ﷺ- ، فإنِ انْضافَ إلى ذلك اسْتِحسانُ ما عليه أهلُ الجاهليةِ تَمَّتِ الخَسَارةُ، كما قال تعالى: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا بِالْبَاطِلِ وَكَفَرُوا بِاللَّهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ [سورة العنكبوت: ٥٢].

ئێنجا گرینگترین و ترسناکترینی ئەو نەفامییانە: باوەڕ نەهێنانی دڵە بەو بەرنامەیەی کە پێغەمبەر -ﷺ- پێی هاتووە، جا ئەگەر بەچاکدانانی ئەو بەرنامەیەی هاتە پاڵ کەوا خەڵکی سەردەمی نەفامی لەسەری بوون، ئەوە زەرەرمەندییەکە تەواو دەبێت[واتە: خەراپە و تێکچوونەکە لە ڕووکەش و ناخەوە دێتەجێ]، هەروەکوو خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: {ئەو کەسانەیش کە باوەڕیان بە شتی پووچەڵ هێناوە و جگە لە خوای گەورە دەپەرستن و کوفریان بە خوای گەورە کردووە، ئا ئەو کەسانە خۆیان زەرەرمەندی ڕاستەقینەن لە ڕۆژی قیامەتدا}.

ڕاڤەکردن

ئەو بابەتەش چەند سوودێکی لێ وەردەگیرێت:

یەکەم: بابەتەکانی نەفامی هەموویان لە یەک پلەدا نییین، بەڵکوو جیاوازن و هێندێکیان لە هێندێکی دیکەیان گەورەتر و ترسناکترن، بۆیە هێندێکیان کوفری گەورەن و خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکەن، هێندێکیشیان لەخوار ئەوەن و گوناهی گەورەن.

دووەم: باوەڕ نەهێنان بەو بەرنامەیەی کە پێغەمبەر -ﷺ- پێی هاتووە، باوەڕنەهێنان بە هەموو بەرنامەکە دەگرێتەوە، هەروەها باوەڕنەهێنان بە هێندێکیشی دەگرێتەوە.

سێیەم: بەچاکدانانی ئەو بەرنامەیەی کە خەڵکی سەردەمی نەفامیی و بێباوەڕ لەسەرینە، دروست نییە، بەڵکوو نکوولّی لێ کردنی و بەخراپدانانی پێویستە.

*****

بابەتی یەکەم: پاڕانەوە لە دۆستانی خوا و پیاوچاکان

أَنَّهُم يتَعبَّدونَ بإشرَاك الصَّالحينَ في دُعاءِ اللهِ وعِبَادَتِهِ؛ يُريدُون شَفَاعتَهُم عِنْدَ اللهِ؛ لِظَنِّهِمْ أنَّ اللهَ يحُبُّ ذَلِكَ، وأنَّ الصَّالحين يحِبُّونَهُ، كما قالَ تعالَى: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللهِ مَا لا يَضُرُّهُمْ وَلا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللهِ﴾ [يونس: ١٨].

وَقالَ تعالَى: {وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى} [الزمر: ٣].

ئەوان[خەڵکی سەردەمی نەفامی] پەرستشیان دەکرد بە کردنە هاوبەشی پیاوچاکان لە پاڕانەوە لە خوای گەورە و پەرستنی[واتە: پیاوچاکانیان دەکردە هاوبەشی خوا، لە پاڕانەوە و پەرستنی]؛ تکاکردنی پیاوچاکانیان دەویست لەلای خوا؛ چونکە گومانیان وابوو کە خوای گەورە ئەو کارەی پێ خۆشە، هەروەها پیاوچاکانیش ئەو کارەیان پێ خۆشە، هەروەکوو خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: {ئەوان جگە لە خوای گەورە عیبادەتی کەسان و شتانێک دەکەن، کە نە زیانیان لێ لادەدەن و نە سوودیان پێ دەگەیەنن، چونکە سوود و زیان، تەنها بەدەست خوای گەورەیە، هەروەها دەڵێن: ئا ئەمانە لای خوای گەورە تکامان بۆ دەکەن}.

هەروەها فەرموویەتی: {ئەوانەیشی کە جگە لە خوای گەورە هەندێک ئەولیا و شتی تریان داناوە و دەیپەرستن، کە پێیان بڵێی بۆچی جگە لە خوای گەورە ئەمانە دەپەرستن، ئەوان دەڵێن: ئێمە دەزانین ئەمانە ئێمەیان دروست نەکردووە و ڕزقی ئێمە نادەن، بەڵام نایانپەرستین، تەنها بۆ ئەوە

نەبێ، کە لە خوای گەورە نزیکمان بکەنەوە و شەفاعەتمان بۆ بکەن. (خەڵکی ئەم سەردەمەیش کە دەچنە سەر دار و بەرد و گۆڕ و پەرستگاکان، کە پێیان بڵێیت بۆ ئەمانە دەپەرستن و عیبادەتیان بۆ دەکەن؟! هەمان گومانی هاوبەشبڕیاردەرانی سەردەمی نەزانی و نەفامی دێننەوە و دەڵێن ئێمە نایانپەرستین، تەنها بۆ ئەوە نەبێت لە خوامان نزیک بکەنەوە و شەفاعەتمان بۆ بکەن، قسە و نیەت و گومان و کرداریان یەکە و سزایشان یەک دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا)}.

ڕاڤەکردن

دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، سەرەتا دەستی بە باسکردنی ئەو بابەتە کرد؛ لەبەر ئەوەی یەکێکە لە بابەتە هەرە ترسناکەکان بەسەر خەڵکەوە، چونکە ئەگەر سەیری واقیعی خەڵکانێک بکەین، دەبینین شەیتان فێڵی لێ کردوون و تووشی فیتنەی کردوون، بەناوی خۆشەویستی پیاوچاکان و تەوەسسولەوە، کەوتوونەتە تۆڕی هاوبەشبڕیاردانەوە.

هەروەکوو چۆن خەڵکانی سەردەمی نەفامی پیاوچاکانیان دەپەرست، وەکوو گەلی نووح کە ئەو پێنج پیاوچاکەیان دەپەرست: (ود وسواع ویغوث ویعوق ونسر)، یان هاوبەشبڕیاردەرانی قوڕەیش کە (لات و عوززا و مەنات و هوبەل)یان دەپەرست، بەهەمان شێوەش لە ئێستادا خەڵکانێک پێغەمبەران و پیاوچاکان دەپەرستن، بەبیانووی ئەوەی کە ئەمانە لەخوایان نزیک دەکەنەوە.

بۆیە ئەگەر سەیرێکی واقیعی خەڵکی بکەین، دەبینین ئەو سیفەتەی سەردەمی نەفامی تا ئێستا لەناو هێندێک کەسدا ماوە، دەچنە لای گۆڕەکان و لێیان دەپارێنەوە و داوای هاوکاری و کۆمەکییان لێ دەکەن.

وَهَذِهِ أَعْظَمُ مَسْأَلَةٍ خالَفَهُمْ فِيهَا رَسُولُ اللهِ -صلى الله عليه وسلم-، فَأَتَى بالْإِخْلَاصِ، وَأَخْبرَ أَنَّهُ دِينُ اللهِ، الذِي أَرْسَلَ بِهِ جَمِيعَ الرُّسُلِ، وَأَنَّهُ لا يَقْبَلُ مِنَ الْأَعْمَالِ إِلاَّ الخَالصَ، وَأَخْبرَ أَنَّ مَنْ فَعَلَ مَا اسْتَحْسَنُوا، فَقَدْ حَرَّمَ اللهُ عليهِ الجَنَّةَ، وَمَأْواهُ النَّارُ.

وَهَذِهِ هِيَ المسأَلَةُ التِّي تَفَرَّقَ النَّاسُ منْ أَجْلِها بَيْنَ مُؤْمِنٍ وَكَافِرٍ، وَعِنْدَهَا وَقَعَتِ العَدَاوَةُ، وَلِأَجْلِهَا شرُعَ الجِهَادُ، كَمَا قَالَ تَعالى: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ﴾ [الأنفال: ٣٩].

ئەمەش گەورەترین بابەتە، کە پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم-، تێیدا پێچەوانەی خەڵکی سەردەمی نەفامی کرد، بۆیە ئیخڵاس و دڵسۆزی بۆ خوا لە پەرستشەکاندا هێنا، هەروەها پێغەمبەر هەواڵیشی دا کەوا ئیخڵاس ئایینی خوایە، ئەوەی کەوا هەموو پێغەمبەرانی پێ ناردووە، هیچ کردەوەیەکیش قەبووڵ ناکات، تەنها ئەوە نەبێت کە بە دڵسۆزی بۆ ئەو ئەنجام درابێت، هەروەها هەواڵی داوە کە هەر کەسێک ئەو کارە بکات، کەوا ئەوان بە چاکیان دانابوو، ئەوە بە دڵنیایی خوای گەورە بەهەشتی لەسەر قەدەغە دەکات و جێگاشی ئاگری دۆزەخ دەبێت. هەروەها ئەمەش بریتییە لەو بابەتەی کە خەڵکی لەپێناویدا جیا بوونەوە لەنێوانی باوەڕدار[ئەو کەسەی بە تەنها و بە دڵسۆزی خوا دەپەرستێت] و بێباوەڕ[ئەو کەسەی هاوبەشی بۆ خوا بڕیار داوە]، هەر بەهۆی ئەو بابەتەشەوە دوژمنایەتی هاتە کایەوە و ڕوویدا، لەپێناو ئەو بابەتەشدا جیهاد داندرا، هەروەکوو خوای گەورە فەرموویەتی: {ئێوە کوشتاری کافران بکەن؛ بۆ بنبڕکردنی شیرک و

کوفر و تا فیتنە واتە: شیرک و کوفر بڵاو نەبێتەوە، هەروەها تاوەکوو عیبادەت هەر هەمووی بۆ خوا بێت و بە تاک و تەنها خوای گەورە بپەرستێ و شەریک بۆ خوای گەورە دانەنرێت}.

ڕاڤەکردن

گەورەترین بابەت کە پێغەمبەری خوا پێچەوانەی خەڵکی سەردەمی نەفامی کرد تێیدا، بابەتی هاوبەشبڕیاردان بوو، بۆیە ئەو لەجیاتی هاوبەشبڕیاردان و چەند خوا پەرستی، یەکخواپەرستی و ئیخڵاسی هێنا، واتە: ئەنجامدانی پەرستنەکان بەتەنها و بە دڵسۆزی بۆ خوا، وازهێنان لە پەرستنی جگە لە خوای گەورە، ئەمەش بەرنامە و ڕێبازی هەموو پێغەمبەران بووە، هەروەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾ [٨].

واتە: لەپێش تۆیشدا ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە، ئیلا وەحیمان بۆی ناردووە، کە هیچ پەرستراوێک بە حەق نییە شایەنی پەرستن بێ، جگە لە زاتی پیرۆزی (الله) کە تاک و تەنها و بێ شەریکە؛ بۆیە بەتاک و تەنها عیبادەتی من بکەن.

بۆیە خوای گەورە ئەو کردەوەیە وەرناگرێت، کە بەتەنها بۆ ئەو نەبێت و شیرک و ڕیایی تێدا بێت، هەروەکوو دەفەرموێ: ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ﴾ [٩].

---

[٨] - [الأنبياء: ٢٥].

[٩] - [البينة: ٥].

واتە: ئەهلی کیتاب فەرمانیان پێ نەکرابوو، تەنها بەوە نەبێ کە بەتاک و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن، بە ئیخلاس و دڵسۆزی و نیازپاکییەوە و شەریکی بۆ دانەنێن.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا﴾ [١٠].

واتە: جا هەر کەسێک بە ئومێدی گەیشتنە بە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت بە سەری بەرز و بە ڕووی سپی کە باوەڕدارانن، با لە دونیادا کردەوەی چاک بکەن، (واتە: لەسەر سوننەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت و بیدعە نەبێت)، هەروەها لەکاتی عیبادەتکردنیش بۆ پەروەردگاری، هیچ کەسێک نەکاتە شەریک بۆ خوای گەورە، (واتە: بۆ ڕیایی نەبێت و بە ئیخلاس و دڵسۆزییەوە کردەوەکانی بۆ خوای گەورە ئەنجام بدات).

لە فەرموودەیەکی قودسیشدا هاتووە: عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- مَرْفُوعًا: «قَالَ اللهُ تَعَالَىٰ: أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ، مَنْ عَمِلَ عَمَلًا، أَشْرَكَ مَعِي فِيهِ غَيْرِي، تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ» [١١].

واتە: لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە بە مەڕفووعی[واتە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی]: "خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: من دەوڵەمەندترین و بێپێویستترینی هاوبەشەکانم لە هاوبەشم بۆ دانان، بۆیە هەر کەسێک کردەوەیەک بکات و لەو کردەوەیەدا لەگەڵ من کەسێکی دیکە بکاتە هاوبەشم، ئەوا واز لە خۆی و ئەو کردەوەیەش دێنم کە

---

[١٠] - [الكهف: ١١٠].

[١١] - أخرجه مسلم برقم (٢٩٨٥)، وأحمد (٢/٣٠١، ٤٣٥)، وابن ماجه برقم (٤٢٠٢)، وابن خزيمة برقم (٩٣٨).

هاوبەشی تێدا بڕیار داوە".

لەو شوێنەش کە دەڵێت: "هەواڵی داوە کە هەر کەسێک ئەو کارە بکات، کەوا ئەوان بە چاکیان دانابوو[لەو پەرستشە پووچ و هاوبەشانەی کەوا بۆ خوایان بڕیار دابوو]، ئەوە بە دڵنیایی خوای گەورە بەهەشتی لەسەر قەدەغە دەکات و جێگاشی ئاگری دۆزەخ دەبێت". ئەمە قورئان و سوننەت بەڵگەیە لەسەری، هەروەکوو خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾ [١٢].

واتە: هەر کەسێک هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار بدات، ئەوە خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات و شوێنی ئەو ئاگری دۆزەخە، هەروەها ئەو کەسە ستەمکار و موشریکانە، هیچ کەسێک نییە کە پشتیوانیان بێ و لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان بکات.

پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: «مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَدْعُو لله نِدًّا: دَخَلَ النَّارَ» [١٣].

واتە: هەر کەسێک بمرێت لەکاتێکدا هاوتای بۆ خوا دانابێت و هاواری کردبێتێ، ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە.

لەو شوێنەشدا کە دەڵێت: "هەر بەهۆی ئەو بابەتەشەوە دوژمنایەتی هاتە کایەوە و ڕوویدا". مەبەست پێی دوژمنایەتییە لەنێوانی پێغەمبەر و شوێنکەوتووانی لەگەڵ هاوبەشبڕیاردەر و بێباوەڕەکان، چونکە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بانگی کردن بۆ ئەوەی واز لە پەرستنی خواکانی خۆیان بێنن و بەتەنها و بەدڵسۆزی خوای گەورە بپەرستن، پێی گوتن: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ، قُولُوا: لَا

---

[١٢] - [المائدة: ٧٢].

[١٣] - أخرجه البخاري برقم (٤٤٩٧)، وأخرجه مسلم برقم (٩٢) بلفظ: "من مات يشرك بالله شيئاً دخل النار".

إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ؛ تُفْلِحُوا»[١٤]. واتە: ئەی خەڵکینە! بڵێن هیچ خوایەک بە حەق شایستەی پەرستن نییە، جگە لە (اللە)، سەرکەوتوو و سەرفراز دەبن.

کەچی ئەوان گوتیان: ﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾[١٥].

واتە: ئایا ئەم هەموو خوایەی کە ئێمە هەمانە، هەمووی کردووە بە یەک خوا و دەڵێ: تەنها خوایەک بپەرستن؟! بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر سەیر و سەرسوڕهێنەرە!

کەواتە هەر دەبێت ڕقلێبوونەوە و دوژمنایەتی لەگەڵ هاوبەشبڕیاردەرەکاندا دروست ببێت.

شێخ فەوزان دەڵێت: "بەرانبەر بە بێباوەڕەکان، سێ شت لەسەرمان پێویستە:

یەکەمیان: ڕقلێبوونەوە و دوژمنایەتی کردنیان؛ چونکە ئەوان دوژمنی خوای گەورە و پێغەمبەرن -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

دووەمیان: بانگکردنیان بۆ باوەڕهێنان و شوێنکەوتنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

سێیەمیان: جیهادکردن لە دژیان، ئەگەر بانگکران بۆ لای ئیسلام و ڕازی نەبوون و نەبوونە موسڵمان.

*****

[١٤] - رواه أحمد (١٦٠٢٣)، وابن حبان (٦٥٢٨)، والدراقطني (١٨٦) وغيرهم.

[١٥] [البينة: ٥].

بابەتی دووەم: پارچە پارچەیی و پەرتەوازەیی و جیاجیایی خەڵکی سەردەمی نەفامی لە پەرستش و ئایینیان

أَنَّهُم مُتَفرِّقُونَ فِي دِينِهِم، كَمَا قَالَ تَعَالى: ﴿كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾[الروم: ٣٢].

وَكَذَلِكَ فِي دُنيَاهُم، وَيَرَوْنَ أَنَّ ذَلِكَ هُوَ الصَّوَابُ، فَأَتى بالاجْتِمَاع فِي الدِّينِ بِقَوْلِهِ: ﴿شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحاً وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾[الشورى: ١٣].

وَقَالَ تَعَالَى: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾[الأنعام: ١٥٩].

خەڵکی سەردەمی نەفامی پارچە پارچە و پەرتەوازە بوون لە ئایینەکەیاندا، هەروەکوو خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: {هەموو حیزب و کۆمەڵێکیش دڵخۆشە بەو مەنهەجەی کە لەسەریەتی و وادەزانێ لەسەر حەقە، لە کاتێکدا لەسەر حەقیش نییە (تەنها ئەهلی سوننە و جەماعە لەسەر حەقن و کۆمەڵی ڕزگار بوون، کە دەستگرتوون بە قورئان و سوننەت و ئەوەی کە هاوەڵان و شوێنکەوتوان و پێشینە و پێشەوایان لەسەرین لە کۆن و تازەدا)}.

بەهەمان شێوە لە دونیاشیاندا پەرتەوازە و جیا جیا بوون، پێشیان وابوو کەوا ئەمە بڕیتییە لە حەق و ڕاستی، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆبوونەوە لە ئایینی هێنا، بەو وتەیەی خوا کە فەرموویەتی: {خوای گەورە

تەشریع و یاسای بۆ ئێوە داناوە لەم دینەدا و وەسیەت و ئامۆژگاری بۆ نووح پێغەمبەر کردووە بە یەکخواپەرستی و ئەوەشی کە بەوەحی بۆ تۆمان ناردووە، هەروەها ئەوەی کە ئامۆژگاری ئیبڕاهیم و مووسا و عیسامان پێکردووە، کە لە تەوحید دا هەموویان یەک بوونە، ئامۆژگاری بۆ هەر هەموویان ئەوە بووە کە دینی خوای گەورە بڵاو بکەنەوە و جێگیر و دامەزراوی بکەن، بەڵام تەفرەقە و پەرتەوازەیی و پارچە پارچەیی لە دیندا دروست مەکەن}.

هەروەها فەرموویەتی: {ئەو کەسانەی کە دینەکەیان بەش بەش و پارچە پارچە کردووە، کە مەبەست جوولەکە و گاور و موشریکانە، هەروەها مەبەست هەموو ئەهلی بیدعەشە لە ئوممەتی ئیسلام کە بوونە بە چەند گرووپ و حیزب و کۆمەڵێکەوە، ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- تۆ لەوان نیت و تۆ بەریت لەوان و لە کردەوەی ئەوان، لە تەفرەقە و پارچە پارچەییدا}.

﴿ راڤەکردن ﴾

خەڵکی سەردەمی نەفامی پەرتەوازە و جیا جیا بوون؛ چونکە هیچ شتێک نەبوو کەوا کۆیانبکاتەوە، بیروباوەڕەکەیان بەتاڵ و پووچ بوو، پەرستشەکانیان بەتاڵ بوو، شتێکی زانراویشە بەتاڵ ناتوانێت کۆیان بکاتەوە، بەڵکوو ئەوەی کە دەتوانێت کۆیانبکاتەوە و یەکگرتوویان بکات، بریتییە لە ڕێگەی حەق و هیدایەت، هەر بۆیەش بە ئەهلی حەق گوتراوە: ئەهلی جەماعە، بە ئەهلی بەتاڵیش گوتراوە: ئەهلی تەفرەقە؛ لەبەر ئەوەی بەتاڵ، شوێنکەوتەکانی پەرتەوازە و بەش بەش دەکات.

کەوابوو خەڵکی سەردەمی نەفامی ئاوا بوون، هەروەکوو خوای گەورە باسیان دەکات: ﴿تَحۡسَبُهُمۡ جَمِيعٗا وَقُلُوبُهُمۡ شَتَّىٰ﴾ [١٦].

واتە: تۆ وا دەزانی کە ئەوان کۆ و پێکەوەن، لە کاتێکدا دڵیان جیایە.

بیروباوەڕیان جیا جیا بوو، چەندان شتیان دەپەرست، هەیانبوو خۆری دەپەرست، هەیانبوو مانگی دەپەرست، هەیانبوو دار و بەردی دەپەرست، هەیانبوو مەلائیکەتی دەپەرست، هەیانبوو بتی دەپەرست، هەشیانبوو پیاوچاکانی دەپەرست، بۆیە خۆشیان جیاواز و پەرتەوازە بوون، شەڕ و دوژمنایەتی لەنێوانیاندا سەری هەڵدا، فیتنە لەنێوانیاندا دروست بوو، خوێنی یەکتریان ڕشت، مااڵی یەکتریان حەاڵاڵ کرد، ئەمەش هەمووی بەهۆی پشتهەڵکردنیان بوو لە ڕێگەی ڕاست؛ چونکە ڕێگەی ڕاست، دڵە لێکدوورەکان لەیەک نزیک دەکاتەوە.

بۆیەش خوای پەروەردگار ڕێگریمان لێ دەکات کە وەکوو ئەوان بین و دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَكُونُواْ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ۝ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗاۖ كُلُّ حِزۡبِۭ بِمَا لَدَيۡهِمۡ فَرِحُونَ﴾ [١٧].

واتە: ئێوە لەو کەسانە مەبن و وەک ئەو کەسانە مەبن کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە. لەوانەی کە دینەکەی خۆیان پارچە پارچە کردووە و بوونە بە کۆمەڵ کۆمەڵ و گرووپ گرووپ، لە ئەهلی کیتاب و ئەهلی بیدەع و ئەهلی ئەهواء، هەموو حیزب و کۆمەڵێکیش دڵخۆشە بەو مەنهەجەی کە لەسەریەتی و وادەزانێ لەسەر حەقە، لە کاتێکدا لەسەر حەقیش نییە (تەنها ئەهلی سوننە و جەماعە لەسەر حەقن و کۆمەڵی ڕزگار بوون، کە دەستگرتوون بە قورئان و سوننەت و

---

[١٦] - [الحشر: ١٤].

[١٧] - [الروم: ٣١-٣٢].

ئەوەی کە هاوەڵان و شوێنکەوتوان و پێشینە و پێشەوایان لەسەرین لە کۆن و تازەدا).

ئینجا ئەو پەرتەوازەییەشیان تەنها لە ئایینداا نەبوو، بەڵکوو هەتا لە کاروباری دونیاشیاندا جیا جیا و پەرتەوازە بوون، هەروەکوو شێخ باسیان دەکات، بەڵێ، ئەوان هیچ شتێک کۆی نەدەکردنەوە، هەر تیرە و هۆزێک حوکمی خۆی دەکرد و خوێن و ماڵی هۆزەکەی دیکەی بە حەڵاڵ دەزانی، بۆیە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەناویاندا بڵاو بوو، بەردەوام خەریکی جەنگکردن بوون لەگەڵ یەکتری، بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر یەکتری، چونکە ئەو کەسەی دین لە دەست بدات، دونیاش لە دەست دەدات، پێشیان وابوو کە ئەمە حەق و ڕاستە و دڵخۆشیش بوون پێی و بە باشیشیان دەزانی، وەکوو خوا دەفەرموو: ﴿كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ (١٨).

بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بە بەرنامەی کۆبوونەوە لە ئایین، واتە کۆیکردنەوە و یەکگرتووی کردن، کردنی بە برا و خۆشەویستی یەکتری، ئەو شەڕ و ناکۆکییەی نێوانیانی نەهێشت.

هەروەها یەکێک لە گەورەترنی ئەو شتانەی کە بانگەوازی بۆ دەکرد: کۆبوونەوە بوو لەسەر یەک ئایین و یەک بیروباوەڕ و پەرستنی یەک خوا، هەروەها دوورکەوتنەوە بوو لە تەفرەقە. هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ﴾ (١٩).

---

(١٨) - [الروم: ٣٢].

(١٩) - [آل‌عمران: ١٠٣].

واتە: ئێوە هەر هەمووتان دەست بگرن بە حەبل و پەتی خوای گەورەوە، واتە: بە دینی خوا و بە ئیسلام و بە قورئان، بەڵام تەفرەقە مەکەن و پارچە پارچە و بەش بەش و پەرتەوازە مەبن.

کەواتە کۆبوونەوە نایێتەجێ، ئیللا لەسەر بنەمای ئایین نەبێت.

*****

وَنَهَانَا عَنْ مُشَابَهَتِهِمْ بِقَوْلِهِ : ﴿وَلا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ﴾ [آل عمران: ١٠٥].

وَنَهَانَا عَنِ التَّفَرُّقِ فِي الدُّنيا بِقَوْلِهِ: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا﴾ [آل عمران: ١٠٣].

هەروەها ڕێگریشی لێ کردووین لە خوێچواندن پێیان، بەو وتەیەی کە فەرموویەتی: {ئێوەی موسڵمان وەک ئەو کەسانە مەبن کە تەفرەقەیان کرد، واتە: جوولەکەو گاور کە دینەکەیان پارچە پارچە کرد و بوونە بەش بەش و جیاوازیی و ناکۆکیی کەوتە نێوانیانەوە، لە دوای ئەوەی کە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایان لەلایەن خوای گەورەوە بۆ هات}.

هەروەها ڕێگریشی لێ کردووین لە پەرتەوازەیی و بەش بەشی لەپێناو دونیادا، بەو وتەیەی کە فەرموویەتی: {ئێوە هەر هەمووتان دەست بگرن بە حەبل و پەتی خوای گەورەوە، واتە: بە دینی خوا و بە ئیسلام و بە قورئان، بەڵام تەفرەقە مەکەن و پارچە پارچە و بەش بەش و پەرتەوازە مەبن}.

ڕاڤەکردن

واتە: خوای گەورە ڕێگری لێ کردووین لە خوێچووواندن پێیان لەو پەرتەوازەیی و جیا جیاییەی کە لەسەری بوون، ئاگەداری کردینەوە کەوا وەکوو ئەوان نەبین و لەسەر کاروباری دونیا و لەپێناو دونایادا پەرتەوازە نەبین، بەڵکوو کۆ ببینەوە و یەک دەست و یەکگرتوو بین، بۆیە نابێت موسڵمانان لەپێناو دونیایەک پەرتەوازە ببن، کەوا شایەنی ئەوە نییە و ئەوەندە ناهێنێت، ئەو دونیایەی کەوا

هەموویان بەجێی دەهێڵن، نابێت ببێتە هۆکاری پەرتەوازەیی و ئاژاوە لەنێوانیاندا. چەند فەرموودەیەکیش هاتووە کە ڕێگری لەوە دەکات، موسڵمان زیاتر لە سێ ڕۆژ قسە لەگەڵ براکەی خۆی نەکات، لەپێناو کاروبارێکی دونیاییدا.

*****

بابەتی سێیەم: سەرپێچی کردنی کاربەدەستانیان، بە کارێکی چاک دادەنا و گوێرایەڵی کردن و ملکەچ بوونیش بۆی، بە ڕیسوایی و سەرشۆڕی و نەنگی دادەنا

أَنَّ مخَالَفَةَ وَلِيِّ الأَمرِ وَعدمِ الانقيادِ لَهُ فَضيلةٌ، والسمعُ والطاعةُ لهُ ذُلٌّ وَمَهانَةٌ، فَخالَفَهُم رَسولُ اللهِ -صلى الله عليه وسلم-، وَأَمَرَ بِالصَّبرِ على جَورِ الوُلاةِ، وَأَمَرَ بِالسَّمعِ وَالطَّاعةِ لَهُمْ والنَّصِيحةِ، وَغَلَّظَ في ذلكَ، وَأَبْدَى وَأَعادَ.

وَهَذِهِ الثَّلاثُ هِيَ التي جَمَعَ بينَها فيما صَحَّ عنه في الصحيحِ أنه قال: «إِنَّ اللَّهَ يَرْضَى لَكُمْ ثَلاثًا: أَنْ تَعْبُدُوهُ ولا تشرِكُوا به شيئًا، وأَنْ تَعْتَصِمُوا بحَبْلِ اللهِ جَمِيعًا ولا تَفَرَّقُوا، وأَنَ تناصِحوا مَنْ وَلَّاهُ اللهُ أَمْرَكُمْ». [رواه مسلم (١٧١٥) وأحمد (٨٥٨١) واللفظ له].

وَلَمْ يَقَعْ خَلَلٌ في دينِ الناسِ وَدنياهمْ إلا بِسببِ الإخلالِ في هذهِ الثلاثِ أو بعضِها.

سەرپێچیکردنی کاربەدەست و گوێرایەڵی نەکردن و ملکەچ نەبوون بۆی، کارێکی چاک بوو، بیستنی فەرمانەکانی و گوێرایەڵی کردنیشی، ڕیسوایی و سەرشۆڕی و نەنگیی بوو، بەڵام پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم-، سەرپێچی و پێچەوانەی ئەوانی کرد و فەرمانی بە ئارامگرتن کرد لەسەر ستەمی کاربەدەستەکان، هەروەها فەرمانی بە بیستن و گوێرایەڵی و ئامۆژگاری کردنیان کرد، هەروەها تۆندیش بوو لەسەر ئەو بابەتە و ڕوونی کردەوە و

دووبارەی کردەوە.

ئەو سێیانەش، بریتیین لەو سێ سیفەتەی کەوا لەو فەرموودە سەحیحەدا کۆی کردوونەتەوە و فەرموویەتی: "بێگومان خوای گەورە بە سێ شت بۆ ئێوە ڕازییە: بیپەرستن و هیچ شتێک نەکەنە هاوبەشی، هەمووتان دەست بگرن بە پەتی خوا و پەرتەوازە نەبن، هەروەها ئامۆژگاری ئەو کەسەش بکەن کە خوا کردوویەتی بە کاربەدەستتان و دڵسۆز بن بۆی و گوێڕایەڵی بکەن".

کەم و کوڕیش لە ئایین و دونیای خەڵکی ڕووی نەداوە، ئیللا بەهۆی زیان گەیاندن و تێکدانی ئەو سێ سیفەتە نەبێت، یان هێندێکیان[ئەو سێ شتەی کە لە فەرموودەکەدا باس کرا].

ڕاڤەکردن

خەڵکی سەردەمی نەفامی، گوێڕایەڵ نەبوون و ملکەچ نەبوون بۆ کاربەدەستیان بە کارێکی چاک و پیاوەتی و سەربەرزی دادەنا، پێیان وابوو لەوە گەورەترن کە گوێڕایەڵی کەسێکی دیکە بکەن.

سەیرکە لێرەدا بەشێک لە ئەهلی کیتاب گوتیان: ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ ٱلْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِٱلْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ ٱلْمَالِ﴾ [٢٠].

واتە: چۆن دەبێ ئەو ببێ بە پاشا بەسەر ئێمەوە، لە کاتێکدا کە ئێمە لەو شایستەترین بەپادشایی، هەروەها سەروەت و سامانیشی زۆر نییە و دەوڵەمەند نییە.

---

[٢٠] - [البقرة: ٢٤٧].

بۆیە ئەوان لەکاتی بوونی بچووکترین هۆکار، لووتبەرزی و خۆبەگەورەزانی دەیانگرێ و گوێڕایەڵ نابن و شانازیشی پێوە دەکەن. یەکێک لەوان دەیگوت: من چۆن ئاوا بە زەلیلی بمێنمەوە و ملکەچ بم، چۆن فلانە کەس ئەمیری من بێت؟! من خۆم ئەمیری خۆمم! بۆیە ئەوە بارودۆخیان بوو پێشەوایان نەبوو، ئەگەر هەشیانبایە گوێڕایەڵیان نەدەکرد.

ئەمەش وای کردبوو کە کاروباریان هەمووی فەوزا و بێسەروبەر بێت و هەمیشە لە کێشە و ناکۆکی و جەنگدا بن، چونکە کاروبار و بەرژەوەندیی خەڵکی بەوە ڕێک دەبێت کە کۆببنەوە و کاربەدەستێکیان هەبێت و گوێڕایەڵی بکەن لە چاکەدا.

بەڵام ئیسلام هات پێچەوانەی ئەو سیفەتە نەفامییەی کرد و فەرمانی بە گوێڕایەڵی کاربەدەستی موسڵمان کرد، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ﴾ [٢١].

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە، گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکەن، پاشانیش گوێڕایەڵی ئەو کاربەدەست و فەرمانڕەوایانە بن کەوا لە خۆتانن. (چ فەرمانڕەوایان و چ زانایان هەردووکی دەگرێتەوە لە چاکەدا، بەڵام لە خراپە و تاواندا گوێڕایەڵی بۆ کەس نییە.

بۆیە گوێڕایەڵی کردنی کاربەدەستی موسڵمانان لە چاکەدا پێویستە و سەرپێچی کردنیشی تاوانە.

هەروەها پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- لەو کارە نەفامییەدا پێچەوانەی ئەوانی کرد و فەرمانی بە گوێڕایەڵ بوون و ملکەچ بوون کرد بۆ کاربەدەستی موسڵمانان و ئارامگرتنیش لەسەر ستەم کردنیان، هەروەکوو دەفەرموێ: «مَن

---

[٢١] - [النساء: ٥٩].

رَأَى من أميرِه شيئًا يَكْرَهُهُ فلْيَصْبِرْ عليه، فإنَّهُ ليس أحدٌ يُفارِقُ الجَماعةَ شِبْرًا فيَموتُ، إلَّا ماتَ مِيتةً جَاهِلِيَّةً» [٢٢].

واتە: هەر کەسێک شتێکی لە ئەمیرەکەی بینی کە پێی ناخۆش بوو، ئەوە با ئارامی لەسەر بگرێت، چونکە هیچ کەسێک نییە کە بستێک لە کۆمەڵی موسڵمانان جیا ببێتەوە و پاشان بمرێت، ئیللا کە دەمرێت بە مردنێکی نەفامی دەمرێت. واتە: لەسەر ئەو حاڵەتە دەمرێت کە خەڵکی سەردەمی نەفامی لەسەری بوون، لەوەی کە لە فەوزادا دەژیان و ئەمیرێکیان نەبوو.

پێشەوا نەوەوی لە ڕاڤەی ئەو فەرموودەیەدا دەفەرموێ: "واتە: لەسەر شێوەی مردنی ئەوان دەمرێت، بەشێوەیەک ئەوان لە ئاژاوەدا دەژیان وهەر کەس بۆ خۆی بوو، پێشەوایەکیان نەبوو" [٢٣].

پێشەوا ئیبن حەجەریش دەفەرموێ: "مەبەس بە مردنی نەفامی: حاڵەتی مردنی وەکوو مردنی خەڵکی سەردەمی نەفامی دەبێت، لەسەر گومڕایی دەمرێت، هیچ پێشەوایەکی نییە، چونکە ئەوان ئەو کارەیان نەدەزانی" [٢٤].

فەرموودەی دیکەش زۆرە دەربارەی فەرمانکردن بە گوێڕایەڵیکردنی کاربەدەستی موسڵمانان.

ئەو وتەیەی شێخیش کە دەفەرموێ: "هەروەها تۆندیش بوو لەسەر ئەو بابەتە و ڕوونی کردەوە و دووبارەی کردەوە". واتە: ئەو واتایەی لە چەندان فەرموودەدا دووبارە کردۆتەوە، ئەمەش بە مەبەستی جەخت لەسەر کردنەوە و دەرخستنی گرینگییەکەیەتی.

---

[٢٢] - أخرجه البخاري (٧٠٥٣) واللفظ له، ومسلم (١٨٤٩).

[٢٣] - شرح النووي على مسلم (٤٨٢/١٢).

[٢٤] - فتح الباري شرح صحيح البخاري (٧/١٣).

بابەتی چوارەم: چاولێکەری و شوێنکەوتن و لاساییکردنەوەی کوێرانە و زیانەکانی

أَنَّ دينَهُم مَبنِيٌّ على أصولٍ: أعظمُها التقليدُ، فهو القاعدةُ الكبرى لِجميعِ الكفارِ، أَوَّلِهم وَآخِرِهِم، كما قال تعالى: ﴿وَكَذَلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِنْ نَذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُقْتَدُونَ﴾ [الزخرف: ٢٣].

وقال تعالى: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَى عَذَابِ السَّعِيرِ﴾ [لقمان: ٢١].

ئایینی ئەوان دامەزرابوو لەسەر چەند بنچینە و بنەمایەک: گەورەترینیان چاولێکەری و شوێنکەوتنی کوێرانە بوو، ئەمە گەورەترین بنەما بوو بۆ هەموو بێباوەڕەکان، هەر لە سەرەتایانەوە تا کۆتاییان، هەروەکوو خوای بەرز و بڵند دەفەرموێ: {بەم شێوازە لە پێش تۆدا بۆ هیچ شار و دێیەک پێغەمبەر و ترسێنەر و ئاگادارکەرەوەمان نەناردووە، ئیللا ئەوانەی کە دەسەڵاتدار و ناودار بوونە، گوتوویانە ئێمە باوک و باپیرانی خۆمان لەسەر جۆرە عیبادەتێک بینیوە، ئێمەش بە شوێنەواری ئەواندا پێ هەڵدەگرین و شوێنی شوێنەواری ئەوان دەکەوین و لاساییان دەکەینەوە، ئایا ئەگەر شەیتانیش بانگیان بکات بۆ ئاگری هەڵگیرساوی دۆزەخ، هەر پەیڕەوی لێ دەکەن؟}

هەروەها خوای گەورە دەفەرموویێ: {کاتێک کە پێیان بڵێی شوێنی ئەم قورئانە پیرۆزە بکەون کە خوای گەورە دابیەزاندووە، هاوبەشبڕیاردەران دەڵێن: بەڵکوو ئێمە شوێنی ئەوە دەکەوین کە باوک و باپیرانی خۆمان لەسەری بینیوە، لە بت پەرستی و شەریکدانان بۆ خوای گەورە و داب و نەریتی خراپ، ئایا نازانن کە شەیتان بانگیان دەکات بۆ سزای سووتێنەری ئاگری دۆزەخ؟! شەیتان وای لە باوک و باپیرانیان کردووە کە شەریک بۆ خوا دانێن، ئەمانیش وا لێ دەکات کە بە شوێن ئەواندا بڕۆن و لاسایی ئەوان بکەنەوە}.

ڕاڤەکردن

خەڵکی سەردەمی نەفامی و پێش ئیسلام، ئایین و بیروباوەڕیان لەسەر بەڵگە و چاوڕۆشنی و بەرنامەی پێغەمبەران دانەدەمەزراند، بەڵکوو ئایینەکەیان لەسەر چەند ڕێسا و بنەمایەک دامەزراندبوو، کە گەورەترینیان بریتیی بوو لە: شوێنکەوتن و لاساییکردنەوەی کوێرانە بۆ باوک و باپیران و گەورەکانی خۆیان. واتە بەبێ بەڵگە و چاوڕۆشنی شوێنیان دەکەوتن، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە لەلای ئەوان گەورە و خاوەنی پلە و پایە بوون لەناو کۆمەڵگادا، بۆیە شوێنیان دەکەوتن و قسەکانیان وەردەگرتن و لێیان لانەدەدا، بەبێ ئەوەی لێبکۆڵنەوە ئایا ڕاستە یاخود نا.

ئەبوو تالیبی مامی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، کاتێک لەسەرە مەرگی نزیک بوویەوە، پێغەمبەر هاتە لای، ئەبوو جەهلیش لەلای بوو، فەرمووی: "ئەی مامە! بڵێ (لا إله إلا الله)، ئەمە وشەیەکە بەهۆیەوە تکات بۆ دەکەم لەلای خوای گەورە". ئەبوو جەهل و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوو ئومەییەش گوتیان: ئەی ئەبوو تالیب! ئایا تۆ پشت هەڵدەکەی لە ڕێبازی عەبدولموتتەلیب؟! بۆیە بەردەوام

قسەیان لەگەڵی دەکرد و خەریکی بوون، تاوەکوو کۆتا وشە کە گوتی: لەسەر ڕێبازی عەبدولموتتەلیب دەمرم [٢٥]. واتە لەسەر ڕێبازی باوک و باپیرانم دەمرم و لێی لانادەم.

ئینجا -وەکوو شێخیش باسی کرد و بەڵگەی بۆ هێنایەوە- قسەی هاوبەشبڕیاردەرەکان لەسەر ئەمە کۆ بوویەوە، هەر لە سەرەتای زەمانەوە، تاوەکوو کۆتایی و ئەمڕۆشمان، بۆیە ئێستاش ئەگەر بە کەسانێک بڵێی ئەو کارەی تۆ دەیکەی کوفر و شیرک و بیدعەیە، ڕاستەوخۆ دەڵێت باوک و باپیرانی ئێمە لەسەر ئەو بیروباوەڕە بوونە و ئاوا ڕۆیشتوون، خۆ ئەوان هەڵە نەبوونە، ئێمەش لەسەر ڕێچکەی ئەوان دەڕۆین و لاسایی ئەوان دەکەینەوە.

*****

[٢٥] - رواه البخاري (٣٨٨٤)، ومسلم (٢٤).

فَأتاهُم بِقولِهِ: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُمْ بِوَاحِدَةٍ أَنْ تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَى وَفُرَادَى ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِكُمْ مِنْ جِنَّةٍ﴾ الآية [سبأ: ٤٦].

وقولِهِ: ﴿اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلا تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ قَلِيلاً مَا تَذَكَّرُونَ﴾ [الأعراف: ٣].

بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەو وتەیەی پەروەردگار هات بۆ لایان کە دەفەرموێ: {ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، ئەو کافرانەی کە تۆمەتبارت دەکەن بە شێتی، پێیان بڵێ: من ئامۆژگاریتان دەکەم بە یەک شتێک: یەک یەک و دوو دوو ڕابوەستن، نەک بە قەڵەبالغی، هەروەها لەبەر خوا، نەک بۆ هەوا و ئارەزوو و دەمارگیری، پاشان بیر بکەنەوە، ئەم هاوەڵەی خۆتان کە موحەممەدە -صلى الله عليه وسلم- هیچ شێت نییە، بەڵکوو لەوپەڕی عاقڵی دایە}.

هەروەها بەو وتەیەش هات بۆ لایان: {ئێوە شوێن ئەو قورئانە پیرۆزە بکەون، کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆتان دابەزیوە، جگە لە خوای گەورە شوێن هیچ کەسانێکی تر مەکەون، کە بیانکەن بە دۆست و خۆشەویستی خۆتان و بیانکەن بە شەریک بۆ خوای گەورە، بەڵام کەمێک لە مرۆڤەکان بیر لە حەق دەکەنەوە}.

ڕاڤەکردن

ئەوان دەیانگوت: ئێمە دەست بەو بەرنامەیەوە دەگرین کە باوک و باپیرانمان لەسەری بووینە و گوێڕایەڵی ئەو پیاوە[موحەممەد] ناکەین، لەبەر ئەوەی دەیانگوت: شێتە، فاڵچی و جادووگەرە، پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێ کردن کەوا تەنها گوێ لەو وشانە نەگرن کە بۆیان دەخوێنێتەوە، بەڵکوو لێی ورد ببنەوە و بیری لێ بکەنەوە، واز لە دەمارگیری و لاساییکردنەوە بێنن، سەیری ئەو بەرنامەیە بکەن کە بانگەوازیتان بۆ لای دەکات بەبێ هەوا و ئارەزوو و دەمارگیری، جا ئەگەر ڕاست بوو، ئەو کات پێویستە لەسەرتان کە شوێنی بکەون و گوێڕایەڵی بکەن، دروست نییە هەر لەسەر ڕێچکەی باوک و باپیرانتان بمێننەوە.

کەواتە ئایەتی یەکەم سەرزەنشتکردنی چاوڵێکەری و لاساییکردنەوەی کوێرانەی تێدایە، چونکە خوای گەورە فەرمانیان پێ دەکات بە بیرکردنەوە، بەهیوای ئەوەی بگەن بە حەق و ڕاستی، ئەمەش کەسی لاساییکەرەوە ئەنجامی نادات. ئایەتی دووەمیش فەرمان کردنی تێدایە بە شوێنکەوتنی قورئان و شوێننەکەوتنی جگە لەو.

بەو شێوەیە کەسی ژیر پێویستە لەسەری کەوا سەیری قسەکان بکات و لێی ورد ببێتەوە، تاوەکوو ڕاستی و هەڵەی بۆ لێکجیا ببێتەوە، ئەو کاتیش ڕاستییەکە وەربگرێت و شوێنی بکەوێت، ناڕاستییەکەش ڕەت بکاتەوە و وازی لێ بهێنێت، هەروەها نابێت دەمارگیریی و چاوڵێکەری کوێرانە وای لێ بکات کە لەسەر ناحەق بمێنێتەوە.

*****

بابەتی پێنجەم: بەڵگەهێنانەوە بەوەی کە زۆرینە لەسەرینە، بەبێ تێڕوانین لە بەڵگەکەی

أَنَّ مِنْ أَكْبَرِ قَوَاعِدِهِم: الاغْتِرَارَ بِالأَكْثَرِ، وَيحْتَجُّونَ بِهِ عَلَى صِحَّةِ الشَّيْءِ، وَيسْتَدِلُّونَ عَلَى بُطْلَانِ الشَّيءِ بِغُرْبَتِهِ وَقِلَّةِ أَهْلِهِ، فَأَتَاهُمْ بِضِدِّ ذَلِكَ، وَأَوْضَحَهُ فِي غَيرِ مَوْضِعٍ مِنَ القُرْآنِ.

بێگومان یەکێک لە گەورەترینی بنەماکانیان: فریوخواردنە بە زۆرینە، هەروەها دەیکەنە بەڵگە لەسەر ڕاستی و دروستی شتێک، بەڵگەش دەهێننەوە لەسەر پووچەڵیەتی شتێک بەوەی نامۆیە و شوێنکەوتووەکانی کەمن، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لایان بەپێچەوانەی ئەمە و خوای گەورەش لەچەند شوێنێک لە قورئاندا ئەمەی ڕوون کردەوە.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

ئەم بنەمایە بەڵگەیە لەسەر نەفامی ئەوان و بیر نەکردنەوەیان لە شتەکان و لێنەکۆڵینەوەیان لە حەق و هیدایەت، بەڵکوو شتەکانیان بەو شێوەیە قیاس دەکرد و بەڵگەی ڕاستێتی لەلایان زۆرینە بوو، مادام زۆرینە لەسەر شتێک بن، ئەو شتە ڕاست و دروستە و کەمینەش ناڕەوا و بەتاڵە. بۆیە ئەگەر پێیان بگوترابا بەڵگەتان چییە لەسەر ڕاستێتی پەرستنی بتەکان و ناڕەوایەتی یەکخواپەرستی، ئەوا دەیانگوت: زۆرینەی خەڵکی لەسەر ئەو بیروباوەڕەن کە ئێمە لەسەرینە.

واتە: هەمیشە بە زۆری ژمارەیان هەڵدەخەڵەتان، بۆیە گوتیان: ﴿وَقَالُوا۟ نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ [٢٦].

---

[٢٦] - [سبإ: ٣٥].

واتە: گوتیان ئێمە سامان و منداڵمان زۆرترە (لە ئێوە)، هەروەها ئێمە قەت سزا نادرێین.

واتە: یەکێک لە بەڵگەکانی لەسەر حەق بوونی ئێمە و ڕاستێتی ئایین و بیروباوەڕمان، ئەوەیە کە ئێمە سامان و منداڵمان زۆرترە و ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێمە سزا نادرێین.

لەهەمان کاتیشدا بەڵگەیان دەهێنایەوە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەران و شوێنکەوتووەکانیان ناحەقن، بەوەی کەمینەن و خەڵکێکی کەم شوێنیان کەوتووە.

ئێستاش خەڵکیک لەسەر ئەو نەفامییەن و زۆرینە دەکەنە پێوەری ڕاستی، "زۆرینەی دەنگ" دەکەنە بەڵگەی لەسەر حەق بوون و شیاویەتی، دەڵێن ڕای گشتی و زۆرینەی دەنگ، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئێمە لەسەر حەقین و بەرانبەرەکەشمان لەسەر ناڕەوایە.

ئەمەش بەڕاستی قیاسێکی بەتاڵ و نەفامییە؛ چونکە بایەخ بە زۆرینەی شوێنکەوتووەکان نییە، زۆرینە هەمیشە شوێن خراپە دەکەون، خوای گەورەش لە قورئاندا زۆرینەی بە خراپە باس کردووە، هەروەکوو دەفەرموێ: ﴿وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي ٱلْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ [٢٧].

واتە: ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی زۆربەی ئەوانە بیت کە لەسەر زەویدان، ئەوا لە ڕێگەی خوا گومڕات دەکەن.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ﴾ [٢٨].

---

[٢٧] - [الأنعام: ١١٦].

[٢٨] - [سبإ: ١٣].

واتە: بەڵام کەمێ لە بەندەکانم سوپاسگوزارن.

بەڵێ، ئەگەر زۆرینە لەسەر حەق بن و شوێنی بکەون، ئەوە شتێکی چاکە، بەڵام سوننەتی خوای پەروەردگار وا بووە، کە زۆرینە شوێن ناحەق بکەون و لەسەر بەتاڵ بن، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ﴾ [٢٩].

واتە: زۆربەی خەڵکی هەرچەندە تۆ سووریش بیت لەسەر باوەڕهێنانیان، نابنە ئیماندار.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ [٣٠].

واتە: بەڵام زۆربەیان بڕوادار نین و باوەڕ ناهێنن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ [٣١].

واتە: بەڵام زۆرینەی خەڵکی نایزانن.

کەواتە تەرازوو زۆرینە و کەمینە نییە، زۆرینە بەڵگەی لەسەر حەق بوون نییە و کەمینەش بەڵگەی ناڕەوایەتی نییە، ئەمە تەرازوو و پێوەرێکی ڕاست و دروست نییە؛ لەبەر ئەوەی زۆرینە جاری وایە خەڵکێکی نەزان و گەمژەن و نازانن ڕاستی و ناڕەوا لە یەکتر جیا بکەنەوە.

ئینجا نامۆیی و کەمینەش بەڵگەی ناڕەوایەتی نییە؛ لەبەر ئەوەی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «بَدَأَ الإِسْلَامُ غَرِيبًا، وَسَيَعُودُ كما بَدَأَ غَرِيبًا، فَطُوبَىَ لِلْغُرَبَاءِ» [٣٢].

---

[٢٩] - [يوسف: ١٠٣].

[٣٠] - [الشعراء: ٨].

[٣١] - [الأعراف: ١٨٧].

[٣٢] - رواه مسلم (١٤٥).

واتە: ئیسلام سەرەتا بە نامۆیی دەستی پێکرد، لە داهاتووشتدا نامۆ دەبێتەوە، هەروەکوو چۆن دەستی پێکرد، بۆیە خۆشی و بەختیاری بۆ نامۆکان.

لێرەش کە دەفەرموویێ: "بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لایان بەپێچەوانەی ئەمە و خوای گەورەش لەچەند شوێنێک لە قورئاندا ئەمەی ڕوون کردەوە". مەبەستی ئەو ئایەتانەیە کەباسیان کرد کەوا خوای گەورە ڕوونی دەکاتەوە زۆرینەی خەڵکی لەسەر ناحەقن و شوێنی دەکەون، کەمینەش شوێن حەق دەکەون و سوپاسگوزاری خوا دەکەن.

*****

بابەتی شەشەم: بەڵگەهێنانەوە بەو شتەی کە پێشکەوتووەکان لەسەری بوونە، بەبێ سەیرکردنی بەڵگەکەی

الاحْتِجَاجُ بالمُتَقَدِّمِينَ، كَقَوْلِهِ: ﴿قَالَ فَمَا بَالُ الْقُرُونِ الْأُولَى﴾ [طه:٥١].

وَقَوْلِهِ: ﴿مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي آبَائِنَا الْأَوَّلِينَ﴾ [المؤمنون: ٢٤].

بەڵگەهێنانەوە بە پێشکەوتووەکان[ئەوانەی لە پێش ئێمەوە ڕۆیشتوون]، وەکوو ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە: {گوتی: مووسا! ئەی باشە دەنگوباس و هەواڵ و بەسەرهاتی ئوممەتانی پێشتر چییە، ئەوانەی کە بتیان پەرستووە و بە بت پەرستی ڕۆیشتوونە؟}

هەروەها ئەو فەرمایشتەشی: {لە باوک و باپیرانی پێشترماندا، شتی وامان نەبیستووە کە لەناو مرۆڤدا کەسێک بکرێ بە پێغەمبەر!}

ڕاڤەکردن

یەکێکی دیکە لە دیاردەکانی سەردەمی نەفامی ئەوەیە: ئەگەر پێغەمبەرانیان بۆ هاتبا بە حەق و ڕاستی، ئەوا بەڵگەیان بە باوک و باپیرانیان دەهێنایەوە بۆ ئەو شتە ناڕەوایانەی کە لەسەری بوون، بۆیە کاتێک پێغەمبەر مووسا -صلى الله عليه وسلم- بانگەوازی فیرعەونی دەکرد و بەڵگەی ڕۆشنی بۆ دەهێنایەوە، کەچی فیرعەون بەڵگەی بە ئوممەتانی پێشوو دەهێنایەوە و دەیگوت: مووسا! ئەی باشە دەنگوباس و هەواڵ و بەسەرهاتی ئوممەتانی پێشتر چییە، ئەوانەی کە بتیان پەرستووە و بە بتپەرستی ڕۆیشتوونە؟ مەبەستی ئەوەبوو ئەوان هەموویان لەسەر ئەوە بوون کە ئێمە لەسەرینە، جا ئایا ئەوان لەسەر بەتاڵ بوونە و تەنها تۆ لەسەر حەقی؟

هەروەها کاتێک پێغەمبەر نووح -صلى الله عليه وسلم- بانگەوازی گەلەکەی کرد بۆ لای خوا، ئەوان بەو شێوەیە ڕووبەڕووی بانگەوازەکەی بوونەوە و گوتیان: لە باوک و باپیرانی پێشترماندا، شتی وامان نەبیستووە کە لەناو مرۆڤدا کەسێک بکرێ بە پێغەمبەر!

بەهەمان شێوە بێباوەڕانی قوڕەیشیش دەیانگوت: ﴿مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِي ٱلْمِلَّةِ ٱلْآخِرَةِ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا ٱخْتِلَٰقٌ﴾ [٣٣].

واتە: ئەم شتەمان -ئەوەی کە موحەممەد هێناویەتی- نەبیستووە لە میللەتانی پێشتردا، ئەمە تەنها درۆ و بوهتانێکە و موحەممەد هەڵێبەستووە.

ئیتر بەو شێوەیە و بەو بەڵگە پووچە، بێباوەڕان ڕووبەڕووی بانگەوازی ڕاست و دروستی پێغەمبەران دەبوونەوە، ئێستاش خەڵکانێک لەسەر هەمان ڕێچکەی نەفامیین، ئەگەر پێیان بگوترێت ئەو کارە مەکەن، ئەمە شیرک و کوفرە، یان بیدعەیە، دەڵێن تۆ دینێکی نوێت هێناوە، ئێمە ئەو شتەمان لە پێشینەکانی خۆمان نەبیستووە، ئێمە لەسەر ڕێچکەی باوک و باپیرانمان دەڕۆین. بەڕاستی خوای پەروەردگار زۆر جوانی ڕوون کردۆتەوە کاتێک دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾ [٣٤].

واتە: کاتێ بە کافران بڵێی: وەرن شوێن ئەو قورئانە بکەون، کە خوای گەورە داییەزاندووە و واز لە گومڕایی و نەزانی بێنن، ئەوان دەڵێن: بەڵکوو ئێمە شوێن ئەو شتە دەکەوین کە باوک و باپیرانی خۆمان لەسەری بینیوە لە بتپەرستی، ئایا

---

[٣٣] - [ص: ٧].

[٣٤] - [البقرة: ١٧٠].

ئەگەر باوک و باپیرانی ئەوان عەقڵیان بە زۆر شتدا نەشکابێت و هیچ تێنەگەیشتبن و گوومڕا بووبن و ڕێنمایش وەرنەگرن، هەر شوێنیان دەکەون؟!

*****

بابەتی حەفتەم: بەڵگەهێنانەوە بەوەی کە خەڵکی خاوەن هێز و توانا لەسەری بوون، کە ئەمە حەق و ڕاستییە

الاستِدلالُ بِقومٍ أُعطُوا قُوَى في الأفهامِ والأعمالِ، وفي المُلكِ والمالِ والجَاهِ، فَرَدَّ اللهُ ذلكَ بِقولِهِ تعالى: ﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّاهُمْ فِيمَا إِنْ مَكَّنَّاكُمْ فِيهِ﴾ [الأحقاف:٢٦].

وَقولِهِ: ﴿كَانُوا مِنْ قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا فَلَمَّا جَاءَهُمْ مَا عَرَفُوا كَفَرُوا بِهِ﴾ [البقرة: ٨٩].

وَقولِهِ: ﴿يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ﴾ [البقرة:١٤٦].

بەڵگەهێنانەوە [لەسەر ڕاستییەتی ئەوەی کە لەسەری بوون] بە خەڵکانێک کەوا هێز و توانایان پێ بەخشراوە لە تێگەیشتن و کردەوەکان، هەروەها لە دەسەلات و سەروەت و سامان و شکۆمەندیی و پلەوپایە، بەڵام خوای گەورە بەرپەرچ(ڕەدد)ی ئەمەی دایەوە بەو فەرمایشتەی خۆی: {بەدڵنیایی ئوممەتانی پێشترمان جێگیر کردبوو لەسەر زەوی و سەروەت و سامان و هێز و توانامان پێ بەخشین، هەروەکوو چۆن ئەی خەڵکی مەککە بە ئێوەشمان بەخشیوە، بەڵام ئەوان لە ئێوە بەهێزتر بوون}.

هەروەها ئەو فەرمایشتەشی کە دەفەرموێ: {پێش ئەوەی کە خوای گەورە قورئان دابەزێنێ و پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- بنێرێ، ئەوان بە کافرانیان دەگوت بەم نزیکانە پێغەمبەرێک دێت، ئەو کاتە ئەگەر هات، بزانن چۆن ئێمە شوێنی دەکەوین و ئێوە لەناو دەبەین! بەڵام کاتێک

که ئەو پێغەمبەرە هات و ناسیان که موحەممەدە و -صلى الله عليه وسلم- لە خۆیان نییە، بێباوەڕ بوون پێی و شوێنی نەکەوتن}.

هەروەها خوای پەروەردگار بەو فەرمایشتەشی وەڵامی ئەو بۆچوونەی دایەوە: {ئەو کەسانەی کە کیتابمان پێ بەخشیوون لە جوولەکە و گاورەکان، ئەوانە پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- دەناسن و دەزانن کە ئەمە پێغەمبەری خوایە، هەروەکوو چۆن منداڵەکانی خۆیان دەناسن، هیچ گومانێکیان لە پێغەمبەرایەتی موحەممەد دا نییە -صلى الله عليه وسلم-}.

ڕاڤەکردن

یەکێکی دیکە لە دیاردە و بابەتەکانی نەفامی: ئەوەبوو کە بەڵگەیان دەهێنایەوە لەسەر ڕاستێتی بەرنامەکەیان، بەوەی کەسانی خاوەن هێز و زیرەکیی و سامان و پلەوپایە لەسەر ئەو بەرنامەیەن. بەڵێ، ئەوە پێوەر بوو لەلایان، لە بەرانبەریشدا ئەو ڕێبازەی کەوا لاواز و بێدەسەڵات و هەژارەکان لەسەری بوون، بە ڕێبازی بەتاڵ و ناحەقیان دادەنا.

بەڵام خوای پەروەردگار لە چەندان ئایەتدا ڕەددی ئەو بۆچوون و بەڵگەهێنانەوەی دایەوە و پووچەڵی کردەوە، هەروەکوو دانەر سێ ئایەتی لەو بوارەوە هێنایەوە. ئینجا ئایەتی یەکەم پەیوەستە بە هاوبەشبڕیاردەرەکانەوە، بەڵام ئایەتی دووەم و سێیەم پەیوەستە بە ئەهلی کیتابەوە، هەردووکیشیان بەڵگەنە لەسەر ئەوەی کە ئەوان خاوەنی زانست و تێگەیشتن بوون، کەچی لەسەر ڕێگەی ڕاست و ڕێنماییش نەبوون.

کەواتە بوونی دەسەڵات و هێز و پلەوپایە و سامان و تێگەیشتن و زیرەکیی و شارستانییەت، هەرگیز بەڵگە نییە لەسەر ڕاستێتی ئەو ڕێبازەی کە مرۆڤەکان

لەسەرینە، بگرە ئەمە هیچ سوودیان پێ ناگەیەنێت، ئەگەر لەسەر گومڕایی بن. بەڵکوو هێندێکجار خوای گەورە هێز و سامان و زیرەکیی بە هێندێک لە مرۆڤەکان دەدات، هەروەکوو بە ئوممەتانی پێشووی دابوو، ئەمەش وەکوو مۆڵەتدان و ئیستیدراجێکە، تا ئەو کاتەی دەیانگرێت و تۆڵەیان لێ دەستێنێتەوە، هەروەکوو دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَتَحۡنَا عَلَيۡهِمۡ أَبۡوَٰبَ كُلِّ شَيۡءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُواْ بِمَآ أُوتُوٓاْ أَخَذۡنَٰهُم بَغۡتَةً فَإِذَا هُم مُّبۡلِسُونَ﴾ [٣٥].

واتە: جا کاتێ لە بیریان چوویەوە ئەوەی کە پێی ئامۆژگاری کران، دەرگای هەموو شتێکمان لەسەر کردنەوە، تا کاتێ دڵخۆش بوون بەوەی پێیان درابوو، لە ناکاودا تۆڵەمان لێ سەندن، ئیتر ئەوانیش نائومێد و سەرگەردان بوون.

*****

[٣٥] - [الأنعام: ٤٤].

بابەتی هەشتەم: بەڵگەهێنانەوەی بەوەی کە ئەو ڕێبازەی لاواز و بێدەسەڵاتەکان لەسەرینە، ڕاست نییە

الاسْتِدْلَالُ عَلَى بُطْلَانِ الشَّيْءِ بِأَنَّهُ لَمْ يتَّبِعْهُ إِلاَّ الضُّعَفَاءُ، كَقَوْلِهِ: ﴿أَنُؤْمِنُ لَكَ وَاتَّبَعَكَ الْأَرْذَلُونَ﴾ [الشعراء: ١١١].

وَقَوْلِهِ: ﴿أَهَؤُلاءِ مَنَّ اللَّه عَلَيْهِمْ مِنْ بَيْنِنَا﴾ [الأنعام: ٥٣]. فَرَدَّ اللهُ بِقَوْلِهِ: ﴿أَلَيْسَ اللَّه بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ﴾ [الأنعام: ٥٣].

بەڵگەهێنانەوە لەسەر بەتاڵی و پووچەڵیەتی شتێک، بەوەی کە کەس شوێنی نەکەوتووە، تەنها لاواز و بێدەسەڵاتەکان نەبێت، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: {گوتیان: ئایا ئێمە ئیمان بە تۆ بێنین، لە کاتێکدا کەسانێکی نزم و هەژار دوای تۆ کەوتوونە؟ لەگەڵ ئەواندا ئیمان بە تۆ بێنین؟}

هەروەها ئەو فەرمایشتەشی کە دەفەرموێ: {تا کافران بڵێن: ئایا لەناو ئێمەدا خوای گەورە ڕێزی لەمانە ناوە و ئەمانەی کردووە بە موسڵمان، بەوەی کە ئەمان لەسەر حەق بن و ئێمە لەسەر بەتاڵ بین؟}، بەڵام خوای گەورە بەرپەرچ(ڕەدد)ی ئەم بۆچوونەی دایەوە بەو فەرمایشتەی خۆی: {ئایا خوای گەورە خۆی زاناتر نییە کە کێ شوکرانەبژێری خوای گەورە دەکات و کێ شایەنی هیدایەتە و کێش ئینکاری فەزڵ و چاکەی خوای گەورە دەکات، بۆ ئێوە و ڕەخنە دەگرن و گلەیی دەکەن؟}

ڕاڤەکردن

ئەو بەبابەتەش پەیوەستە بە بابەتی پێشوو، ئەوان هەروەکوو هێز و دەسەڵات بەڵگەی ڕاستێتی بوو لەلایان، بەهەمان شێوەش لاوازی و بێدەسەڵاتی و هەژاری بەڵگەی بەتاڵی و ناڕەوایەتی بوو لەلایان، پێیان وابوو ئەوانەی کەوا لاوازن، جا چ لە ڕووی لاشەییەوە بێت، یان لە ڕووی سەروەت و سامانەوە بێت، یاخود ئەوانەی کەوا ژمارەیان کەمە، ئەوە لەسەر ڕێگەیەکی ناڕەوا و پووچن، ئەگەر لەسەر ڕێگەیەکی ڕاست بوونایە، لاواز و بێدەسەڵات نەدەبوون؛ چونکە بەهێز و خاوەن سامان و زیرەکەکان شوێنی ڕێگەی وا بەتاڵ ناکەون.

بەڵێ، ئەوە پێوەر و تەرازوو بوو لەلای نەفامەکان، هاوبەشبڕیاردەرەکانی سەردەمی پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- بەهەمان شێوە گاڵتەیان بە هاوەڵە لاوازە باوەڕدارەکان دەکرد، گاڵتەیان بە بیلاڵ و سەلمان و عەممار و ئەمانە دەکرد، هەتا ئەوەبوو گوتیان ئێمە لەگەڵت دانانیشین، لەکاتێکدا ئەوانەت لەلا بێت، ئێمە کۆڕی تایبەتمان دەوێت، ئینجا لەگەڵت دادەنیشین...

*****

بابەتی نۆیەم: شوێنکەوتنی زانا فاسقەکان و خواپەرستە نەزانەکان

الاقْتِدَاءُ بِفَسَقَةِ العُلَمَاءِ وَجُهَّالِ العُبَّادِ، فَأَتَى بِقَوْلِهِ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيراً مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾ [التوبة: ٣٤].

وَقَوْلِهِ: ﴿لا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ وَلا تَتَّبِعُوا أَهْوَاءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا مِنْ قَبْلُ وَأَضَلُّوا كَثِيراً وَضَلُّوا عَنْ سَوَاءِ السَّبِيلِ﴾ [المائدة: ٧٧].

پەیڕەویکردن و شوێنکەوتنی زانا تاوانبار و فاسقەکان و خواپەرستە نەزانەکان، بەڵام پێغەمبەر خوای -صلى الله عليه وسلم- بەو فەرمایشتەی پەروەردگار هات بۆ لایان: {ئەی باوەڕداران، زۆرێک لە زانایانی جوولەکە و خواپەرستی گاورەکان، مالی خەڵکی بە ناحەق دەخۆن، لە ڕێگای ڕەشوە و بەرتیل، یان لە هەر ڕێگایەکی ترەوە بێت، هەروەها ڕێگری دەکەن لە ئایینی خوای گەورە}.

هەروەها ئەو فەرمایشتەی پەروەردگاریشی کە دەفەرموێ: {ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، پێیان بفەرموو: ئەی ئەهلی کیتاب، ئەی گاوور و جوولەکە، زیادەڕەوی مەکەن لە دینەکەتاندا جگە لە حەق، بەتایبەتی گاورەکان مەڵێن: عیسا خوایە، یان کوڕی خوایە، هەروەها شوێنی هەوا و ئارەزووی کەسانێک مەکەون، کە پێشتر گومڕابوون لە پێشینەکانی خۆیان لە جوولەکە و گاوور، خەڵکێکی زۆریشیان گومڕا کرد و گومڕابوون و لە ڕێگای ڕاست لایاندا، پێش هاتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-.

ڕاڤەکردن

زانا فاسیقەکان: ئەوانەن کەوا کار بە زانستەکەیان ناکەن، یان شتانێک بەناوی خواوە دەڵێن، لەکاتێکدا دەشزانن کە درۆ دەکەن.

خواپەرستە نەزانەکانیش: ئەوانەن بەبێ زانست و زانیاری کار دەکەن.

ئەو دوو چینە خەڵکێک متمانەیان پێ دەکەن و پێیان هەڵدەخەڵەتێن و شوێنیان دەکەون، بۆیە شوێنکەوتنی ئەوانە بەشێکە لە نەفامیی، نابێت کار و کردەوەی ئەوانە بکرێتە بەڵگەی ڕاستێتی شتێک.

بەداخەوە ئەمە لە کۆن و ئێستاشدا بوونی هەیە، کاتێک بە کەسێک دەڵێی: ئەو کارە مەکە؛ تاوان و سەرپێچییە! دەڵێت: ئەدی بۆ فڵانە مەلا و فڵانە خواپەرست و پیاوچاک دەیکات، ئەگەر کارێکی خراپ بووایە نەیدەکرد؟!

کێ گوتوویەتی زانایان و پیاوچاکان، پارێزراون لە تاوان و هەڵە ناکەن؟! بۆیە نابێت بە زانا و خواپەرست فریو بخۆین و شوێنیان بکەوین، تاوەکوو دامەزراو نەبن لەسەر ئایین و پەیوەست نەبن پێیەوە.

*****

بابەتی دەیەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتووانی دین بە کەمی تێگەیشتنیان و نەبوونی ئەزبەرکردن و هەزمکردنیان

المسألة العاشرة: الاسْتِدْلَالُ عَلَى بُطْلَانِ الدِّينِ بِقِلَّةِ أَفْهَامِ أَهْلِهِ وَعَدَمِ حِفْظِهِمْ، كَقَوْلِهِمْ: ﴿بَادِيَ الرَّأْيِ﴾ [هود: ٢٧].

بەڵگەهێنانەوە لەسەر پووچەڵیەتی ئایین، بە کەمی تێگەیشتنی شوێنکەوتووانی و نەبوونی ڕەوانکردن و هەزمکردنیان، وەکوو ئەو قسەیەیان: {بۆچوونێکی سادەیان هەیە و تێگەیشتنیان نییە، یەکسەر شوێنت کەوتوون بەبێ بیرکردنەوە}.

ڕاڤەکردن

خەڵکی سەردەمی نەفامی و دوژمنانی پێغەمبەران، دەیانگوت ئایینی[ڕاست و دروستی] پێغەمبەران ناڕەوا و پووچە؛ لەبەر ئەوەی ئەوانەی شوێنی کەوتوون عەقڵیان سادەیە و تێگەیشتنیان کورت و لاوازە و دوور بین نییین و لە شتەکان ناکۆڵنەوە، هەروەکوو خوای گەورە لە گەلی نووحەوە دەگێڕێتەوە کە دەیانگووت: ﴿مَا نَرَىٰكَ إِلَّا بَشَرًا مِّثْلَنَا وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ ٱلرَّأْيِ﴾ [٣٦].

واتە: ئێمە تۆ نابینین جگە لە ئادەمییەکی وەک خۆمان، هەروەها نابینین تۆ هیچ کەسێک شوێنت کەوتبێ لە دەسەڵاتداران و پیاوماقوڵان و گەورەکان، جگە لەوانەی کە هەژار و پەستەکانمانن، ساویلکەن و ڕووالەت بینن، کە تەنها بۆچوونێکی سادەیان هەیە و یەکسەر شوێنت کەوتوون بەبێ بیرکردنەوە.

---

[٣٦] - [هود: ٢٧].

دیارە ئەو بۆچوونەش هەڵە و درۆیە؛ چونکە زانایانی موسڵمان خەڵکانێکی چاوڕۆشن و تێگەیشتوون و بە ڕووناکی خوا سەیری شتەکان دەکەن و دەیبینن، دووربین و بیرتیژن.

*****

بابەتی یازدەیەم: پشت بەستنیان بە قیاسی خراپ و بەد

الاسْتِدْلَالُ بِالقِيَاسِ الْفَاسِدِ، كَقَوْلِهِمْ: ﴿إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُنَا﴾ [إبراهيم: ١٠].

بەڵگەهێنانەوە بە قیاسی خراپ و بەد، وەکوو ئەو قسەیەی کە گوتیان: {ئێوە هیچ شتێک نین، تەنها مرۆڤێکن وەکوو ئێمە و فریشتە نین و دەخۆن و دەخۆنەوە}.

ڕاڤەکردن

یەکێک لەو بەڵگانەی کە بەکاریان دەهێنا و بەڵگە بوو لەسەر نەفامییان، ئەوەبوو کۆمەڵێک قیاسی خراپیان دەهێنایەوە و حەقیان پێ ڕەت دەکردەوە، دانەر نموونەی بەوە هێناوەتەوە کە هاوبەشبڕیاردەرەکان کاتێک پێغەمبەرانیان بەدرۆ دەزانی، گوتیان: ﴿إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُنَا﴾ واتە: ئێوە تەنها مرۆڤێکن وەکوو ئێمە، دەست و چاو و بیستنتان هەیە، ئێمە و ئێوە یەکسانین، ئیتر چ شتێک ئێوەی تایبەت کردووە؟! چ شتێک وای کردووە کە ئێوە ببن بە پێغەمبەر؟! پێیان وابوو کە پێغەمبەر نابێت مرۆڤ بێت.

بەڵام ئەمە قیاسێکی خراپ و بەدە؛ چونکە پێغەمبەرانیش هەر مرۆڤ بوونە، بەڵام خوای گەورە ڕێزی لێناون بەوەی وەحی بۆ ناردوون و هەڵیبژاردوون و تایبەتی کردوون بە پەیامی خۆی. ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ﴾ [٣٧].

واتە: بڵێ من تەنها ئادەمیزادێکم وەکوو ئێوە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە وەحی و نگام بۆ دێت.

[٣٧] - [الكهف: ١١٠].

بەڕاستی زۆر کەس بەهۆ بەکارهێنانی قیاسی خراپ گومڕا بوو، یەکەم کەسیش کەوا قیاسی خراپی بەکارهێنا ئیبلیس بوو، کاتێک خوا فەرمانی پێ کرد کە سوژدە ببات بۆ ئادەم: ﴿قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ﴾ (٣٨).

واتە: گوتی: من لەو (ئادەم) چاکترم؛ چونکە منت لە ئاگر دروست کردووە و ئەوت لە قوڕ دروست کردووە، (ئاگریش باشتر و بەهێزترە لە قوڕ). ئەمەش قیاسێکی بەد و خراپ بوو؛ لەبەر ئەوەی ئاگر باشتر نییە لە قوڕ، بەڵکوو قوڕ باشترە لە ئاگر؛ لەبەر چەندان هۆکار.

*****

(٣٨) - [الأعراف: ١٢].

بابەتی دوازدەیەم: نکووڵیکردنی قیاسی ڕاست و دروست

إِنْكَارُ القِيَاسِ الصَّحِيحِ، وَالجَامِعُ لَهَذَا وَمَا قَبْلَهُ: عَدَمُ فَهْمِ الجَامِعِ وَالفَارِقِ.

نکووڵیکردنی قیاسی ڕاست و دروست، خاڵی کۆکەرەوەش بۆ ئەو بابەتە[واتە: نکووڵیکردنی قیاسی ڕاست و دروست] و بابەتی پێشوو[واتە: بەکارهێنانی قیاسی خراپ]: تێنەگەیشتنە لە کۆکەرەوە و جیاکەرەوە.

ڕاڤەکردن

هەروەکوو چۆن ئەو نەفامانە قیاسی خراپ و ناڕاستیان بەکار دەهێنا، بەهەمان شێوەش نکووڵییان لە قیاسی ڕاست و دروست دەکرد، کە بریتیی بوو لەو بەڵگە ڕوون و ئاشکرایانەی بەڵگە بوون لەسەر حەق و ڕاستی و قەبووڵیان نەدەکرد.

کاتێکیش دانەر دەڵێت: "خاڵی کۆکەرەوە بۆ ئەو بابەتە و بابەتی پێشوو: تێنەگەیشتنە لە کۆکەرەوە و جیاکەرەوە". واتە ئەوەی کە وای لێ کردن کەوا لەو دوو بابەتە گومڕا ببن نەزانین و تێنەگەیشتن بوو بە (الجَامِع) و (الفَارِق):

(الجَامِع) واتە: ئەو خاڵە کۆکەرەوەیەی کەوا قیاسی لەسەر دەکرێت.

(الفَارِق) واتە: ئەو خاڵەی کەوا لەگەڵیدا قیاس ڕاست و دروست نابێت.

*****

بابەتی سێزدەیەم: زیادەڕەویکردن لە زانایان و چاکەکار و پیاوچاکاندا

الغُلُوُّ فِي العُلَمَاءِ وَالصَّالِحِينَ، كَقَوْلِهِ: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلا تَقُولُوا عَلَى اللهِ إِلَّا الْحَقَّ﴾ [النساء: ١٧١].

زیادەڕەویکردن لە زانایان و پیاوچاکاندا، وەکوو ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: {ئەی ئەهلی کیتاب، ئەی جوولەکە و گاورەکان، زیادڕەوی مەکەن و سنوور مەبەزێنن لە دینەکەتاندا، کە جوولەکە زیادەڕەویان دەکرد تا گوتیان: عوزێر کوڕی خوایە، گاورەکانیش زیادەڕەویان کرد لە عیسادا، تا گوتیان: کوڕی خوایە، دواتر گوتیان: خوایە، ئەوەی حەق نەبێ مەیڵێن بۆ خوای گەورە و درۆی بۆ هەڵەبەستن و خێزان و منداڵی بۆ بڕیار مەدەن}.

ڕاڤەکردن

زیادەڕەوی(الغُلُوُّ): بریتییە لە تێپەڕاندنی سنوور و زیادەڕەویکردن لە مافی زانایان و چاکەکاران و خواپەرستەکان، بەشێوەیەک زیاد لە پلەی خۆیان بەرز بکرێنەوە و هێندێک تایبەتمەندی و سیفات و مافیان پێ بدرێت، کە مافی بەندەکان نییە، بەڵکوو مافی خوای گەورەیە.

کەواتە زیادەڕەویکردن لە پیاوچاکاندا بەوە دەبێت کە هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی خوای گەورەیان پێ بدرێت، وەکوو زانینی غەیب و هەڵسوڕاندنی کاروباری بوونەوەر، یان ئەنجامدانی پەرستن بۆیان، وەکوو پارانەوە لێیان و هانا بۆ بردنیان و پشت پێ بەستنیان.

ئینجا خەڵکی سەردەمی نەفامی تووشی ئەو دیاردەیە بوون و زیادەڕەوییان لە زانایان و پیاوچاکاندا کرد، تاوەکوو کردیانن بە چەند خوایەک لەگەڵ خوای گەورەدا، بەشێوەیەک جوولەکەکان زیادەڕەوییان لە عوزەیردا کرد و گوتیان: کوڕی خوایە، گاورەکانیش زیادەڕەوییان لە عیسادا کرد و بەرزیان کردەوە و گوتیان: کوڕی خوایە، بەهەمان شێوەش گەلی نووح زیادەڕەوییان لە پیاوچاکەکانیاندا کرد، وێنە و پەیکەریان بۆ دروست کرد، پاشان پەرستنیان، هەروەها هاوبەشدانانی دیاردەرەکانی قوڕەیشیش زیادەڕەویان لە هێندێک لە پیاوچاکاندا کرد، وەکوو (لات و عوززا و مەنات)، پەیکەریان بۆ دروستکردن و پەرستنیان، بەو شێوەیە ئەم دیاردەیە بەردەوام بوو تاوەکوو ئەمڕۆ، دەبینین خەڵکانێک زیادەڕەوی لە پێغەمبەران و پیاوچاکاندا دەکەن، بەشێوەیەک لێیان دەپارێنەوە و قوربانیان بۆ ئەنجام دەدەن، نەزریان بۆ دەکەن و بە دەوری گۆڕەکانیاندا دەسوڕێنەوە، داوای پێداویستییەکانیان لێ دەکەن.

هەر بۆیەش پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەو کارەی قەدەغە کردووە و فەرموویەتی: «لَا تُطْرُونِي كما أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ؛ فإنَّما أَنَا عَبْدُهُ، فَقُولوا: عبدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ» [٣٩].

واتە: زیادەڕەوی مەکەن لە ستایش و پێداهەڵگوتنی منداا؛ چونکە من تەنها بەندەیەکی خوام، بۆیە ئێوەش بڵێن: بەندەی خوا و نێردراوەکەی.

هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەیدا فەرموویەتی: «واللهِ ما أُحبُّ أن ترفَعوني فَوقَ مَنزِلَتي الَّتي أنزلَني اللَّهُ -عزَّ وجلَّ-» [٤٠].

واتە: سوێند بەخوا پێم خۆش نییە کەوا بەرزم بکەنەوە لەسەرووی پلەی خۆم، ئەوەی کە خوای گەورە منی لێ داناوە.

---

[٣٩] - أخرجه البخاري (٣٤٤٥).

[٤٠] - أخرجه النسائي في "السنن الكبرى" (١٠٠٧٧)، وأحمد (١٢٥٥١) باختلاف يسير.

زیادەڕەویکردن لە کەسەکان، بریتییە لەو شتەی کەوا ئوممەتەکانی پێشووی لەناو برد و خستنیە ناو شیرکی گەورەوە، هەروەکوو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «إياكم والغُلُوَّ في الدينِ، فإنَّما هلَكَ مَنْ كانَ قبلَكُم بالغُلُوِّ في الدينِ» [٤١].

واتە: ئامان! وریاتان دەکەمەوە لە زیادەڕەویکردن لە ئایین، چونکە ئەوانەی پێش ئێوە کە تیاچوون، بەهۆی زیادەڕەویکردن بوو لە ئایینداا.

بۆیە دەبێ زۆر وریا بین و زیادەڕەوی نەکەین لە ماف و پلەوپایەی پێغەمبەران و پیاوچاکاندا، لەو پلەوپایەیە دایان بنێین کە خوای گەورە بۆی داناون، هەروەکوو چۆن نابێت کەمتەرخەمی بکەین لە ڕێزگرتنیان و پێدانی مافیان، پێویستە خۆش بوویستریێن و شوێنیان بکەوین و مافەکانیان پێشێل نەکەین.

*****

[٤١] - أخرجه أحمد (١٨٥١) مطولاً واللفظ له، وأخرجه النسائي (٣٠٥٧)، وابن ماجه (٣٠٢٩) مطولاً باختلاف يسير.

بابەتی چواردەیەم: نکووڵیکردنیان لە حەق و جێگرکردنیان بۆ ناڕەوا و بەتاڵ

أَنَّ كُلَّ مَا تَقَدَّمَ مَبْنِيٌّ عَلَى قَاعِدَةٍ، وَهِيَ: النَّفْيُ وَالإِثْبَاتِ؛ فَيَتَّبِعُونَ الهَوَى وَالظَّنَّ، ويُعْرِضُونَ عَمَّا جَاءَتْ بِهِ الرُّسُلُ.

هەموو ئەوەی پێشوو باس کرا، دامەزراوە لەسەر بنەمایەک، کە بریتییە لە: نکووڵیکردن و جێگرکردن؛ بۆیە ئەوان شوێن هەواوئارەزوو و گومان دەکەون، پشتیش دەکەنە ئەو بەرنامەیەی کە پێغەمبەران پێی هاتوون.

ڕاڤەکردن

هەموو ئەو بەڵگانەی ئەوان دەیانهێنایەوە و هەموو ئەو بیروباوەڕ و بۆچوونانەی کە ئەوان لەسەری بوون، دامەزراوە لەسەر نکووڵیکردن و ڕەتکردنەوەی حەق، جا بەهەر ڕێگەیەک بێت، هەروەها جێگیرکردنی ناڕەوا و بەتاڵ، جا بەهەر بەڵگە و شتێک بێت. واتە ئەوان بیریان نەدەکردەوە و ئامۆژگارییان وەرنەدەگرت، گرینگ ئەوەبوو کە ئەوان پێیان وابوو ئەوەی ئەوان لەسەرینە حەق و ڕاستە، جگە لەوەش هەموو ناحەقە.

کەواتە: ئەوان ئەو شتەیان جێگیر دەکرد کە خوای گەورە نکووڵی لێ کردبوو، ئەو شتەشیان نکووڵی لێ دەکرد کەوا خوا جێگیر کردبوو. خوای پەروەردگار تەوحیدی جێگیر کردووە و فەرمانی پێ کردووە، کەچی ئەوان نکووڵییان لێی دەکرد و ڕەتیان دەکردەوە، شیرکیشی نکووڵی لێ کردووە، کەچی ئەوان جێگیریان دەکرد و فەرمانیان پێ دەکرد.

بۆیە بەهۆی ئەمەوە شوێن ئارەزوو و گومان دەکەوتن، چونکە جێگیرکردنەکەی ئەوان لەسەر ئەمە دامەزرابوو، هەروەکوو خوای گەورە

دەفەرموویێ: ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهْوَى ٱلْأَنفُسُ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلْهُدَىٰٓ﴾ [٤٢].

واتە: تەنها شوێنی گومان و ئەو شتە دەکەون کە نەفسی خۆیان حەزی لێیەتی، لەکاتێکدا کە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارییانەوە هیدایەتیان بۆ هاتووە.

زانایان دەفەرموون: شوێنکوتنی بەتاڵ، ئەگەر بەهۆی نەزانییەوە بێت، ئەوە پێی دەگوترێت: شوێنکەوتنی گومان(الظَّنّ)، ئەگەریش بە زانستەوە بێت، ئەوا پێی دەگوترێ: شوێنکەوتنی هەواوئارەزوو (الهَوَى).

نکوولێکردن و ڕەتکردنەوەکەشیان لەسەر پشتهەڵکردن لە بەرنامەی پێغەمبەران دامەزرابوو، بەبێ ئەوەی گوێ بگرێت، دەیگوت: ئەوەی پێغەمبەران پێی هاتوون: نارەوایە و تەواو.

*****

[٤٢] - [النجم: ٢٣].

بابەتی پازدەیەم: بیانووهێنانەوەیان لە وەرگرتنی حەق و ڕاستی بە بیانووی ناڕەوا و بەتاڵ

اعتِذارُهُم عَنِ اتِّباعِ ما آتاهُمُ اللهُ بِعَدَمِ الْفَهْمِ، كَقولِهِم: ﴿قُلُوبُنَا غُلْفٌ﴾ [البقرة: ٨٨].

﴿يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيراً مِمَّا تَقُولُ﴾ [هود: ٩١].

فَأَكْذَبَهُمُ اللهُ، وبيَّنَ أنَّ ذلك بسببِ الطَّبْعِ على قلوبِهِم، وأنَّ الطبعَ بسببِ كُفرِهِم.

بیانووهێنانەوەیان لە شوێنکەوتنی ئەوەی کە خوای بۆی ناردبوون، بە تێنەگەیشتن[بەوەی لێی تێناگەن]، وەکوو ئەو قسەیەیان کە گوتیان: {ئێمە دڵمان پەردەی بەسەرەوەیە، هیچ لە قسە حاڵی نابین و لێی تێ ناگەین و ناگاتە دڵمان تا ئیمان بێنین}.

هەروەها گوتیان: {ئەی شوعەیب، ئێمە تێناگەین لە زۆرێک لەو هەواڵ و شتانەی کە تۆ باسی دەکەیت لە باسی زیندوو بوونەوە و قیامەت}.

بەڵام خوای بەرز و بڵند بەدرۆی خستنەوە و ڕووبی کردەوە کە ئەمە بەهۆی مۆرێکە بەسەر دڵیانەوە، هەروەها ئەو مۆرەش بەهۆی بێباوەڕییانەوەیە.

ڕاڤەکردن

کاتێک بانگ دەکران بۆ لای پەیامی حەق، یەکێک لەو شێوازانەی کە وەڵامیان پێ دەدایەوە: ئەوەبوو کە دەیانگوت: ئێمە لەو قسانە تێناگەین، ئەو

قسانە ڕوون نیین، دڵمان پەردەی بەسەرەوەیە، ئەو جۆرە قسانەیان دەکردە بیانووی وەڵام نەدانەوەی پێغەمبەران، ئەمە لە کاتێکدا پێغەمبەران بە پەیامی ڕوون و ئاشکرا هاتبوون، بەڵگەکانیان زۆر ڕۆشن بوو. پێغەمبەر شوعەیب -صلى الله عليه وسلم- بە وتاربێژی پێغەمبەران ناسرابوو؛ لەبەر ڕەوانبێژی و زمانپاراوییەکەی، کەچی ئەوان دەیانگوت: ئەی شوعەیب، ئێمە تێناگەین لە زۆرێک لەو هەواڵ و شتانەی کە تۆ باسی دەکەیت.

هەروەها ئەمە پیشەی بێباوەڕانی قوڕیشیش بوو: ﴿وَقَالُواْ قُلُوبُنَا فِيٓ أَكِنَّةٖ مِّمَّا تَدۡعُونَآ إِلَيۡهِ وَفِيٓ ءَاذَانِنَا وَقۡرٞ وَمِنۢ بَيۡنِنَا وَبَيۡنِكَ حِجَابٞ فَٱعۡمَلۡ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ﴾[٤٣].

واتە: دەڵێن دڵەکانمان لەناو چەند پەردەیەکدایە، (تێناگەین) لەوەی تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەیت، هەروەها لە گوێیەکانماندا گرانی و کەڕی هەیە و لەنێوان ئێمە و تۆدا پەردەیەک هەیە، کەواتە تۆ کاری خۆت بکە و بێگومان ئێمەیش کاری خۆمان دەکەین.

بەڵام خوای گەورە بەدرۆی خستنەوە و ڕوونی کردەوە کە هۆکارەکە ئەوە نییە، بەڵکوو هۆکارەکە ئەوەیە کە بەهۆی کوفریانەوە، خوای گەورە نەفرەتی لێ کردوون و دووری خستوونەتەوە لە ڕەحمەتی خۆی، مۆری ناوە بەسەر دڵیانەوە بەهۆی کوفر و پشتهەڵکردنیان لە پەیامی پێغەمبەران، لەبەر ئەوەیە کەوا هیدایەت وەرناگرن، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿فَبِمَا نَقۡضِهِم مِّيثَٰقَهُمۡ وَكُفۡرِهِم بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَقَتۡلِهِمُ ٱلۡأَنۢبِيَآءَ بِغَيۡرِ حَقّٖ وَقَوۡلِهِمۡ قُلُوبُنَا غُلۡفُۢۚ بَلۡ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيۡهَا بِكُفۡرِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُونَ إِلَّا قَلِيلٗا﴾[٤٤].

---

[٤٣] - [فصلت: ٥].

[٤٤] - [النساء: ١٥٥].

واتە: جا بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانیان و بەهۆی بڕوا نەهێنانیان بە ئایەتەکانی خوا و کوشتنی پێغەمبەرانیان بە ناڕەوا(وەک زەکەریا و یەحیا)، هەروەها بەهۆی ئەو وتەیەیان: ئێمە دڵمان داپۆشراوە، نەخێر وا نییە، بەڵکوو خوا مۆری ناوە بەسەر دڵەکانیاندا، بەهۆی باوەڕ نەهێنانیانەوە، کەواتە باوەڕ ناهێنن مەگەر کەمێکیان نەبێت.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾ [٤٥].

واتە: جا کاتێک لایاندا لە حەق، خوای دڵی وەرگێڕان، خوا ڕێنموونی گەلی لەڕێدەرچوو ناکات.

*****

[٤٥] - [الصف: ٥].

بابەتی شازدەیەم: جوولەکەکان تەورِاتیان گۆڕیبووەوە بە پەرتووکەکانی سیحر و جادوو

اعْتِيَاضُهُمْ عَمَّا آتَاهُمُ اللهُ بِكُتُبِ السِّحْرِ، كَمَا ذَكَرَ اللهُ ذَلِكَ فِي قَوْلِهِ: ﴿وَلَمَّا جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِنْ عِنْدِ اللهِ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ كِتَابَ اللهِ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لا يَعْلَمُونَ ۞ وَاتَّبَعُوا مَا تَتْلُوا الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ﴾ [البقرة: ١٠١-١٠٢].

جوولەکەکان لە بڕی ئەو بەرنامەیەی کە خوای گەورە بۆی ناردبوون، شتێکی دیکەیان بۆ خۆیان دانابوو و گۆڕیبوویانەوە بە پەرتووکەکانی سیحر و جادوو، هەروەکوو خوای گەورە ئەمەیان لەبارەوە باس دەکات لەو فەرمایشتەیدا: {کاتێک کە پێغەمبەرێکیان بۆ هاتووە لەلایەن خوای گەورەوە -کە موحەممەدە -صلى الله عليه وسلم-، ئەو قورئانەی هێناویەتی بەڕاستدانەری تەورِاتە و لەگەڵ تەورِاتدا یەک شتە لە یەکخواپەرستی و هەردووکی لەلایەن خوای گەورەوە هاتووە، دیسانەوە کۆمەڵێک لە جوولەکە ئەو کیتابەی خوای گەورە کە بۆی ناردبوون، فڕێیان دایە پشت خۆیان، واتە: تەورِاتیان فڕێدا؛ لەبەر ئەوەی کە کوفریان کرد بە پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- ئەوە کوفر کردنە بە تەورِاتیش؛ لەبەر ئەوەی لە تەورِاتیشدا باسی ئەوە هاتبوو کە ئیمان بە پێغەمبەری خوای گەورە بێنن، وەک ئەوەی کە هیچ شتێک نەزانن و زانستیان نەبێ لە کاتێکدا کە زانستیان هەبووە. هەروەها ئەوان شوێنی ئەو شتانە کەوتن کە شەیتانەکان

دەیانخوێندەوە لە سەردەمی سولەیمان -صلى الله عليه وسلم- کە وایاندەزانی ئەمە زانستێکە و سولەیمان بەجێی هێشتووە، لە کاتێکدا کە سولەیمان کوفری نەکرد و سیحری نەکرد، ئەو پێغەمبەری خوا بوو، بەڵکوو شەیتانەکان کافر بوون، بەهۆی سیحر کردنیانەوە، کە جوولەکە دەیانگوت سولەیمان کوفری کردووە و سیحر و جادووی کردووە و سوژدەی بۆ بت بردووە، بەڵام خوای گەورە سولەیمان بەری دەکات لەو شتانە، کە شەیتانەکان خەڵکیان فێرە سیحر و جادوو دەکرد}.

ڕاڤەکردن

جوولەکەکان کاتێک بێباوەڕ بوون بەو تەورێتەی کەوا باسی سیفاتەکانی موحەممەدی تێدایە -صلى الله عليه وسلم-، هەروەها فەرمانکردن بە شوێنکەوتنی، ئەوەبوو خوای گەورە تاقیکردنەوە بەوەی دەستیان گرت بە پەرتووکەکانی سیحر و جادوو کە کاری شەیتانەکانە، قسەی پەروەردگاریان فرێدا و پشتیان تێ کرد، لەجیاتی ئەو دەستیان گرت بەو پەرتووکە پووچانەوە، کەوابوو کاری شەیتانەکانیان گۆڕییەوە بە وەحی پەروەردگار، ئەمەش سزایەک بوو بۆ ئەوان؛ چونکە هەر کەسێک پشت هەڵبکات لە حەق، ئەوە خوای گەورە تاقی دەکاتەوە بە ناحەق و بەتاڵ.

بۆیە دەبینین ئەوانەی کەوا پشت دەکەنە یەکخواپەرستی و بانگەوازی پێغەمبەران، تاقی دەکرێنەوە بە شیرک و خورافیات و دەستی پێوە دەگرن و بانگەوازیشی بۆ دەکەن -پەنا بە خوای گەورە-.

*****

بابەتی حەڤدەیەم: نیسبەتدانی شتی پووچ و بەتاڵ بۆ لای پێغەمبەران

نِسْبَةُ بَاطِلِهِمْ إِلَى الأَنبِيَاءِ، كَقَوْلِهِ: ﴿وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ﴾ [البقرة: ١٠٢].

وَقَوْلِهِ: ﴿مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيّاً وَلا نَصْرَانِيّاً﴾ [آل عمران: ٦٧].

بەتاڵ و نارەوای خۆیان دەدایە پاڵ پێغەمبەران، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: {کاتێکدا کە سولەیمان -صلى الله عليه وسلم- کوفری نەکرد و سیحری نەکرد، ئەو پێغەمبەری خوا بوو}.

هەروەها ئەو فەرمایشتەشی کە دەفەرموێ: {ئیبڕاهیم -صلى الله عليه وسلم- نە جوولەکە بووە و نە گاور بووە}.

ڕاڤەکردن

ئەمەش بەهەمان شێوە یەکێکی دیکەیە لە ڕێچکە و دیاردەکانی خەڵکی سەردەمی نەفامی، کە شتە بەتاڵ و پووچەکانی خۆیان دەدایە پاڵ پێغەمبەران؛ ئەمەش لەپێناو برەو پێدان و بڵاوکردنەوەی. جوولەکەکان کاتێک دەستیان گرت بە پەرتووکەکانی سیحر و جادوو، بۆ برەودان بەو بابەتە، ئەوەبوو گوتیان ئەو پەرتووکانە هی سولەیمانە لەژێر کورسیەکەی ئەودا دۆزیومانەتەوە و ئەو کاری سیحر ئەنجام دەدات. بەڵام خوای پەروەردگار پێغەمبەر سولەیمانی لەو کارە بەری کرد و فەرمووی: {سولەیمان کوفری نەکرد و سیحری نەکرد}.

هەروەها هاوشێوەی ئەمە، بریتیی بوو لە بانگەشەی جوولەکە و گاورەکان بەوەی کە پێغەمبەر ئیبڕاهیم -صلى الله عليه وسلم- جوولەکەیە، یان گاورە، هەریەکەیان بانگەشەی ئەوەی دەکرد کەوا لەسەر ئایینی ئەوانە، ئەمەش

بەڕاستی جێگای سەرسوڕمان بوو؛ لەبەر ئەوەی تەورات و ئینجیل دوای ئەو دابەزی و پێغەمبەر عیسا و مووسا دوای ئەو ڕەوانە کران، ئیتر چۆن دەبێت بە شوێنکەوتەی ئەوان؟! لەنێوانی ئەو و ئەواندا چەندان سەدە هەبوو! بگرە ئەو قسەیە درۆیەکی ئاشکرا بوو، چونکە مێژوو بە درۆی دەخستەوە، بۆیە خوای بەرز و بڵند بانگەشەکەیانی بەدرۆ خستەوە و فەرمووی: ﴿مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ [٤٦].

واتە: ئیبڕاهیم نە جوولەکە بووە و نە گاوور، بەڵکوو پاک و خواپەرست و فەرمانبەر بوو، هەروەها لە هاوبەش پەیداکەران نەبوو.

هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوْرَىٰةُ وَٱلْإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعْدِهِۦٓ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ [٤٧].

واتە: ئەی خاوەن نامەکان، بۆچی دەمەقاڵێ دەکەن دەربارەی ئیبڕاهیم، لە کاتێکدا کە تەورات و ئینجیل نەنێردراونەتە خوارەوە، ئیللا لە دوای ئیبڕاهیم نەبێت، دەی بۆ تێ ناگەن؟

ئێستاش دەبینین لەناو ئەو ئوممەتەدا کەوا خەڵکانێکی گومڕا و لادەر بۆ بڕەودان بە شیرک و بیدعە و شتە پڕوپووچەکانی خۆیان، خۆیان دەدەنە پاڵ هێندێک لە زانایان و پیاوچاکانەوە، وەکوو ئەوانەی کەوا بە خۆیان دەڵێن (قادری)، لەکاتێکدا شێخ عەبدولقادری گەیلانی زانا و پێشەوایەکی بیروباوەڕ پاک و حەنبەلی مەزهەب بوو، ئەو بەرییە لەو کارانەی کە ئەوان دەیکەن.

---

[٤٦] - [آل‌عمران: ٦٧].

[٤٧] - [آل‌عمران: ٦٥].

یاخود خەڵکانێک خۆیان دەدەنە پاڵ پێشەوا شافیعی، کەچی لە بیروباوەڕدا ئەشعەری و موعتەزیلە و جەهمیین، ئەو بیروباوەڕە هەڵە و بەتاڵەی خۆیان دەدەنە پاڵ پێشەوانی سەلەف، بەڵام ئەوان لێی بەرینە.

کەواتە پێویستە موسڵمان وریا بێت، مەرج نییە کە هەر شتێک درایە پاڵ پێغەمبەران و زانایان و پیاوچاکان، ڕاست بێت و بیروباوەڕی ئەوان بێت.

*****

بابەتی هەژدەیەم: خۆدانەپاڵیان بۆ لای پێغەمبەران لەگەڵ سەرپێچیکردنیان

تنَاقُضُهُمْ فِي الانْتِسَابِ؛ ينْتَسِبُونَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ مَعَ إِظْهَارِهِمْ تَرْكَ اتِّبَاعِهِ.

پێچەوانەیی و دژبەیەکیان لە خۆدانەپاڵدا؛ بەشێوەیەک خۆیان دەدایە پاڵ پێغەمبەر ئیبڕاهیم، لەگەڵ دەرخستن و ئاشکراکردنی وازهێنان لە شوێنکەوتنی.

ڕاڤەکردن

پێچەوانەیی و دژبەیەکیی لە خۆدانەپاڵ: بریتییە لەوەی لەیەک کاتدا خۆت بدەیتە پاڵ شتێک، لەهەمان کاتیشدا سەرپێچی بکەیت و پێچەوانەی بیت، ئەمەش خۆدانەپاڵێکی بەتاڵ و درۆیە.

خۆداپاڵی ڕاست و دروست: ئەوەیە کە خۆت بدەیتە پاڵ شتێک و موافیقیشی بیت، ئەو کەسەی خۆی دەداتە پاڵ پێغەمبەر ئیبڕاهیم، دەبێت لەسەر ڕێبازی ئەو بێت و یەکخواپەرست بێت، نابێت هاوبەشبڕیاردەر بێت.

بەهەمان شێوەش ئەو کەسەی خۆی دەداتە پاڵ پێشەواکان، دەبێت لەسەر بیروباوەڕی ئەوان بێت، نەوەک لەسەر بیروباوەڕی موعتەزیلە و جەهمی و ئەشعەرییەکان بێت.

*****

بابەتی نۆزدەیەم: ڕەخنەگرتن و تانەدان لە پیاوچاکان بەهۆی کردەوەی هێندێک لەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵیان

قَدْحُهُمْ فِي بَعْضِ الصَّالِحِينَ بِفِعْلِ بَعْضِ المُنْتَسِبِينَ إِلَيْهِمْ؛ كَقَدْحِ اليَهُودِ فِي عِسى، وَقَدْحِ اليَهُودِ فِي عِيسى، وَقَدْحِ اليَهُودِ وَالنَّصَارَى فِي مُحَمَّدٍ -صلى الله عليه وسلم-.

تانەدانیان لە هێندێک پیاوچاکان بەهۆی کردەوەی هێندێک لەوانەی دەدرێنە پاڵیان؛ وەکوو تانەدانی جوولەکەکان لە پێغەمبەر عیسا[بەهۆی هەڵەی هێندێک لە شوێنکەوتەکانی]، هەروەها تانەدانی جوولەکە و گاورەکان لە موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-.

ڕاڤەکردن

ئەمە یەکێکە لە کارە نەفامییەکان؛ تۆ بێیت بەهۆی هەڵە و کردەوەی خراپی کەسێک، تانە بدەیت لەو کەسەی کە شوێنی کەوتووە، بۆیە ئەوان کردەوەی شوێنکەوتەکانیان دەدایە پاڵ شوێنکەوتراوەکان، بۆیە ئەگەر هەڵە و لادانێک هەبێت لەلایەن هێندێک لە شوێنکەوتەکانەوە، ئەوا نادرێتە پاڵ ئەسڵەکە، بەڵکوو دەدرێتە پاڵ ئەو کەسەی کە ئەو هەڵەیەی لێوە دەرچووە؛ چونکە کەس تاوانی کەسی دیکە هەڵناگرێت، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ [٤٨].

واتە: هیچ کەسێکی گوناهکار، گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێ.

---

[٤٨] - [الأنعام: ١٦٤].

ئینجا خەڵکی سەردەمی نەفامی، بەو کارەیان مەبەستیان گومان دروستکردن بوو لە پێغەمبەران.

*****

بابەتی بیستەم: بیروباوەڕیان وابوو کە کار و کردەوەی جادووگەر و فاڵچییەکان، بەشێکە لە کەرامەتی وەلی و پیاوچاکەکان

اعْتِقَادُهُمْ فِي مخَارِيقَ السَّحَرَةِ وَأَمْثَالِهِمْ أَنَّهَا مِنْ كَرَامَاتِ الصَّالِحِينَ، وَنِسْبَتِهِ إِلَى الأَنبِيَاءِ، كَمَا نسَبُوهُ لِسُلَيْمَانَ -عَلَيْهِ السَّلَامُ-.

بیروباوەڕیان دەربارەی کردەوە لە عادەت بەدەرەکانی ساحیرەکان و هاوشێوەکانیان وابوو، کە بەشێکن لە کەرامەتەکانی پیاوچاکان، هەروەها دەیاندایە پاڵ پێغەمبەران، کەروەکوو چۆن دایانە پاڵ سولەیمان -عَلَيْهِ السَّلَام.

راڤەکردن

وشەی (مَخَارِيق): بەو کارانە دەگوترێت کە لە عادەتی خەڵکی بەدەرە و کەس لە توانایدا نییە، تەنها خوای گەورە نەبێت. جا ئەگەر ئەو کارە لەسەر دەستی پێغەمبەرێک ڕوو بدات، ئەوە پێی دەگوترێت: (موعجیزە)، وەکوو گۆڕینی گۆچان بۆ مار لەلایەن موسا، یا زیندووکردنەوەی مردوو لەلایەن عیسا، ئەگەریش لەسەر دەستی بەندەیەکی چاکەکار ڕوو بدات، ئەوە پێی دەگوترێت: (کەرامەت)، وەکوو ئەوەی ڕوویدا بۆ هاوەڵانی ئەشکەوت لە نووستنێکی زۆر و درێژ، بەڵام ئەوەی کەوا بە شتی لە عادەت بەدەر دەچێت و لەسەر دەستی بێباوەڕەکان ڕوو دەدات، ئەوەیان پێی دەگوترێت: سیحر و جادووگەریی و چاوبەستکردن و فێڵکردن.

کەواتە ئەوەی لەسەر دەستی جادووگەر و فاڵچییەکان ڕوو دەدات، کەرامەت نییە، بەڵکوو جادووگەریی و چاوبەستکردنە.

بابەتی بیست و یەکەم: خواپەرستی کردنیان بە فیکە لێدان و چەپڵە لێدان

تَعَبُّدُهُمْ بِالمُكَاءِ والتَّصْدِيَةِ.

خواپەرستی کردن و خۆنزیککردنەوەیان لە خوا، بە فیکە لێدان و چەپڵە لێدان.

ڕاڤەکردن

یەکێک لەو بابەتانەی خەڵکی سەردەمی نەفامی دەیانکرد و پێغەمبەریش - صلى الله عليه وسلم- پێچەوانەی کردن، بریتیی بوو لە خواپەرستی کردنیان بە فیکە لێدان و چەپڵە لێدان، هەروەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً﴾[٤٩].

واتە: نوێژی ئەوان (بتپەرستەکان) لەماڵی خوادا هیچ نییە، جگە لە فیکە کردن و چەپڵە لێدان نەبێت.

بەڵێ، ئەو کارەیان لە ماڵی خوا ئەنجام دەدا و ناویشیان لێنابوو (نوێژکردن) و خۆیان پێ لە خوا نزیک دەکردەوە. ئەمەش کارێک بوو کە شەیتانەکان بۆی ڕازاندبوونەوە؛ چونکە خواپەرستی دەبێت بەو شێوەیە بێت، کە خوای گەورە داینواوە و دیاری کردووە.

بۆیە لێرەوە حەرامبوونی ئەو دوو کردەوەیە وەردەگیرێت: واتە: فیکە لێدان و چەپڵە لێدان، ئەگەرچی مەبەستیشی پێیان پەرستن نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمە خۆچواندنە بە هاوبەشبڕیاردەرەکان.

---

[٤٩] - [الأنفال: ٣٥].

بابەتی بیست و دووەم: ئایینیان کردبوو بە گەمە و گاڵتە

أَنَّهُمُ اتَّخَذُوا دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِباً.

ئەوان ئایینەکەی خۆیان کردبوو بە گەمە و گاڵتە.

ڕاڤەکردن

ئەو باسە دوو واتا بەخۆیەوە هەڵدەگرێت، هەردوو واتاکەش بە نیسبەت ئەوانەوە دروستە:

یەکەم: ئەو ئایینەی کە خوای گەورە بۆ مرۆڤەکانی نارد، ئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد، واتە: کاتێک باسی ئایینی ئیسلام و فەرمان و حوکمەکانی بکرابا لەلای ئەوان، گاڵتەیان پێ دەکرد و پێی پێدەکەنین.

دووەم: ئەو ئایینەی کە بۆ خۆیان دایانهێنابوو، جۆرێک بوو لە گەمە و گاڵتە و زیاتر لە گەمە و گاڵتە دەچوو، نەوەک خواپەرستی و خۆ نزیککردنەوە لە خوا، واتە: ئەو عیبادەتانەی ئەنجامیان دەدا وەکوو گەمە و گاڵتە وابوو.

خوای پەروەردگاریش دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِبًا وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۚ فَٱلْيَوْمَ نَنسَىٰهُمْ كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوْمِهِمْ هَٰذَا وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ﴾ [٥٠].

---

[٥٠] - [الأعراف: ٥١].

واتە: ئەوانەی کە ئاینەکەی خۆیان کردبووە سەرقاڵی بێ سوود و گەمە و گاڵتە، هەروەها ژیانی دونیا هەڵی خەڵەتاندن، بۆیە ئەمڕۆ ئەوان لە بیر خۆمان دەبەینەوە، هەرچۆنێک ئەوان دیداری ئەم ڕۆژەیان لە بیری خۆیان بردبووەوە، (لەبەر ئەوەی) ئایەتەکانی ئێمەیان ئینکاری دەکرد، واتە دانیان پێدا نەدەهێنا.

بەداخەوە! ئەو دیاردەیە لە ناو سۆفییەکانیشدا بوونی هەیە، دەبینین کە سەما و هەڵپەڕکی لەلای ئەوان بۆتە دینداری و بەشێوەیەک یادی خوای گەورە دەکەن، کە زیاتر لە گامە و گاڵتە و ڕابواردن دەچێت، نەوەک خواپەرستی و ملکەچی بۆ خوا.

*****

بابەتی بیست و سێیەم: هەڵخەڵەتان و فریوخواردن بە دونیا

أَنَّ الحَيَاةَ الدُّنيَا غَرَّتْهُمْ، فَظَنُّوا أَنَّ عَطَاءَ اللهِ مِنْهَا يَدُلُّ عَلَى رِضَاهُ، كَقَوْلِهِمْ: ﴿نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالاً وَأَوْلاداً وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾[سبأ: ٣٥].

بێگومان ژیانی دونیا هەڵیخەڵەتاندن و تووشی فیتەی کردن، بۆیە وایان گومان برد کە ئەوەی خوا پێی بەخشیون لە دونیا، بەڵگەیە لەسەر ڕازیبوونی [و خۆشویستنی خوای گەورە بۆیان]، وەکوو ئەو قسەیەیان کە گوتیان: {خوای گەورە فەزڵی ئێمەی داوە بەسەر ئێوەدا، ئەوەتا ئێمە ماڵ و منداڵان لە ئێوە زیاترە لە دونیا، ئەگەر لە ڕۆژی قیامەتیش زیندوو بوونەوە هەبێ، ئەوا ئێمە هەرگیز سزا نادرێین}.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

خەڵکی سەردەمی نەفامی پێیان وابوو کەوا ئەو ماڵ و منداڵەی کە خوا پێی بەخشیون، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕێزی لێ گرتوون و خۆشی دەوێن، دواجاریش سزایان نادات، بۆیە ئەوان: ﴿وَقَالُواْ نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ (٥١).

بەڵام خوای بەرز و بڵند فەرمووی: ﴿قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ۞ وَمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُم بِٱلَّتِي

(٥١) - [سبإ: ٣٥].

تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَىٰٓ إِلَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ جَزَآءُ ٱلضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا۟ وَهُمْ فِى ٱلْغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ﴾ [٥٢].

واتە: بڵێ بەڕاستی پەروەردگارم ڕۆزی فراوان دەکات و دەیگرێتەوە بۆ هەر کەسێک بیەوێت، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن. سامان و منداڵیشتان شتێک نین لای ئێمە پلە و پایەتان نزیک بکەنەوە، مەگەر ئەوەی باوەڕی هێنابێ و کردەوەی چاکی کردبێ، بۆ ئەوانە پاداشتی دوو بەرانبەر هەیە، بەهۆی ئەو چاکانەی کە کردوویانە، ئەوان لە کۆشکە بەرزەکانی بەهەشتدا لە ئاسایش و ئەمان دان.

بۆیە دونیا و سەروەت و سامان و منداڵی زۆر، پێوەر نییە و هیچ بایەخێکی نییە، بەڵگەش نییە لەسەر ڕێز و خۆشەویستی خوا بۆ ئەو کەسەی کە دونیای پێ داوە، چونکە خوای گەورە دونیا بە هەموو کەسێک دەدات، بەو کەسەی کە خۆشی دەوێت و بەو کەسەشی کە خۆشی ناوێت، وەکوو دەفەرموێ: ﴿كُلًّا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنْ عَطَآءِ رَبِّكَ ۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا﴾ [٥٣].

واتە: هەردوو کۆمەڵەکە ئەوەی کە دونیای دەوێ و ئەوەشی کە قیامەتی دەوێ، لە دونیادا بە هەردووکیان دەبەخشین، بەخشینی پەروەردگارت هەرگیز قەدەغەکراو نەبووە لەسەر هیچ لایەکیان.

هەروەها پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «لَوْ كَانَتِ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ، مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ» [٥٤].

---

[٥٢] - [سبإ: ٣٦- ٣٧].

[٥٣] - [الإسراء: ٢٠].

[٥٤] - رواه الترمذي (٢٣٢٠)، وصححه الألباني.

واتە: ئەگەر لەلای خوای گەورە دونیا هاوشێوەی باڵە مێشوولەیەک بووایە، ئەوا قومە ئاوێکی نەدەدا بە کەسی بێباوەڕ. چجای سامانێکی زۆر و خانوو و قەسری بەرز و گەورە!

کەواتە نابێت دونیا و خۆشی و ڕازاوەییەکەی بکرێتە تەرازوو و پێوەری ڕێز و خۆشەویستی خوا، بەڵکوو ئەو کەسە لەلای خوا بەڕێز و خۆشەویستە، کەوا باوەڕدار بێت و کردەوەی چاکە ئەنجام بدات، جا یەکسانە دەوڵەمەند بێت، یان هەژار.

*****

بابەتی بیست و چوارەم: پشتهەڵکردنیان لە حەق، ئەگەر لاواز و هەژارەکان لەسەری بوونایە

تَرْكُ الدُّخُولِ فِي الحقِ إذا سَبَقَهُم إليهِ الضُّعَفَاءُ؛ تَكَبرًا وَأَنَفَةً، فأنزلَ اللهُ تعالى: ﴿وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ﴾ الآيات [الأنعام: ٥٢].

وازهێنان لە چوونە ناو بازنەی حەق و ڕاستی، ئەگەر لاوازەکان پێشیان بکەوتنایە لە وەرگرتن و شوێنکەوتنی؛ ئەمەش لەبەر خۆبەگەورەزانین و لووتبەرزییان بوو، بەڵام خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند: {ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، تۆ ئەو کەسانە دەرمەکە کە لە خوای گەورە دەپارێنەوە}.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

یەکێک لەو فیتنانەی کە خەڵکی سەردەمی نەفامی تووشی ببوون، ئەوەبوو لەبەر خۆبەگەورەزانینیان و بە کەم سەیرکردنی هەژار و لاوازەکان، شوێنی حەق نەدەکەوتن و ڕەتیان دەکردەوە، دەیانگوت: چۆن ئێمە شوێنی ئەو ئایینە بکەوین، لەکاتێکدا ئەو لاواز و هەژارانە، پێشی ئێمە کەوتوون و شوێنی کەوتوون؟! بۆیە دەیانگوت: ﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنۢ بَيۡنِنَآۗ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ﴾[٥٥].

واتە: ئایا ئەوانە خوا ڕێز و بەهرەی پێ بەخشیوون لە ناو ئێمەدا؟ [خوای گەورەش ئاوا وەڵامی دانەوە] ئایا خوا لە هەموو کەس زاناتر نییە بەوانەی شوکرانە بژێرن؟

---

[٥٥] - [الأنعام: ٥٣].

بە نیسبەت ئەو ئایەتەش کەوا دانەر باسی کردووە و بۆ بابەتەکە هێناویەتییەوە، زانایان دەڵێن: هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە ئەوەبوو، کە هێندێک لە سەرانی قورەیش بەلای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دا ڕۆیشتن لەکاتێکدا سوهەیب و عەمماڕ و بیلال و خەببابی لەلا بوو، هەروەها هاوشێوەی ئەمانە لە موسڵمانە لاواز و بێدەسەڵاتەکان، ئەوانیش گوتیان: ئەی موحەممەد، ئایا لە گەلەکەت تۆ بەوانە ڕازی بوویت؟ ئەوانە خوا ڕێز و بەهرەی پێ بەخشیوون لە ناو ئێمەدا؟ ئایا ئێمە ببینە شوێنکەوتەی ئەمانە؟! دەریانکە و لە خۆتیان دوورخەوە! بەشکوو ئەگەر دەرتکردن، ئێمەش شوێنت بکەوین! خوای گەورەش ئەو ئایەتەی دابەزاند.

*****

بابەتی بیست و پێنجەم: بەڵگەهێنانەوە لەسەر پووچەڵیەتی شتێک، بەوەی لاوازەکان دەستپێشخەرییان کردووە لە شوێنکەوتنی

الإستِدلالُ على بُطلانِهِ بِسَبْقِ الضَّعفاءِ، كقولِهِ: ﴿لَوْ كَانَ خَيْرًا مَا سَبَقُونَا إِلَيْهِ﴾ [الأحقاف: ١١].

بەڵگەیان دەهێنایەوە لەسەر پووچەڵیەتی و بەتاڵیەتی حەق، بەهۆی دەستپێشخەری لاوازەکان لە شوێنکەوتنی، وەکوو ئەو قسەیەیان کە دەیانگوت: {ئەگەر ئەم قورئانە خێر و چاکە بوایە، ئەوە ئەم کۆیلە و هەژارانە پێش ئێمە نەدەکەوتن و ئێمە پێش ئەوان ئیمانمان دەهێنا}.

ڕاڤەکردن

دەیانگوت: ئێمە کەسانی خاوەن فیکر و مەعریفەتین، شارەزاین و لە کاروبارەکان دەزانین، کاتێک دیتمان ئەو ئایینەی موحەممەد هێناویەتی، ڕاست نییە، وازمان لێی هێنا و شوێنی نەکەوتین، چونکە ئەگەر حەق بووایە، ئەوانە - مەبەستیان بیلال و عەممار و خەببابب و سوهەیب و هاوشێوەکانیان بوو- پێشی ئێمە شوێنی نەدەکەوتن، بەڵکوو کەسانی بەهێز و گەورەکان شوێنی دەکەوتن، وایاندەزانی بە دەوڵەمەندی و دەسەڵاتدارێتییە، کەواتە وازهێنانمان لێی، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حەق نییە.

ئەمەش بەڕاستی پووچەڵترین بەڵگەیە؛ لەبەر ئەوەی شوێنکەوتنی حەق نەوەستاوە لەسەر چینێک لە خەڵکی ناو کۆمەڵگا، بەڵکوو شوێنکەوتنی حەق مننەتێکە خوای گەورە لەگەڵ ئەو کەسەی دەکات کە شوێنی دەکەوێت و دەستی پێوە دەگرێت.

ئینجا زۆرینەی شوێنکەوتووانی پێغەمبەرانیش لە لاواز و بێدەسەڵات و هەژارەکان بوونە؛ چونکە خۆیان بەگەورە نەزانیوە.

*****

بابەتی بیست و شەشەم: گۆڕین و دەستکاری کردنی بەڵگەکانی قورئان دوای زانین و ناسینی، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەواوئارەزوویان بگونجێت

تَحْرِيفُ كِتابِ اللهِ مِنْ بَعدِ ما عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ.

گۆڕین و دەستکاری کردنی کتێبی خوای گەورە، لەپاش تێگەیشتنی، لەکاتێکدا ئەوان دەشیانزانی کە کارێکی ناڕەوایە کە ئەنجامی دەدەن.

ڕاڤەکردن

یەکێک لە کارە ناڕەواکانی جوولەکە و گاورەکان، بریتیی بوو لە گۆڕین و دەستکاری کردنی کتێبی خوا، ئەمەش دوای تێگەیشتنی و زانینی، دەستکارییان دەکرد، جا بە لێ زیادکردن، یان بە لێ کەمکردن، یاخود بە گۆڕینی واتاکە، هەموو ئەمەش بۆ ئەوەی لەگەڵ ئارەزووی ئەوان بگونجێت، وەکوو دەفەرموێ: ﴿أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُواْ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [٥٦].

واتە: جا ئایا بەتەمان (ئەی موسوڵمانینە) کە (جوولەکە) بڕوا بێنن بە ئایینەکەتان، لەکاتێکدا کە دەستەیەک لەوان فەرموودەی خوایان دەبیست (لە تەوراتدا)، کەچی لەپاش تێگەیشتنی، دەستکاریان دەکرد و ئەوان دەشیانزانی کە کارێکی ناڕەوایە.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ﴾ [٥٧].

---

[٥٦] - [البقرة: ٧٥].

[٥٧] - [النساء: ٤٦].

واتە: هەندێک لە جوولەکەکان فەرموودەکانی خوا لە شوێن و مەبەستی خۆی دەگۆڕن.

بەڵێ، ئەمە ڕێچکەی ئەهلی بەتاڵە، کە بەداخەوە تا ئێستاش موسڵمانان بەدەست ئەو دەردەوە دەناڵێنن، ئەهلی بیدعە و فیرقە گومڕاکان، دێن دەستکاری دەقەکان دەکەن و بە ئارەزووی خۆیان واتای ئایەت و فەرموودەکان دەگۆڕن، بەتایبەتیش ئایەتەکانی ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە، ئەمەش بەس لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەواوئارەزوو و بیروباوەڕەکەیان بگونجێت.

*****

بابەتی بیست و حەفتەم: دانانی کتێبی پووچ و بەتاڵ و دانە پاڵ خوای گەورە

تَصْنِيفُ الكُتُبِ البَاطِلَةِ وَنِسْبَتُهَا إِلَى اللهِ، كَقَوْلِهِ: ﴿فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللهِ﴾ [البقرة: ٧٩].

دانانی کتێبی پووچ و بەتاڵ و ناڕەوا و دانە پاڵیان بۆ لای خوای گەورە، وەکوو ئەو فەرمایشتەی کە خوا دەفەرموێ: {تیاچوون و لەناوچوون و هەڕەشەی سەخت و سزای دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کە بە دەستی خۆیان و بەهەواوئارەزووی خۆیان ئەو کیتابانە دەنووسنەوە (ئەم ئایەتە لەسەر زانایانی جوولەکە دابەزیووە)، پاشان دەیدەنە پاڵ خوای گەورە و دەڵێن ئەمە لەلایەن خوای گەورەوە هاتووە و فەرموودەی خوای گەورەیە}.

ڕاڤەکردن

ئەمەش یەکێکی ترە لە ڕێچکەکانی خەڵکی سەردەمی نەفامی، بۆ بڕەودان و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونە ناڕەوا و بەتاڵەکانی خۆیان، هەڵدەستان کتێبیان دادەنا و بە دەستی خۆیان دەیاننووسیەوە، پڕیان دەکرد لە شتی پووچ و ناڕەوا، دواییش دەیانگوت ئەوە فەرموودەی خوایە و لەلایەن خواوە هاتووە.

ئێستاش خەڵکانێک هەمان شت دووبارە دەکەنەوە و خۆیان بەو جوولەکانە دەچوێنن، شتانێک دەڵێن بە ناوی ئایینەوە، دواییش دەڵێن: ئا ئەوە ئایینی خوای گەورەیە، یان هێندێکیان دەڵێن: ئەوە دڵم هەواڵی پێدام لەلایەن خوای گەورەوە!

*****

بابەتی بیست و هەشتەم: وەرنەگرتنی ئەو حەقەی کە لەلای غەیری خۆیان بوو

أَنَّهُمْ لَا يَقْبَلُونَ مِنَ الحَقِّ إِلاَّ الَّذِي مَعَ طَائِفَتِهِمْ، كَقَوْلِهِ: ﴿قَالُوا نُؤْمِنُ بِمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا﴾ [البقرة: ٩١].

ئەوان حەقیان وەرنەدەگرت، تەنها ئەوە نەبێت کە لەگەڵ کۆمەڵ و گرووپەکەی خۆیان بوو، وەکوو ئەو فەرمایشتەی خوای پەروەردگار کە دەفەرموێ: {دەڵێن: ئێمە ئیمان دێنین بەوەی بۆسەر خۆمان دابەزیوە، واتە: تەورات}.

ڕاڤەکردن

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُواْ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوٓاْ نُؤْمِنُ بِمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَآءَهُۥ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ﴾ [٥٨].

واتە: کاتێک پێیان بگوترایە: بڕوا بهێنن بەوەی کە خوا ناردوویەتیە خوارەوە (کە قورئانە)، دەیان گوت: ئێمە بڕوا بەوە دەهێنین کە بۆ خۆمان نێردراوەتە خوارەوە و بێبڕواش دەبوون بەوانەی کە دوای (تەورات) نێردراوە، وەک قورئان، لەکاتێکدا کە ئەو قورئانە ڕاستە و پشتیوانی تەوراتەکەی ئەوانە و بەڕاستی دەزانێت.

---

[٥٨] - [البقرة: ٩١].

بەڵێ، ئەمە سیفەتی خەڵکی سەردەمی نەفامی بوو، تەنها ئەوەیان قەبووڵ بوو کەوا لەلای خۆیان بوو، خۆیان لەسەر گەورە بووبوون و پەروەردە ببوون، جگە لەوەیان قەبووڵ نەبوو و ڕەتیان دەکردەوە.

بەداخەوە ئەو بابەتە لەلای زۆرێک لەو کۆمەڵانە هەیە کەوا دەمارگیرن، هیچ شتێک وەرناگرن، تەنها ئەوە نەبێت کە لە بەرنامەی کۆمەڵەکەی خۆیاندا هاتووە، بەڵام موسڵمان دەبێت ملکەچی حەق بێت و وەری بگرێت، جا لە هەر کەسێکەوە بۆی بێت، وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود -ڕەزای خوای لێبێت- فەرموویەتی: "هەر کەسێک حەقی بۆ هێنای لێی وەربگرە، ئەگەرچی کەسێکی دوور و بێزراو و ڕقلێبووەوەش بێت".

*****

بابەتی بیست و نۆیەم: کار بە قسەی نەو کەسە ناکەن کە بە گومانی خۆیان شوێنی دەکەون

أَنَّهُمْ مَعَ ذَلِكَ لاَ يَعْلَمُونَ بِمَا تَقُولُهُ طَائِفَتُهُمْ، كَمَا قَالَ تَعَالَى وَنبَّهَ: ﴿قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنْبِيَاءَ اللهِ مِنْ قَبْلُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [البقرة: ٩١].

ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا[واتە: لەگەڵ ئەوەی حەقیان وەرنەدەگرت، ئیللا لە کۆمەڵەکەی خۆیان نەبێت]، کاریشیان نەدەکرد بەوەی کۆمەڵەکەی خۆیان دەیانگوت، هەروەکوو خوای گەورە فەرموویەتی و هۆشداری داوە: {ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، پێیان بفەرموو ئەی ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و بڕوادار بوون، بۆچی پێغەمبەرانی خواتان دەکوشت لە پێشتردا، کە نەهیتان لێ کرابوو بیانکوژن، وەکوو باب و باپیرانتان کە پێغەمبەرانی خوای گەورەیان کوشتووە}.

ڕاڤەکردن

ئەو خاڵە پەیوەستە بە خاڵی پێشووەوە، ئەو خەڵکە نەفامە، سەرەڕای ئەوەی کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەوا حەق وەرناگرن، ئیللا لە کۆمەڵ و گرووپی خۆیان نەبێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کاریان بەو ڕاستییانە نەدەکرد کەوا کۆمەڵەکەی خۆیان دەیانگوت، هێندێک شتی پووچ و بەتاڵیان ئەنجام دەدا، کە لەلای گرووپەکەی خۆشیان شتی وا نەبوو. بۆ ئەو بابەتەش بەڵگەی بەوە هێنایەوە کە خوای گەورە پێیان دەفەرموێ: ﴿قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنْبِيَاءَ اللهِ مِنْ

قَبْلُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾. جا ئایا کوشتنی پێغەمبەران لەلای کۆمەڵەکەی ئێوە بوونی هەیە؟!

خوای گەورە ئەو بانگەشەیەی بەدرۆ خستنەوە؛ چونکە کوشتنی پێغەمبەران لە تەورِاتدا نەهاتووە، بەڵکوو ئەوەی تێیدا هاتووە، بریتییە لە باوەڕ پێهێنانی و شوێنکەوتنی.

*****

بابەتی سییەم: پەرتەوازەبوون و وازهێنان لە کۆبوونەوە

وَهِيَ مِنْ عَجَائِبِ آيَاتِ اللهِ: أَنَّهُمْ تَرَكُوا وَصِيَّةَ اللهِ بالاجْتِمَاعِ، وَارْتَكَبُوا مَا نَهَى عَنْهُ مِنَ الافْتِرَاقِ، وَصَارَ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحِينَ.

[ئەوە بابەتی سێیەمە] کە بڕیتییە لە یەکێک لە نیشانە سەرسوڕهێنەرەکانی خوای پەروەردگار: ئەوەبوو ئەو خەڵکە کاتێک وازیان لە ئامۆژگاری خوا هێنا بە کۆبوونەوە، هەروەها ئەو قەدەغەکراوەشیان ئەنجامدا کەوا ڕێگرییان لێ کرابوو لە بەش بەش بوون و پەرتەوازەبوون، ئیتر وای لێهات هەر کۆمەڵەی بەو بەرنامەیە دڵخۆش بوو کە لەلای خۆی بوو.

ڕاڤەکردن

ئەمە یەکێک بوو لە سزاکانی خوا بۆ ئەوان، چونکە ئەو کەسەی واز لە حەق بێنێت، تاقی دەکرێتەوە بە ناحەق، ئەوەی واز لە کۆبوونەوە بێنێت، تووشی تەفرەقە دەبێت، بەڵکوو جاری وایە تووشی جەنگ و کوشتاریش دەبێت، ئەوانیش کاتێک وازیان لە ئامۆژگاری خوا هێنا بە کۆبوونەوە، ئەوەبوو خوای گەورە تاقیکردنەوە بەوەی تووشی بەش بەش بوون و پەرتەوازەیی و ناکۆکیی بوون، سەرەنجامیش وای لێهات هەر کۆمەڵەی بەو بەرنامەیە دڵخۆش بوو کە لەلای خۆی بوو.

بەڵێ، ئەمە سزایەک بوو بۆ ئەوان؛ لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئەگەر دڵی خۆش بوو بەو بەتاڵەی کە لەسەریەتی، ئەوە تەوبەی لێ ناکات و وازی لێ ناهێنێت، بەڵام ئەگەر لێی بە گومان بوو، ئەوە ڕەنگە تەوبەی لێ بکات و وازی لێ بهێنێت.

ئینجا سەرسامییەکەش لەوەدا بوو کەوا لەسەر ناڕەوا و بەتاڵ بەش بەش و پەرتەوازە بوون، دڵیان خۆش بوو بەو گومڕاییەی کەوا لەلایان بوو، بەو لادانەی کە تووشی ببوون! ئینجا ئەو کەسەی ئاوا بێت، پێویستە لەسەری پەشیمان ببێتەوە و واز بێنێت، بگەڕێتەوە بۆ حەق، نەوەک دڵی بە بەرنامە پووچ و ناڕەواکەی خۆش بێت.

*****

بابەتی سی و یەکەم: دوژمنایەتیان بۆ ئایینی حەق و خۆشەویستییان بۆ ئایینی پووچ و بەتاڵ

وَهِيَ مِنْ أَعْجَبِ الآيَاتِ أَيْضًا: مُعَادَاتُهُمُ الَّذِينَ انْتَسَبُوا إِلَيْهِ غَايَةَ العَدَاوَةِ، وَمحَبَّتُهُمْ دِينَ الكُفَّارِ -الذينَ عَادُوهُمْ وَعَادُوا نبيَّهُمْ وَفِئَتَهُمْ- غَايَةَ المَحَبَّةِ، كَمَا فَعَلُوا مَعَ النَّبِيِّ -صلى الله عليه وسلم-، لَمَّا أَتَاهُمْ بِدِينِ مُوسى -عَلَيْهِ السَّلَامُ-، وَاتَّبَعُوا كُتُبَ السِّحْرِ، وَهِيَ مِنْ دِينِ آلِ فِرْعَوْنَ.

[بابەتی سی و یەکەم] کە بەهەمان شێوە بڕیتییە لە یەکێک لە سەرسوڕهێنەرترینی ئایەتەکان: دوژمنایەتیکردنیان بۆ ئەو ئایینەی کە دەدرانە پاڵی، بەو پەڕی دژایەتییەوە، هەروەها خۆشویستنیان بۆ ئایینی بێباوەڕەکان -ئەوانەی دوژمنایەتیان کردن و دوژمنایەتی پێغەمبەر و کۆمەڵەکەی ئەوانیان کرد- بەو پەڕی خۆشەویستییەوە، هەروەکوو ئەو کارەیان لەگەڵ پێغەمبەردا کرد -صلى الله عليه وسلم-، کاتێک ئایینی پێغەمبەر مووسای بۆ هێنان -عَلَيْهِ السَّلَام-، کەچی ئەوان شوێنی کتێبەکانی سیحر و جادوو کەوتن، کە بەشێک بوو لە ئایینی شوێنکەوتەکانی فیرعەون.

ڕاڤەکردن

جوولەکەکان لەسەر ئایینی مووسا بوون، دوژمنەکەشیان فیرعەون و شوێنکەوتەکانی فیرعەون بوون، لەبەر ئەوەی فیرعەون بە سەختترین شێوە سزای دەدان، تا ئەوەبوو خوای گەورە پێغەمبەر مووسای بۆ ناردن و ڕزگاری کردن لە چەنگ فیرعەون و دارودەستەکەی، ڕیزی لێنان و دوژمنەکەشی بۆ سەرشۆڕ کردن و نوقمی ناو دەریای کرد. بۆیە ئەگەر لێت بپرسیبان ئێوە لەسەر

ئایینی کێن؟ دەیانگوت: لەسەر ئایینی مووساین. ئەی دوژمنەکەتان کێیە؟ دەیانگوت: فیرعەون و داروودەستەکەی. بەڵام ئەمە تەنها بانگەشە و خۆدانەپاڵ بوو، چونکە کە سەیری واقیعیانت دەکرد، شوێنکەوتەی کتێبەکانی سیحر و جادوو بوون، کە سحریش بەشێک بوو لە ئایینی فیرعەون.

کەواتە بەتەنها خۆدانەپاڵ هیچ سوود بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت، بەڵکوو پێویستە لەسەر موسڵمان کەوا ڕاستگۆ بێت لە خۆداپاڵی بۆ لای ئایینەکەی، بەڕاستی پەیوەست بێت بە شەرعی خوا و بەگەورەی بزانێت و قورئان و سوننەت بکاتە حاکم بەسەر خۆیەوە، نابێت لەلایەک بانگەشەی ئیسلامەتی بکات، بەڵام بە کردەوە شەو و ڕۆژ دژایەتی بکات!

*****

بابەتی سی و دووەم: بێباوەڕبوونیان بەو حەقەی کە لەلای غەیری خۆیانە، لەو کەسەی کە خۆشیان نەدەویست

كُفْرُهُمْ بِالحَقِّ إِذَا كَانَ مَعَ مَنْ لَا يَهْوَوْنَه، كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ لَيْسَتِ النَّصَارَى عَلَى شَيْءٍ وَقَالَتِ النَّصَارَى لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَى شَيْءٍ﴾ [البقرة: ١١٣].

بێباوەڕبوونیان بە حەق و ڕاستی، ئەگەر لەلای کەسانێک بێت کە خۆشیان ناوێت، هەر وەکوو خوای بەرز و بڵند دەفەرموێ: {جوولەکە گوتیان: گاورەکان لەسەر هیچ شتێک نین و دینەکەیان پووچەڵ و بەتاڵە، گاورەکانیش گوتیان: جوولەکە لەسەر هیچ شتێک نین و دینەکەیان پووچەڵ و بەتاڵە}.

ڕاڤەکردن

ئەمە یەکێکە لە ترسناکترین باسەکانی نەفامی، بۆیە وازیان لە حەق دەهێنا؛ تەنها لەبەر ڕقبوونەوەیان لە کەسێک کە خۆشیان نەدەویست، ئەگەر کێشە و دوژمنایەتییان لەگەڵ کەسێکدا هەبوایە و حەق لەگەڵ ئەو کەسە بووایە، ئەوا وەریان نەدەگرت و پێی ڕازی نەدەبوون، نموونەش بۆ ئەو بابەتە جوولەکە و گاورەکانن، جوولەکەکان ئەو حەقەیان ڕەتکردەوە کەوا لەلای گاورەکان بوو، گاورەکانیش ئەو حەقەیان ڕەتکردەوە کەوا لەلای جوولەکەکان بوو، ئەوەشی کە وای لێ کردن کە ئەو کارە بکەن، بریتیی بوو لە هەواوئارەزوو.

بەڵام حەق بە نیسبەت موسڵمان، ئەو شتەیە کەوا بەدوایدا دەگەڕێت و بەدوایدا وێڵە، لەهەر شوێنێک دۆزییەوە، ئەوا ئەو شایستەترین کەسە کە دەستی

پێوە بگرێت، حەق لەلای هەر کەسێک بێت، وەریدەگرێت جا یەکسانە دوژمنی بێت، یان دۆستی بێت.

ئینجا لەو ئایەتەی کەوا دانەر هێنایەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ﴾. واتە: هەر بەم شێوەیەیان دەگوت، ئەوانەی کە نەزانن. واتە: خەڵکی نەفام و گومڕاش لەسەر ڕێبازی ئەوان دەڕۆن و ڕێچکەی ئەوان دەگرنە بەر، بەشێوەیەک هەر کۆمەڵێک کۆمەڵەکەی تر کافر دەکات و نکوولّی لەو حەقە دەکات کە لەلایەتی.

بۆیە لەسەر موسڵمان پێویستە لە سوننەتی جوولەکە و گاورەکان دوور بکەوێتەوە، ڕقلێبوونەوەی لە کەسێک وای لێ نەکات حەقی لێ وەرنەگرێت.

سەیری پێغەمبەر بکە -صلى الله عليه وسلم-، "کاتێک جوولەکەیەک هاتە لای و گوتی: ئێوە هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن، دەڵێن: ئەگەر خوا و تۆ وێستتان لێبێت، هەروەها دەڵێن: سوێند بە کەعبە، پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێ کردن، ئەگەر وێستیان سوێند بخۆن، با بڵێن: سوێند بە پەروەردگاری کەعبە، هەروەها بڵێن: ئەگەر خوا بیەوێت، پاشان تۆ بتەوێت". [٥٩].

سەیر دەکەین لێرەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەو حەقەی لەو جوولەکەیە وەرگرت و فەرمانیشی بە هاوەڵانی و موسڵمانان کرد، کە واز لەو هەڵەیە بهێنن.

*****

[٥٩] - أخرجه النسائي (٦/٧) برقم (٣٧٧٣)، وأحمد (٣٧١/٦- ٣٧٢)، والبيهقي (٢١٦/٣)، والحاكم (٢٩٧/٤)، وصححه ووافقه الذهبي.

بابەتی سی و سێیەم: ناکۆکی و دژبەیەکییان لە دانپێدانان و نکوولێکردن

إِنْكَارُهُمْ مَا أَقَرُّوا أَنَّهُ مِنْ دِينِهِمْ، كَمَا فَعَلُوا فِي حَجِّ البَيْتِ، فَقَالَ تَعَالَى: ﴿وَمَنْ يَرْغَبُ عَنْ مِلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلَّا مَنْ سَفِهَ نَفْسَهُ﴾ [البقرة: ١٣٠].

نکوولێکردنیان لەو شتەی کە دانیان پێدانابوو بەوەی بەشێکە لە ئایینی خۆیان، هەروەکوو ئەو کارەیان لە حەجی مالّی خوا[کەعبە] ئەنجامدا، بۆیە خوای گەورەش فەرمووی: {کێ هەیە لە دینی ئیبراهیم کە دینی تەوحیدە لابدات و نەیەوێ و ڕەتی بکاتەوە، مەگەر کەسێکی گێل و نەفام و کەم عەقڵ بێت و ستەم لە خۆی بکات}.

ڕاڤەکردن

جوولەکەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەوا لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر ئیبراهیمن، بەڵام کاتێک قیبلە گۆڕدرا بۆ لای ئەو کەعبەیەی کەوا ئیبراهیم دروستی کردبوو، نکوولّییان لێ کرد و قەبووڵیان نەکرد، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگی کردن بۆ حەج، قەبووڵیان نەکرد؛ چونکە ئەوان دانیان بە کەعبە و حەج نەدەنا، کە بەشێک بوو لە ئایینی پێغەمبەر ئیبراهیم -صلى الله عليه وسلم-، لەکاتێکدا دەشیانزانی کە ئەوە حەقە و کەعبە قیبلەی پێغەمبەر ئیبراهیمە و ئەو دروستی کردووە، بەڵام لەبەر ڕقبوونەوەیان لە موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، نکوولّییان لەمە کرد.

ئەوان لە ڕووکەشدا بانگەشی خۆدانە پاڵ و شوێنکەوتنی پێغەمبەر ئیبراهیمیان دەکرد، کەچی دوای ئەوەی بانگ دەکران بۆ لای ئەو شتەی کە

پێغەمبەر ئیبڕاهیم بانگی بۆ کردبوو، قەبوولیان نەدەکرد و ڕازی نەدەبوون. ئەمەش بەڕاستی دژبەیەکییە لە خۆدانەپاڵ، خۆت بدەیتە پاڵ شتێک و دانی پێدا بنێیت، کەچی دوایی نکوولی لێ بکەیت و پێچەوانەی بکەیت.

*****

بابەتی سی و چوارەم: هەموو تاقم و گرووپێک بەتەنها بەباشە باسی خۆی دەکات

إِنَّ كُلَّ فِرقَةٍ تَدَّعِي أَنَّها النَّاجيَةُ، فَأَكْذَبَهُمُ اللهُ بقوله: ﴿قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ [البقرة: ١١١].

ثُمَّ بَيَّن الصَّوَابَ بِقَوْلِه: ﴿بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ﴾ [البقرة: ١١٢].

بێگومان هەموو گرووپ و کۆمەڵێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو ڕزگار بووە، بەڵام خوای گەورە بەو فەرمایشتەی[لە بانگەشەکەیان] بەدرۆی خستنەوە: {ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، پێیان بڵێ: دەی ئەگەر ڕاست دەکەن، بەڵگەی خۆتان بێنن لەسەر ئەم شتە، کە بەهەشت تایبەتە بە ئێوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نییە}.

پاشان حەق و ڕاستییەکەی بەو فەرمایشتەی ڕوون کردەوە: {بەڵێ، هەر کەسێک خۆی تەسلیمی خوای گەورە کردبێت و بە دڵسۆزی و نیازپاکی کردەوەی چاکی کردبێت و موافیقی شەرع بێت و لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوا بێت -صلى الله عليه وسلم-}.

ڕاڤەکردن

یەکێکی دیکە لە دیاردەکانی نەفامی، ئەوەبوو هەر دەستە و تاقمێک بانگەشەی ئەوەی دەکرد کەوا لەسەر حەقە و ڕزگاری بووە لە سزای خوا و دۆزەخ، هەروەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا

مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ۗ تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ۗ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ (٦٠).

واتە: جوولەکە و گاوورەکان گوتیان: کەس ناچێتە بەهەشتەوە، مەگەر یەکێک کە جوولەکە، یان گاوور بێت، ئەمە ئاواتیانە، پێیان بڵێ: بەڵگەتان بهێنن ئەگەر ڕاست دەکەن.

هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ۚ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم ۖ بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ ۚ يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ﴾ (٦١).

واتە: جوولەکە و گاوورەکان دەیانگوت: ئێمە کوڕان و خۆشەویستانی خواین، بڵێ دەی بۆچی سزاتان دەدات بەهۆی گوناهەکانتانەوە؟ (نەخێر ڕاست نییە)، بەڵکوو ئێوە مرۆڤێکن لەو مرۆڤانەی کە خوا دروستی کردوون، جا لە هەر کەسێک خۆش دەبێ کە بیەوێ و سزای هەر کەسیش دەدات کە بیەوێ.

کەواتە بانگەشە شتێکی زۆر ئاسانە لەسەر زمان و هەموو کەسێک دەتوانێت بانگەشەی ڕاستیی بوون و ڕزگار بوون بکات، بەڵام کردەوە و واقیع دەیسەلمێنێت کە ڕاست دەکات، یان نا.

ئینجا کە دەفەرموێت: حەق و ڕاستییەکەی بەو فەرمایشتەی ڕوون کردەوە: [بەڵێ، هەر کەسێک خۆی تەسلیمی خوای گەورە کردبێت و بە دڵسۆزی و نیازپاکی کردەوەی چاکی کردبێت و موافیقی شەرع بێت و لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوا بێت -صلى الله عليه وسلم-]. مەبەستی ئەوەیە کە ئەمە بەڵگەیە،

---

(٦٠) - [البقرة: ١١١].

(٦١) - [المائدة: ١٨].

واتە هەر کەسێک ئەو سیفەتەی تێدا بێت و بەو شێوەیە بێت، مەرجی دڵسۆزی و شوێنکەوتنی تێدا بێت، ئەوە ڕزگار بووە.

هاوشێوەی ئەو ئایەتە؛ ئەو فەرموودەیەیە کاتێک پرسیاری کۆمەڵی ڕزگاربوویان لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد، فەرمووی: «ما أنا عليه وأصحابي» [٦٢]. واتە: ئەوانەن کەوا لەسەر ئەو بەرنامەیەن کە من و هاوەڵانم لەسەرینە.

*****

[٦٢] - رواه ابن ماجه (٣٩٨٢)، وصححه الألباني.

بابەتی سی و پێنجەم: خۆنزیککردنەوەیان لە خوا بە ئەنجامدانی حەرامکراوەکان

التَّعَبُّدُ بِكَشْفِ العَوْرَات، كقوله: ﴿وَإِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً قَالُوا وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا﴾ [الأعراف: ٢٨].

خواپەرستی کردن بە ئاشکراکردن و دەرخستنی عەورەتەکان، وەکوو ئەو فەرمایشتەی خوای پەروەردگار کە دەفەرموێ: {کاتێک کە کافران و موشریکان تاوانێک دەکەن، دەڵێن: ئێمە باوک و باپیرانی خۆمان لەسەر ئەم تاوانە بینیوە و لەوانەوە بۆمان ماوەتەوە، هەروەها خوای گەورەش فەرمانی بە ئێمە کردووە بەم تاوانە (ئەمە لەسەر موشریکەکان دابەزی، کاتێک کە بەڕووتی تەوافیان بە دەوری کەعبەدا دەکرد، پیاوان بە ڕۆژ و ئافرەتانیش بە شەو، هیچ پۆشاکێکیان لەبەردا نەبوو، دەیانگوت: بە پۆشاکێکەوە تەواف ناکەین کە تاوانمان پێوەی ئەنجام دابێت، خوای گەورە فەرمانی پێمان کردووە بەم شێوازە ئێمە تەوافی ماڵەکەی بکەین)}.

ڕاڤەکردن

خەڵکی هاوبەشبڕیاردەری سەردەمی پێش ئیسلام، خواپەرستییان دەکرد بە دەرخستنی عەورەتیان لەکاتی سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا؛ چونکە شەیتان ئەو کارەی بۆ ڕازاندبوونەوە، بۆیە لەهەموو لایەک دەهاتنە مەککە، جا کاتێک دەگەیشتنە مەککە، پۆشاکەکانیان دادەکەند پێش ئەوەی بچنە ناو کەعبەوە، دەیانگوت: ئێمە تەواف بەدەوری کەعبەدا ناکەین بە پۆشاکێک کەوا گوناهمان

پێیەوە کردبێت! بۆیە پیاو و ئافرەتیان خۆیان ڕووت دەکردەوە و بەو شێوەیە تەوافیان دەکرد، بەمەش خۆیان لەخوا نزیک دەکردەوە.

ئینجا نەفامی و گومڕایی هەرە گەورە ئەوەبوو: ئەگەر پێیان بگوترابا: ئەمەتان لە کوێ هێنا؟ دەیانگوت:

یەکەم: باوک و باپیرانی خۆمان بینیووە ئاوایان دەکرد.

دووەم: خوا فەرمانی بە ئێمە کردووە کە ئاوا تەواف بکەین. ئەمەش گەورەترین درۆ بوو کە دەیانکرد.

*****

بابەتی سی و شەشەم: خۆنزیککردنەوەیان لە خوا بە حەرامکردنی حەڵاڵ و حەڵاڵکردنی حەرام

التَّعَبُّدُ بتَحْرِيم الحَلَالِ، كما تَعَبَّدوا بالشركِ.

خواپەرستیکردن بە حەرامکردنی حەڵاڵ، هەروەکوو چۆن خواپەرستییان دەکرد بە هاوبەشبڕیاردان بۆ خوا.

ڕاڤەکردن

ئەو خەڵکە نەفامە دینداریان دەکرد و خۆیان لەخوا نزیک دەکردەوە بە حەرامکردنی ئەو شتانەی کە خوا حەڵاڵی کردبوو، هێندێک شتیان لەسەر خۆیان حەرام دەکرد کە خوا حەرامی نەکردبوو، هاوبەشبڕیاردەرەکان چەند جۆرێک لە ئاژەڵیان لە خۆیان قەدەغە کردبوو، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ [٦٣].

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، ئەو شتە پاک و خۆشانەی کە خوا حەڵاڵی کردووە بۆتان، یاساغی مەکەن لە خۆتان.

بەپێچەوانەشەوە هێندێک شتیان بۆ خۆیان حەڵاڵ دەکرد کە خوا حەرامی کردبوو، وەکوو دانەر نموونەی بە هاوبەشبڕیاردان هێنایەوە، خۆیان لەخوا نزیک دەکردەوە بە هاوبەشبڕیاردان بۆ خوا، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ﴾ [٦٤].

---

[٦٣] - [المائدة: ٨٧].

[٦٤] - [الزمر: ٣].

واتە: ئەو کەسانەی جگە لە خوا چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان داناوە و دەڵێن: تەنها لەبەر ئەوە دەیانپەرستین، تاوەکوو لە خوامان نزیک بکەنەوە.

بەدەخەوە! ئەو دیاردەیە لەناو ئەو ئوممەتەشدا هەیە کە خەڵکانێک هاوار دەکەنە غەیری خوا و بەدەورەی گۆڕەکاندا دەسوڕێنەوە و ئاژەڵیان بۆ سەردەبڕن، پێشیان وایە بەو کارانە لەخوا نزیک دەبنەوە.

هەروەها جوولەکەکانیش ڕیبایان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردبوو، ماڵی خەڵکیشیان بە ناڕەوا دەخوارد.

*****

بابەتی سی و حەفتەم: زانا و خواپەرستەکانیان دەکرد بە چەند پەروەردگارێک لەجیاتی خوا

التَّعَبُّدُ باتِّخاذِ الأحبارِ والرُّهبانِ أربَاباً منْ دونِ اللهِ.

خواپەرستی کردن بەوەی زانا و خواپەرستەکانیان دەکرد بە چەند پەروەردگارێک لەجیاتی خوا.

ڕاڤەکردن

جوولەکە و گاورەکان خواپەرستییان دەکرد بە شوێنکەوتنی زانا و خواپەرستەکانیان و گوێڕایەڵیکردنیان لە سەرپێچیکردنی خوا و حەڵاڵکردن و حەرامکردندا، بەشێوەیەک زانا و خواپەرستەکانیان حەڵاڵیان لێ حەرام دەکردن، ئەوانیش حەرامیان دەکرد و بەگوێیان دەکردن، و حەرامیشیان بۆ حەڵاڵ دەکرد، ئەوانیش حەڵاڵیان دەکرد و بەگوێیان دەکردن، بەو کارەشیان ئەوانیان کردبوو بە خوا و پەروەردگار، واتە: کردبوویانن بە هاوبەشی خوا لە یاسا داناندا، وەکوو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ﴾[٦٥].

واتە: زانا و عابیدەکانیان کردووە بە پەروەردگار لەجیاتی خوا، هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیشیان کردووە بە خوا، لەکاتێکدا فەرمانیان پێ نەدراوە، بێجگە لەوەی کە یەک خوا بپەرستن، کە هیچ پەرستراوێک نییە بێجگە لەو، پاک و بێگەردی بۆ خوا لەوەی دەیکەنە هاوبەشی.

---

[٦٥] - [التوبة: ٣١].

عەدی کوڕی حاتەمی تائی دەڵێت: هاتمە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، لەکاتێکدا سەڵیبێک لە زێڕ لە گەردەنم دابوو، ئەویش فەرمووی: "ئەی عەدی، ئەو بتە لە گەردەنت بکەوە، هەروەها گوێم لێبوو ئەو ئایەتەی لە سورەتی بەڕائەت دەخوێندەوە: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾، عەدی دەڵێت منیش گوتم: ئەوان زانا و خواپەرستەکانیان نەدەپەرست، بەڵام ئەوان ئەگەر شتێکیان بۆ حەڵاڵ بکردبان، ئەوانیش حەڵاڵیان دەکرد، ئەگەریش شتێکیان لەسەر حەرامبکردبان، حەرامیان دەکرد. پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: "ئەوە بریتییە لە پەرستنیان" [٦٦].

*****

[٦٦] - أخرجه الترمذي (٣٠٩٥)، وحسنه الألباني.

بابەتی سی و هەشتەم: بێباوەڕیکردنیان لە سیفاتەکانی خوای گەورە

الإِلْحَادُ فِي الصِّفاتِ، كَقَوْلِه تَعَالى: ﴿وَلَكِنْ ظَنَنْتُمْ أَنَّ اللَّه لا يَعْلَمُ كَثِيراً مِمّا تَعْمَلُونَ﴾ [فصلت: ٢٢].

بێباوەڕیکردن لە سیفاتەکانی خوای گەورەدا، وەکوو ئەو فەرمایشتەی خوا کە دەفەرموێ: {بەڵام وا گومانتان دەبرد کە زۆرێک لەوەی ئێوە دەیزانن، خوای گەورە نایزانێت و زانیاری پێ نییە}.

ڕاڤەکردن

(الصِّفات): واتە: ئەو سیفاتانەی کەوا خوای پەروەردگار لە قورئاندا بۆ خۆی جێگیری کردووە، یان پێغەمبەرەکەی لە فەرموودە سەحیحەکاندا بۆی جێگیری کردووە.

ئیلحاد لە سیفاتەکانی خوادا، واتە: لادان لە سیفاتەکان، لادان لەو حەقەی کە بۆی جێگیرکراوە، حەقی سیفاتەکان بریتییە لە: باوەڕ پێ هێنانیان و جێگیرکردنیان وەکوو چۆن هاتووە، هەروەها لەکار نەخرێن بەوەی نکوولّییان لێ بکرێت، یان واتاکانیان بگۆڕدرێت، یاخود سیفاتەکانی بە سیفاتی دروستکراوەکانی بچوێندرێت، یان چۆنیەتی بۆ دیاری بکرێت، هەموو ئەوانە دەچنە ژێر خانەی ئیلحاد و لادانەوە.

کەواتە ئیلحاد لە سیفاتەکانی خوای بەرز و بڵند، یەک جۆر و یەک ڕێچکەی نییە، بەڵکوو چندان جۆری هەیە، ئەمەش بە نکوولّی لێکردنی، وەکوو ئەو ئایەتەی دانەر هێنایەوە کە هێندێک لە بێباوەڕەکان، نکوولّی سیفەتی زانست و زانیاریی خوای گەورەیان کرد، پێیان وابوو کە خوا زانیاری دەربارەی زۆرێک لە

کار و کردەوەی ئەوان نییە. ئەمە لەکاتێکدا(عیلم) یەکێکە لە سیفەتە هەرە گەورەکانی خوا، خوای گەورە زانیاری بە هەموو شتێک هەیە، هەموو گەورە و بچووکێک، ورد و درشتێک، هەروەکوو دەفەرموێ: ﴿يَعْلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ [٦٧].

واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە، خوا دەیزانێ و شارەزایە بەوەی دەیشارنەوە و بەوەی ئاشکرای دەکەن، هەروەها خوا زانایە بەوەی لە ناو دڵ و دەروونەکاندایە.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي ٱلصُّدُورُ﴾ [٦٨].

واتە: خوا زانیاری بە خیانەتی چاوەکان هەیە، هەروەها هەرچی دڵانیش دەیشارنەوە.

بەهەمان شێوە دەفەرموێ: ﴿لَا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾ [٦٩].

واتە: لە خوا ون نابێ قورسایی گەردیلەیەک لە ئاسمانەکان و زەویدا.

هەروەها ئیلحاد بەوە دەبێت کە ئەو شتەی خوا لە خۆی نەفی کردووە، بۆی جێگیر بکرێت، ئەمەش وەکوو ئەو قسەیەیان -پەنا بە خوا-: ﴿وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا﴾ [٧٠].

واتە: گاوور و جوولەکەکان دەیانگوت: خوا منداڵی بۆ خۆی داناوە.

---

[٦٧] - [التغابن: ٤].

[٦٨] - [غافر: ١٩].

[٦٩] - [سبأ: ٣].

[٧٠] - [مريم: ٨٨].

کەواتە: هەر کەسێک ئەو شتە نەفی بکات لە خوا، کە خوا بۆ خۆی جێگیری کردووە، یان ئەو شتە بۆ خوا جێگیر بکات، کە خوا لە خۆی نەفی کردووە، ئەوە مولحیدە!

*****

بابەتی سی و نۆیەم: بێباوەڕیکردنیان لە ناوەکانی خوای گەورەدا

الإِلْحَادُ فِي الْأَسْمَاءِ، كَقَوْلِهِ: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَنِ﴾ [الرعد: ٣٠].

بێباوەڕیکردن لە ناوەکانی خوای گەورەدا، وەکوو ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: {لەکاتێک کە ئەوان کوفر دەکەن بەخوای میهرەبان(الرَّحْمَن)، کە ناوی خوای گەورەیە و نکوولی لەو ناوە دەکەن و دەڵێن ناینناسین}.

ڕاڤەکردن

خەڵکی سەردەمی نەفامی بێباوەڕییان دەکرد لە ئاست ناوەکانی خوای پەروەردگار، باوەڕیان پێی نەدەهێنا و نکوولییان لێی دەکرد، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَنِ﴾. ئەمەش لە ڕێککەوتننامەی حودەیبییە بوو کاتێک ڕەتیانکردەوە بنووسن (بسم الله الرحمن الرحيم)، گوتیان: ئێمە ڕەحمان ناناسین.

کەواتە هەرکەسێک نکوولی لە ناوێک لە ناوەکانی خوای گەورە بکات - وەکوو جەهمییەکان- ئەوە دەبێتە میراتگری ئەو هاوبەشبڕیاردەرانە و تووشی ئیلحاد دەبێت.

*****

بابەتی چلەم: نکووڵیکردنی پەروەردگار

التَّعْطِيلُ، كَقَوْلِ آلِ فِرْعَوْنَ.

نکووڵیکردنی بوونی پەروەردگار، وەکوو قسەی فیرعەون و شوێنکەوتەکانی.

ڕاڤەکردن

مەبەست بە (التَّعْطِيل) لێرەدا: نکووڵیکردنی ئەوەیە کە ئەو بوونەوەرە بەدیهێنەرێکی هەبێت، بەڵکوو بە سروشتی خۆی هاتۆتە بوون، هەروەکوو دەڵێن.

ئینجا پێشەوای ئەو نکۆڵیکەرانە، بریتییە لە: فیرعەون، چونکە: ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرِى﴾ [٧١].

واتە: فیرعەون گوتی: ئەی گەورە و ئەشرافەکان، وانازانم جگە لە خۆم هیچ پەرستراوێکی دیکەتان هەبێت.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ ۞ أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ كَاذِبًا﴾ [٧٢].

واتە: فیرعەون بە هامانی وەزیری گوت: ئەی هامان، (بۆ زیاتر دڵنیابوون) کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست بکە لە خشتی سورەوەکراو؛ بەڵکوو بگەمە ڕێگا و دەرگاکانی ئاسمان و بیگرمەبەر. تا سەرکەوم ڕێگا و دەرگاکانی ئاسمان بگرمەبەر،

---

[٧١] - [القصص: ٣٨].

[٧٢] - [القصص: ٣٦-٣٧].

تا خواکەی مووسا ببینم، (لەبەر ئەوەی مووسا گوتی: خوای من لە ئاسمانە)، هەر چەند من گومان دەبەم کە مووسا درۆزن بێت و ئاسمان هیچ خوایەکی لێ نەبێت.

ئەمەش بێباوەڕیی و نکوولێکردنێکی ڕوون و ئاشکرا بوو لەلایەن فیرعەونەوە، هەرچەندە فیرعەون ئەمەی لە خۆبەگەورەزانییەوە دەردەبڕی، ئەگەرنا لە ناخی خۆی باوەڕی بە خوا هەبوو، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَآ أَنزَلَ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾[٧٣].

واتە: مووسا -علیه السلام- فەرمووی: سوێند بەخوا، بێگومان تۆ دەزانی هیچ کەس ئەم موعجیزانەی نەناردۆتە خوارەوە، بێجگە لە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی.

*****

[٧٣] - [الإسراء: ١٠٢].

بابەتی چل و یەکەم: وەسفکردنی خوا بە کەم و کوڕی

نِسْبَةُ النَّقَائِصِ إِلَيْهِ سُبْحَانَهُ، كَالْوَلَدِ وَالحَاجَةِ وَالتَّعَبِ، مَعَ تَنْزِيهِهِ رُهْبَانِهِمْ عَنْ بَعْضِ ذَلِكَ.

دانەپاڵی کەم و کوڕییەکان و بۆ لای خوای پاک و بێگەرد، وەکوو منداڵ و پێویستی و ماندووبوون، لەگەڵ بەپاکڕاگرتنی خواپەرستەکانی خۆیان لە هێندێک لەو شتانە.

ڕاڤەکردن

کەم و کوڕییەکان(النَّقَائِص)، پێچەوانەی تەواوی و بێ عەیبییە.

دانەپاڵی ئەو شتانەی کە شایستە نییە بۆ خوای گەورە لە کەم و کوڕی و عەیب و پێویستی بە دروستکراوەکانی، دژ و پێچەوانەی ڕبووبییەتە، ئەمەش وەکوو دانەپاڵی منداڵ بۆ خوای گەورە، چونکە باوک پێویستی بە منداڵ هەیە. جوولەکەکان گوتیان: عوزەیر کوڕی خوایە، گاورەکانیش گوتیان: عیسا کوڕی خوایە، هاوبەشبڕیاردەرەکانی قوڕەیشیش گوتیان: فریشتەکان کچی خوان، پەنا بە خوای گەورە. ئەمە لەکاتێکدا گاورەکان خواپەرستەکانی خۆیان بەپاک و بەدوور ڕادەگرت لە منداڵ و خێزان، چونکە ئەوە کەم و کوڕی بوو بۆ ئەوان، کەواتە ئەوان خوای گەورەیان لە شتێک بە پاک ڕانەدەگرت کە خواپەرستەکانی خۆیان لێ بە پاک ڕادەگرت، شتانێکیان بۆ خوا جێگیر دەکرد، کە بۆ خواپەرستەکانی خۆیانیان جێگیر نەدەکرد. خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَٰهِهِمْ يُضَٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ (٧٤).

واتە: جوولەکەکان گوتیان: عوزێر کوڕی خوایە و گاوورەکانیش گوتیان: مەسیح کوڕی خوایە، ئەوە وتەی ئەوانە بەدەمی خۆیان دەیڵێن، وەک وتەی ئەوانە دەڵێنەوە کە پێشتر بێبڕوا بوون، خوا لە ناویان بەرێ! چۆن درۆ دەکەن و لەهەق و ڕاستی لادەدەن؟!

بەهەمان شێوە قوڕەیش ڕقیان لە کچ بوو، کەچی دەیاندایە پاڵ خوای پەروەردگار، شتێکیان دەدایە پاڵ خوای گەورە، کە بۆ خۆیان پێیان خۆش نەبوو و بە عەیبەیان دەزانی، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ ٱلْبَنَٰتِ سُبْحَٰنَهُۥ وَلَهُم مَّا يَشْتَهُونَ﴾ (٧٥).

واتە: ئەو (بتپەرستانە) کچان بۆ خوا دادەنێن، پاک و بێگەردی بۆ خوا، بۆ خۆشیان چییان پێ خۆشە دایدەنێن.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ مَا يَكْرَهُونَ﴾ (٧٦).

واتە: ئەوان شتێ بۆ خوا دادەنێن، کە خۆیان حەزی لێ ناکەن.

*****

(٧٤) - [التوبة: ٣٠].

(٧٥) - [النحل: ٥٧].

(٧٦) - [النحل: ٦٢].

بابەتی چل و دووەم: هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا لە موڵک و دەسەڵات

الشِّرْكُ فِي المُلْكِ، كَقَوْلِ المَجُوسِ.

هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا لە موڵک و دەسەڵاتدا، وەکوو قسەی مەجووسییەکان.

ڕاڤەکردن

مەجووسییەکان: کۆمەڵێک بوون لە وڵاتی فارس، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بوونەوەر دوو بەدیهێنەری هەیە، بەدیهێنەرێک چاکەی دروست کردووە و بەدیهێنەرێکیش خراپە، بەدیهێنەرێک ڕووناکی دروست کردووە و بەدیهێنەرێکیش تاریکی.

کەواتە مەجووسییەت جێگیرکردنی بەدیهێنەر و دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایەکی دیکەیە لەگەڵ خوای گەورەدا. ئەمەش هاوبەشبڕیاردانە.

*****

بابەتی چل و سێیەم: نکووڵیکردنیان لە قەدەری خوای گەورە

جُحُودُ القَدَرِ.

نکووڵیکردنیان لە قەدەری خوای گەورە.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

(القَدَر) واتە: زانستی خوای پەروەردگار بە شتەکان و ئەندازە بۆ دانانی و نووسینەوەی لە لەوحی مەحفووز و پاشان هێنانە بوونی و دروستکردنی.

باوەڕهێنان بە قەدەر، یەکێکە لە بنچینە و پایەکانی ئیمان و بەبێ ئەو پایەیە ئیمان دانامەزرێ و بوونی نییە، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ [٧٧].

واتە: بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازە دروست کردووە.

هەروەها پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی ئیمان ئەوەیە: «أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ، ومَلائِكَتِهِ، وكُتُبِهِ، ورُسُلِهِ، والْيَومِ الآخِرِ، وتُؤْمِنَ بالقَدَرِ خَيْرِهِ وشَرِّهِ» [٧٨].

واتە: ئیمان بریتییە لەوەی کە باوەڕ بێنیت بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی، هەروەها باوەڕ بێنیت بە قەدەر خێر و شەڕی.

بەڵام بەشێک لە خەڵکی سەردەمی نەفامی نکووڵییان لە قەدەر دەکرد و باوەڕیان پێی نەبوو، دواتریش لەناو ئەو ئوممەتەدا (قەدەرییەکان) سەریانهەڵدا،

---

[٧٧] - [القمر: ٤٩].

[٧٨] - رواه مسلم (٨).

کە ئەوانیش نکوولّییان لە قەدەر دەکرد، بۆیە هەر کەسێک باوەڕی بە قەدەر نەبێت، ئەوە لەسەر ڕێبازی غەیری ئیسلامە.

*****

بابەتی چل و چوارەم: بیانوو هێنانەوەیان بۆ کوفرەکانیان بەوەی خوا لەسەری تەقدیر کردوون

الاحْتِجَاجُ عَلَى اللهِ بِهِ.

بەڵگەهێنانەوە بە قەدەر بەسەر خواوە.

﴿ رِاڤەکردن ﴾

بەڵگەهێنانەوە بە قەدەر لەسەر تاوانکرد: واتە کەسێک کاتێک تاوان و خراپەیەک ئەنجام دەدات، دوایی بۆ بیانوو هێنانەوە بۆ خراپەکەی دەڵێت: خوا لەسەری نووسیبووم؛ بۆیە کردم، یان دەڵێت: خوا پێی کردم.

ئەمەش هەڵە و کوفری نەفامەکانە، ئەگەر پێیان بگوترابا: بۆچی هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن؟ بۆچی کاری خراپە ئەنجام دەدەن؟ لە وەڵامدا دەیانگوت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدۡنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَيۡءٖ نَّحۡنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَيۡءٖ﴾ [٧٩].

واتە: ئەوانەی هاوبەشیان داناوە بۆ خوا، دەڵێن ئەگەر خوا بیویستایە بێجگە لەو هیچ شتێکمان نەدەپەرست، نە ئێمە و نە باو و باپیرانمان، هەروەها هیچ شتێکمان حەرام نەدەکرد، بەبێ فەرمانی ئەو.

بەڵام خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی بۆ نەهێشتوونەتەوە، بەڵکوو توانا و هەڵبژاردنی پێ بەخشیون، ئینجا ڕێگەی چاکە و ڕێگەی خراپەی بۆ ڕوون کردوونەتەوە، بە ویستی خۆیان دەتوانن چاکە بکەن و دەشتوانن خراپە بکەن،

---

[٧٩] - [النحل :٣٥].

کەواتە زۆرلێکراو نیین، تاوەکوو ئەو بیانووە پووچ و سارده بهێننەوە. هەروەها خوای گەورە ڕوونی کردۆتەوە کەوا هەرگیز بە کاری خراپە و کوفر ڕازی نییە، هەروەکوو دەفەرموویێ: ﴿وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَ﴾ [٨٠].

واتە: بێگومان خوا ڕازی نییە بە بێباوەڕی بۆ بەندەکانی.

کاتێکش خراپەی لەسەری تەقدیر کردوون و نووسیویەتی، ئەوە مانای پێ ڕازی بوون نییە، بەڵکوو بۆیە لەسەری نووسیون؛ لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەگەر بێنە بوون، ئەو کارانە دەکەن، واتە دەیزانی ئەو کارانە دەکەن، بۆیە نووسیویەتی، نەوەک نووسیبێتی، بۆ ئەوەی بیکەن.

بۆیە دروست نییە قەدەر بکرێتە بەڵگە و بیانوو لەسەر کاری خراپە؛ چونکە ئەمە کاری نەفامەکان و دڵنەخۆشەکانە، بەڵکوو لەسەر تاوانبار پێویستە تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە.

*****

[٨٠] - [الزمر :٧].

بابەتی چل و پێنجەم: بانگەشەکردنیان بەوەی ناکۆکیی و دژبەیەکی هەیە لەنێوانی شەرعی خوا و قەدەرەکەی

مُعَارَضَةُ شَرْعِ اللهِ بِقَدَرِهِ.

دژایەتیکردن و بەرپەرچدانەوەی شەرعی خوا بە قەدەرەکەی.

﴿ راڤەکردن ﴾

خەڵکی سەردەمی نەفامی پێچەوانەی قەدەریان دەکرد و بەرپەرچیان دەدایەوە بە شەرعی خوا، دەیانگوت: چۆن خوای گەورە کوفر و ئیمان تەقدیر دەکات، دواییش فەرمان و قەدەغە بۆ بەندەکانی دادەنێت؟ لەگەڵ ئەوەی هیچ سوودێکی نییە، ئەگەر بابەتەکە بڕیاری لەسەر درابێت و تەقدیر کرابێت.

یاخود دەیانگوت: چۆن خوای گەورە شتێک تەقدیر دەکات، کەوا لە شەرعدا پێی ڕازی نییە؟

ئەمە یەکێکە لە ترسناکترین بابەتەکانی نەفامی، ئینجا ئەو جۆرە کەسانە شوێنیان دەکەون، کە پێیان وایە دژبەیەکی لەنێوانی قەدەر و شەرعدا هەیە، بێگومان ئەوەش ڕێچکەیەکی پووچ و بەتاڵە؛ چونکە بەهیچ شێوەیەک ناتەبایی و دژبەیەکیی لەنێوانی شەرعی خوا و قەدەرەکەیدا نییە، بەڵێ، خوای پەروەردگار شیرک و کوفر و تاوانی تەقدیر کردووە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە پێیان ڕازییە، بەڵکوو لە شەرعدا قەدەغەی کردووە و ڕێگری لێ کردووە، بەڵام کە تەقدیری کردووە؛ لەبەر ئەوەیە کە دەیزانی خەڵکانێک ئەنجامیان دەدەن، هەروەها ئیمان و کردەوەی چاکەشی تەقدیر کردووە و لە شەرعیشدا فەرمانی پێ کردووە.

کەواتە هیچ دژبەیەکییەک لەنێوانی شەع و قەدەردا نییە، چونکە ئەوە بەندەکانن ئەو کارانە دەکەن بە هەڵبژاردن و ویستی خۆیان، بۆیە کردەوەکە دەدرێتە پاڵ ئەوان و سزا و پاداشتیشی لەسەر وەردەگرنەوە، کەواتە دژبەیەکییەکە لە تێگەیشتن و عەقڵی ئەوانە، ئەگەرنا شەرع و قەدەر زۆر تەبا و گونجاون لەگەڵ یەکدا.

*****

بابەتی چل و شەشەم: دانەپاڵی ڕووداوەکان بۆ لای ڕۆژگار و جوێندانیان بە ڕۆژگار

مَسَبَّة الدَّهرِ، كقولهم: ﴿وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ﴾ [الجاثية: ٢٤].

جوێندان و قسەگوتن بە ڕۆژگار و زەمانە، وەکوو ئەو قسەیەیان کە دەیانگوت: {هیچ شتێک ئێمە لەناو نابات، تەنها سەردەم و زەمانە نەبێ}.

ڕاڤەکردن

ڕۆژگار (الدَّهر) واتە: ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژ.

ئەوانەی ڕووداوەکان دەدەنەپاڵ ڕۆژگار، بریتیین لە (دەهرییەکان)، چونکە ئەوان ئەگەر بەڵا و ناخۆشییەکیان تووش ببایە، ئەوا دەیاندایە پاڵ ڕۆژگار و لەپێناو ئەمەش قسەیان پێ دەگوت. لەکاتێکدا پێویستە شتەکان بدرێتە پاڵ خوای پەروەردگار؛ چونکە هەموو شتێک هەر بەویستی ئەوە، ڕۆژگاریش کاتێکی دروستکراوە و هیچ بەڕێوەبردنێکی بۆ نییە، بەڵکوو خۆی بەڕێوەبراوە، کەواتە قسەگوتن بە ڕۆژگار، قسەگوتنە بە خوای ڕۆژگار و زەمانە؛ لەبەر ئەوەی ڕۆژگار و زەمانەش خوا هەڵیدەسوڕێنێت. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «قَالَ اللهُ تَعَالَى: يُؤْذِينِي ابْنُ آدَمَ، يَسُبُّ الدَّهْرَ، وَأَنَا الدَّهْرُ: أُقَلِّبُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ». وَفِي رِوَايَةٍ: «لَا تَسُبُّوا الدَّهْرَ: فَإِنَّ اللهَ هُوَ الدَّهْرُ»[٨١].

واتە: "خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: نەوەی ئادەم ئازارم دەدات، لەبەر ئەوەی جوێن بە ڕۆژگار و زەمانە دەدات و سەرزەنشتی دەکات، لەکاتێکدا من ڕۆژگارم: واتە: شەو و ڕۆژ هەڵدەسوڕێنم و ڕۆژگار بەڕێوە دەبەم".

---

[٨١] - أخرجه البخاري برقم (٤٨٢٦)، ومسلم برقم (٢٢٤٦).

هەروەها لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە: "جوێن بە ڕۆژگار و زەمانە مەدەن؛ چونکە خوا بەڕێوەبەری ڕۆژگار و هەڵسوڕێنەرەتی".

کەواتە: هەر کەسێک ڕووداوەکان بداتە پاڵ ڕۆژگار و قسە بە ڕۆژگار و زەمانە بڵێت، ئەوا بێگومان بەشداری ئەو دەهریانەی کردووە لە قسەگوتن بە زەمانە، ئەگەرچی لە بیروباوەڕیشدا هاوبەشیان نەبێت.

نموونەی قسەگوتن بە ڕۆژگاریش، وەکوو قسەی مرۆڤ کاتێک دەڵێت: خوای گەورە ئەو ڕۆژە، یان ئەو ڕۆژگارە لەناو بەرێت، یاخود وەکوو جوێندان و نەفرەتکردن لە کات و زەمانە.

*****

بابەتی چل و حەفتەم: بێباوەڕبوونیان بە نیعمەتەکانی خوای بەرز و بڵند

إِضَافَةُ نِعَمِ اللهِ إِلَى غَيْرِهِ، كَقَوْلِهِ: ﴿يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ اللهِ ثُمَّ يُنْكِرُونَهَا﴾ [النحل: ٨٣].

دانەپاڵی نیعمەتەکانی خوای گەورە بۆ لای غەیری خوا، وەکوو ئەو فەرمایشتەی خوا کە دەفەرموێ: {نیعمەتەکانی خوای گەورە هەمووی دەزانن و دەیناسن، بەڵام لە دوای ئەوە نکوولی لێ دەکەن، بەوەی کە عیبادەت بۆ غەیری خوای گەورە دەکەن}.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

دانەپاڵی نیعمەتەکان، وەکوو لەشساغی و سامان و منداڵ و جگە لەمانەش، بۆ لای جگە لە خوای گەورە، بێباوەڕبوون و هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوا، هەروەها یەکێکیشە لە کار و کردەوەکانی نەفامی، لەبەر ئەوەی ناز و نیعمەتەکان هەر هەمووی بەخششێکە لەلایەن خواوە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ﴾ [٨٢].

واتە: هەر چاکە و بەهرەیەکتان هەبێ، ئەوە هەمووی لە خواوەیە.

بۆیە بەڕاستی نەفامییە کەوا نیعمەتەکان بدرێنە پاڵ جگە لە خوای پەروەردگار، بەڵکوو پێویستە بدرێتە پاڵ خاوەن و بەخشەرەکەی.

دانەپاڵی نیعمەتیش بۆ لای جگە لە خوای گەورە، وەکوو ئەوەی ئەگەر کەسێک نیعمەتێکی دەست بکەوێت، بڵێت: ئەوە بەهۆی زانست و زانیاری

---

[٨٢] - [النحل: ٥٣].

خۆمەوە بەدەستم هێناوە، یا لەباوک و باپیرانمەوە بۆم ماوەتەوە، یان بەهۆی ئاڕەقەی نێوچاوانم پەیام کردووە، یاخود بەهۆی زیرەکی و هەوڵدانی خۆمەوە دەستم کەوتووە.

*****

بابەتی چل و هەشتەم: بێباوەڕ بوون بە ئایەتەکانی خوای گەورە بە گشتی

الكُفْرُ بِآيَاتِ اللهِ.

بێباوەڕ بوون و کوفرکردن بە ئایەتەکانی خوای گەورە.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

کوفرکردن بە ئایەتەکانی خوا، واتە: باوەڕ پێ نەهێنانیان و نکوولّی کردنیان و قەبوولّ نەکردنی ئەو ڕێنمایی و حەقەی کەوا تێیاندایە. جا خەڵکی سەردەمی نەفامی ئاوا بوون، بەڵام لە بەرانبەردا باوەڕیان بە سیحر و گومڕایی و شتی پڕوپووچ دەهێنا.

بەڵام خوای پەروەردگار هەڕەشە لەو جۆرە کەسانە دەکات و دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَلِقَآئِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يَئِسُواْ مِن رَّحْمَتِى وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (٨٣).

واتە: ئەوانەی کە بێباوەڕن بە نیشانە و ئایەتەکانی خوا و دیداری، ئائەوانە لە بەزەیی من نائومێد دەبن و ئەوانە سزای سەختیان بۆ هەیە.

بۆیە پێویستە باوەڕمان بەهەموو ئایەکانی خوای گەورە هەبێت و بەڕاستیان بزانین و کاریان پێ بکەین؛ لەبەر ئەوەی: ﴿لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾ (٨٤).

---

(٨٣) - [العنكبوت: ٢٣].

(٨٤) - [فصلت: ٤٢].

واتە: بەتاڵ ڕووی تێ ناکات، نە لە ئێستا و نە لە دواڕۆژدا (نە بە لێ کەمکردن، نە بە لێ زیادکردن)؛ چونکە نێردراوەتە خوارەوە لەلایەن خوای کاردروستی ستایشکراوەوە.

*****

بابەتی چل و نۆیەم: بێباوەڕبوون بە هێندێک لە ئایەتەکانی خوا

جَحْدُ بَعْضِهَا.

نکوولێکردن لە هێندێک لە ئایەتەکانی خوا.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

خەڵکی سەردەمی نەفامی هەموویان وەکوو یەک نەبوون و لەیەک ئاست و پلەدا نەبوون دەربارەی بەدرۆزانینی ئایەتەکانی خوای گەورە، هەیانبوو هەموو ئایەتەکانی خوای بەدرۆ دەزانی و باوەڕی پێی نەبوو، باوەڕی بە هیچ کتێبێکی خوا نەبوو، هەشیانبوو نکوولّی لە هەمووی نەدەکرد، بەڵکوو باوەڕی بە هێندێکی هەبوو، یاوەڕی بە هێندێکی تری نەبوو، باوەڕی بەو ئایەتانە دەهێنا کەوا لەگەڵ ئارەزووی دەگونجا، بەڵام باوەڕی بەو ئایەتانە نەبوو کەوا لەگەڵ ئارەزووی نەدەگونجا، وەکوو جوولەکە و گاورەکان، بۆیە ئەوەی ئاوا بێت، وەکوو ئەو کەسە وایە کە باوەڕی بە هەر هەمووی نەبێت؛ چونکە ئەمە جیاوازیکردنە لەنێوانی دوو شتی لەیەکچوو و هاوشێوەی یەک، ئایەتەکانی خوا هەر هەموو ڕاستن، ڕێنمایی و ڕووناکین، چۆن دەبێت جیاوازی بخرێتە نێوانیانەوە، هەر لەبەر ئەمەشە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْىٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ﴾ [٨٥].

---

[٨٥] - [البقرة: ٨٥].

واتە: جا ئایا بڕوا دەهێنن بەهەندێک لە تەورات، و بێبڕوا دەبن بەهەندێکی تری؟! جا تۆڵەی ئەو کەسانەی کە ئاوا بکەن لە ئێوە، هەر ڕیسوایی و بەدناویە لە ژیانی دونیادا، لە ڕۆژی دوایشدا دەگەڕێنرێنەوە بۆ ناو سەختترین سزا.

*****

بابەتی پەنجایەم: نکوولّی کردنیان لە دابەزاندنی کتێبەکان بۆ سەر پێغەمبەران

قَوْلُهُمْ: ﴿مَا أَنْزَلَ اللَّهُ عَلَى بَشَرٍ مِنْ شَيْءٍ﴾ [الأنعام: ٩١].

[بابەتی پەنجایەمین لە باسەکانی نەفامی] ئەو قسەیەیانە: {خوا هیچ شتێکی نەناردۆتە خوارەوە بۆ سەر هیچ ئادەمییەک}.

ڕاڤەکردن

باوەڕهێنان بە کتێبە دابەزێنراوەکان، بنچینە و پایەیەکی گرینگی ئیمانە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقُلْ ءَامَنتُ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَٰبٍ﴾ [٨٦].

واتە: بڵێ باوەڕم هێناوە بە هەر کتێبێک کە خوا ناردوویەتییە خوارەوە بۆ هەموو پێغەمبەران.

جوولەکەکان گوتیان: {خوا هیچ شتێکی نەناردۆتە خوارەوە بۆ سەر هیچ ئادەمییەک}. ئەمەش واتە: نکوولّیکردنی هەموو پەیامەکان و نکوولّیکردنی وەحی، ئەوەشی کە وای لێ کردن ئەو قسەیە بکەن، حەسوودی بردن بوو بە موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، بەڵام خوای گەورە ڕەددی دانەوە و فەرمووی: ﴿قُلْ مَنْ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِى جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ﴾ [٨٧].

واتە: ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ئەی کێ ئەو کتێبەی نارد خوارەوە کە مووسا هێنای؟ (ئەو کتێبە) ڕووناکی و ڕێنموونیی بوو بۆ خەڵک.

---

[٨٦] - [الشورى: ١٥].

[٨٧] - [الأنعام: ٩١].

واتە: مادام ئێوە دەڵێن ئەو کتێبەی لەگەڵ مووسادا بوو لەلایەن خواوە بووە و مووساش بەشەر بووە، ئیتر بۆ دەڵێن: {خوا هیچ شتێکی نەناردۆتە خوارەوە بۆ سەر هیچ ئادەمییەک}. ئەمە دژبەیەکی بوو لەلایەن جوولەکەوە، کە حەسوودی وای لێ کردن بێباوەڕ ببن بە هەموو پێغەمبەران و کتێبەکان.

*****

بابەتی پەنجا و یەکەم: وەسفکردنیان بۆ قورئان بەوەی قسەی مرۆڤە

قَوْلُهُمْ فِي القُرْآنِ: ﴿إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ﴾ [المدثر:٢٥].

بابەتی پەنجا و یەکەمین لە باس و خواسەکانی نەفامی] ئەو قسەیەیانە کەوا دەربارەی قورئان گوتیان: {ئەمە تەنها وتەی مرۆڤە، وتە و فەرموودە و فەرمایشتی خوای گەورە نییە}.

راڤەکردن

قورئان وتە و قسەی خوای گەورەیە و خوا بە حەقیقی قسەی پێ کردووە، جبریل گوێی لە خوای گەورە بووە و پێغەمبەریش گوێی لە جبریل بووە. بەڵام هێندێک لە بێباوەڕانی قوڕەیش -وەکوو وەلیدی کوڕی موغیرە- دەیانگوت: ئەمە قسەی مرۆڤە و قسەی خوا نییە. بەڵام خوای پەروەردگار لە چەندان ئایەتدا باسی ئەوەی کردووە کەوا قورئان کەلامی خۆیەتی.

*****

بابەتی پەنجا و دووەم: نکووڵیکردنی دانایی لە کردەوەکانی خوای بەرز و بڵند

القَدْحُ فِي حِكْمَةِ اللهِ تَعَالَى.

تانەدان لە دانایی و کارزانی خوای بەرز و بڵند.

ڕاڤەکردن

دانایی(الحِكْمَة) بریتییە لە: دانانی شتێک لە شوێنی گونجاوی خۆی. حەکیمیش ئەو کەسەیە کەوا شتەکان لە شوێنی گونجاوی خۆی دادەنێت.

تانەدان لە حیکمەتی خوای گەورە و گومان بردن بەوەی کارەکانی بەبێ حیکمەتە، ئەمە گومانی نەفامەکانە؛ لەبەر ئەوەی خوای گەورە وەسفی خۆی کردووە بە دانا(الحَكِيم) و دانایی(الحِكْمَة)، بۆیە هەموو کردەوە و فەرمانەکانی لەوپەڕیی دانایی و کارزانیین. هیچ شتێک ناکات بە گەمە و گاڵتە و بەبێ حیکمەت، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ﴾ (٨٨).

واتە: ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە بە بێهودە دروستمان نەکردووە، ئەوە گومانی ئەو کەسانەیە کە بێباوەڕ بوون، کەواتە هاوار بۆ ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون لە ئاگری دۆزەخ.

هێندێک لە فیرقە گومڕاکانیش -وەکوو موعتەزیلە و ئەشعەرییەکان- بەشێک لەو نەفامییەیان بەبەر کەوتووە و دەڵێن: خوای گەورە کە کارێک دەکات، لەبەر حیکمەت نایکات، بەڵکوو تەنها لەبەر ئەوەی ویستی لێیە و دەیکات، واتە: نکووڵی (حیکمەت) و (هۆکار) دەکەن لە کارەکانی خوای گەورە، ئەمەش بە

---

(٨٨) - [ص: ٢٧].

گومانی خۆیان خوا بە پاک ڕادەگرن لە بوونی مەبەست، چونکە حیکمەت واتا: مەبەست، دەڵێن: خوای گەورەش پاک و دوورە لە مەبەستەکان. ئێمەش دەڵێین: بەڵێ، خوای گەورە کە کارێک دەکات، لەبەر ئەوەیە ویستی لێیەتی، بەڵام ئەنجامیشی نادات، ئیللا لەبەر حیکمەتێک نەبێت.

*****

بابەتی پەنجا و سێیەم: فێڵکردنیان بۆ پووچەڵکردنەوەی شەرعی خوای گەورە

إِعْمالُ الحِيَلِ الظَّاهِرَةِ والبَاطِنَة في دَفْعِ ما جاءت به الرُّسُلُ، كَقَوْلِهِ تَعَالى عَنْهُم: ﴿وَمَكَرُوا وَمَكَرَ اللَّه﴾ [آل عمران: ٥٤].

وَقَولِهِ: ﴿وَقَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُوا بِالَّذِي أُنْزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُوا آخِرَهُ﴾ [آل عمران: ٧٢].

ئەنجامدانی فێڵ و تەڵەکەی ئاشکرا و شاراوە بۆ پووچەڵکردنەوە و بەدرۆخستنەوەی ئەو بەرنامەیەی کە پێغەمبەران هێناویانە، وەکوو ئەو فەرمایشتە خوای بەرز و بڵند کە دەربارەیان دەفەرموێ: {کافران نەخشە و پیلانیان دانا و فێڵیان کرد، خوای گەورەش لە بەرانبەر نەخشە و پیلان و فێڵی ئەوان، نەخشە و پیلان و فێڵی بۆیان دانا}.

هەروەها ئەو فەرمایشتەی: {کۆمەڵێک لە ئەهلی کیتاب -سەرکردە و گەورەکانیان- بە جوولەکەکانیان گوت: لە سەرەتای ڕۆژ، بەیانی زووەکەی ئێوەش بڕۆن ئیمان بێنن بەو شتەی کە بۆ سەر باوەڕداران دابەزیوە و موسڵمان بن و نوێژی بەیانیان لەگەڵدا بکەن، کۆتایی ڕۆژیش، ئێوارەکەی کافر ببنەوە}.

ڕاڤەکردن

یەکێک لە کارە نەفامییەکانی بەشێک لە خەڵکی سەردەمی نەفامی، بەکارهێنانی فێڵ بووە بۆ گۆڕینی شەرعی خوای گەورە، ئەمەش لەپێناو ڕزگاربوونیان لە پەیوەستبوون پێیەوە؛ لەبەر ئەوەی توانایان نەبوو بە ئاشکرا ڕووبەڕووی ببنەوە؛ بۆیە پەنایان دەبردە بەر فرت و فێڵ.

ئەو ئایەتەش کە دانەر هێنایەوە، یەکێک بوو لە فێڵ و پیلانەکانی جوولەکە، چونکە کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی کرد بۆ مەدینە و بوو بە دەسەڵاتدار، جوولەکەکانیش نەیاندەتوانی بە ئاشکرا ڕووبەڕووی ببنەوە، بۆیە پەنایان بردە بەر ئەو پیلانە بۆگەنە: بە خەڵکێکیان دەگوت بەیانیان باوەڕ بێنن و بڕۆنە ناو ئیسلام، دوایی لە کۆتایی ڕۆژدا لێی هەڵگەڕێنەوە و بڵێن ئایینی موحەممەد بە کەڵک نایێت و باش نییە، تاوەکوو خەڵکیش چاو لە ئێوە بکەن و نەچنە ناو ئایینەکەیەوە، دەڵێن: ئەگەر ئەو ئایینە باش بووایە، ئەوانە وازیان لێی نەدەهێنا، بۆیە خوای زانا ئەو پیلانەیانی ئاشکرا کرد و پووچەڵی کردەوە.

ئینجا ئەو جوولەکانە پیلانی دیکەشیان هەبوو بۆ گۆڕینی شەرع و خۆ ڕزگار کردن لێی، وەکوو ئەوەی کاتێک خوای گەورە قەدەغەی کردن کەوا لە ڕۆژی شەممەدا ڕاوە ماسی بکەن، هەستان فێڵێکیان دۆزییەوە، لە ڕۆژی هەینیدا تۆڕیان دادەنایەوە، دواتر لە ڕۆژی یەکشەممەدا تۆڕەکەیان هەڵدەکێشایەوە و ماسییەکانیان دەگرت.

*****

بابەتی پەنجا و چوارەم: دانان بە حەق و ڕاستی؛ بۆ گەیشتن بە پووچەڵکردنەوە و بەدرۆخستنەوەی

الإِقْرَارُ بالحَقِّ؛ لِيَتَوَصَّلُوا بِهِ إِلَى دَفْعِهِ، كَمَا قَال فِي الآيَةِ.

دانان بە حەق و ڕاستی؛ بۆ ئەوەی بگەن بە پووچەڵکردنەوە و بەدرۆخستنەوەی، هەروەکوو خوای گەورە لە ئایەتەکەدا فەرمووی.

ڕاڤەکردن

ئەمە وەکوو درێژەپێدانێکە بۆ بابەتی پێشوو، ئەوان لەپێناو گەیشتن بە پووچەڵکردنەوەی حەق بە گومانی خۆیان، لە ڕووکەشدا دانیان بە حەقدا دەنا بۆ ماوەیەکی کەم، دوایی پاشگەزبوونەوەی خۆیان ڕادەگەیاند، تاوەکوو خەڵکی لێ سارد بکەنەوە و بیانخەنە گومانەوە.

بەداخەوە ئەم پیلان و فێڵە تا ئێستاش بەردەوامە، خەڵکانێک لە دوژمنانی ئیسلام خۆیان دەخزێننە ناو ئیسلام و ئیسلامەتی خۆیان دەردەخەن، دوای ماوەیەکی کەم پاشگەزبوونەوەی خۆیان ڕادەگەیەنن، تاوەکوو بە خەڵکی دیکە بڵێن نەکەن بێنە ناو ئەو ئایینەوە؛ چونکە ئێمە تاقیمان کردەوە، بینیمان ئایینێکی چاک نەبوو.

*****

بابەتی پەنجا و پێنجەم: دەمارگیریان بۆ ئەو نارەوا و بەتاڵەی لەسەری بوون

التَّعَصُبُ للمَذْهَبِ، كقوله تعالى: ﴿وَلَا تُؤْمِنُوا إِلَّا لِمَنْ تَبِعَ دِينَكُمْ﴾ [آل عمران: ٧٣].

دەمارگیریی بۆ ڕێچکە و ڕێبازی خۆیان، وەکوو فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {جوولەکە هەندێکیان بەهەندێکیان گوت: ئیمان مەهێنن و باوەڕ مەکەن، تەنها بەو کەسانە نەبێ کە شوێنی دینەکەی ئێوە کەوتوونە}.

ڕاڤەکردن

یەکێکی دیکە لە باس و خواسەکانی نەفامی: دەمارگیرییە بۆ ڕێچکە و ڕێبازی بەتاڵ، ئەو ڕیبازەی کەوا لەسەری بوون و گرتبوویانە بەر، بەهەموو شێوەیەک دەستیان پێیەوە دەگرت، هەرچەندە گومڕاییش بووایە، لەگەڵ بوونی زانیاری بەوەی کە بەتاڵ و پووچە، هەر لێیان لانەدەدا و دەستبەرداری نەدەبوون.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُواْ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ نُؤْمِنُ بِمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَآءَهُۥ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ﴾ [٨٩].

واتە: کاتێک پێیان بگوترابایە: بڕوا بهێنن بەوەی کە خوا ناردوویەتیە خوارەوە کە قورئانە، دەیانگوت: ئێمە بڕوا بەوە دەهێنین کە بۆ خۆمان نێردراوەتە خوارەوە، بێبڕوا دەبوون بەوانەی کە دوای (تەورات) نێرراوە، وەک قورئان، لەکاتێکدا کە ئەو قورئانە ڕاستە و پشتیوانی تەورەتەکەی ئەوانە و بەڕاستی دەزانێت.

---

[٨٩] - [البقرة: ٩١].

بۆیە لەسەر موسڵمان پێویستە واز لە دەمارگیری بێنێت، کاتێک حەقی بۆ ڕوون بووبەوە، چونکە حەق شایستەترە بە شوێنکەوتن.

بابەتی پەنجا و شەشەم: ناونانی تەوحید بە شیرک

تَسْمِيَةُ اتِّبَاعِ الإِسلامِ بِشِرْكاً، كَمَا ذَكَرَهُ فِي قولِهِ تعالى: ﴿مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا عِبَاداً لِي مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ الآية [آل عمران: ٧٩].

ناونانی شوێنکەوتنی ئیسلام بە هاوبەشبڕیاردان، هەروەکوو خوای گەورە لەو فەرمایشتەدا باسی کردووە: {بۆ هیچ مرۆڤێک نییە و نابێت کە خوای گەورە کتێب و حوکم و بڕیار و پێغەمبەرایەتی بۆ بنێرێ، پاشان بە خەڵکەکە بڵێت: خەڵکەکە وەرن ببن بە بەندەی من لە غەیری خوا، واتە: پێغەمبەران بۆیان نییە شتی وا بڵێن، بەڵکوو ئەمە پیشەی زانا و قەشەی جوولەکە و گاورەکانە}.

ڕاڤەکردن

ناونانی تەوحید و شوێنکەوتنی ئیسلام بە شیرک، هەڵگێڕانەوەی ڕاستییەکانە، هۆکارەکەشی تێکچوون و هەڵگەڕانەوەی فیترەتە و مەبەستەکەش ڕەتکردنەوەی حەق و ڕاستی بوو.

هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتەی کە دانەر هێنایەوە، بریتیی بوو لەوەی کە کاتێک زاناکانی جوولەکە و گاورەکان لە خەڵکی نەجران لەلای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆبوونەوە و بانگی کردن بۆ ئیسلام، و پێی ڕاگەیاندن کە دەبێت شوێنی ئەو بکەون، یەکێک لە گاورەکان گوتی: ئەی موحەممەد، ئەوە تۆ دەتەوێت بتپەرستین هەروەکوو گاورەکان عیسای کوڕی مەریەم دەپەرستن؟!

ئەوەت لە ئێمە دەوێت و بۆ ئەوە بانگمان دەکەیت؟! پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: "پەنا بە خوا لەوەی جگە لە خوا بپەرستین، یان فەرمان بکەین بە پەرستنی غەیری خوا، ئەوەبوو خوای پەروەردگاریش ئەو ئایەتەی دابەزاند.

ئەمڕۆش چەند لە دوێنێ دەچێت! ئێستاش خەڵکانێک پەرستنی خوا بە تاک و تەنها ناودەنێن شیرک و کوفر و دەرچوون لە دین و وەهابییەت و ڕێزنەگرتنی پێغەمبەران و پیاوچاکان. یاخود خەڵکانێک لە جەهمییەکان و ئەشعەرییەکان، جێگیرکردنی سیفاتەکانی خوا ناودەنێن بە کوفر و بتپەرستی و تەجسیم!

*****

بابەتی پەنجا و حەفتەم: گۆڕینی وشەکان لە شوێنی خۆیان

تَحْرِيفُ الكَلِمِ عَنْ مواضِعِهِ.

گۆڕینی وتەی خوا و دەستکاریکردنیان لە شوێنی خۆیان.

ڕاڤەکردن

گۆڕینی فەرمایشتەکانی خوا لە شوێن و مەبەستی خۆیان، بە دوو شێوە دەبێت:

یەکەم: گۆڕینی دەربڕین و پیتەکان، وەکوو ئەهلی کیتاب کەوا دەستکاری تەورات و ئینجیلیان کرد، گۆڕییان، لێیان زیادکرد، لێیان کەمکرد.

دووەم: گۆڕینی واتا و ناوەرووکەکەی و لادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی. جا ئەهلی کیتاب -بەتاییەتی جوولەکەکان- پیشەیان وابوو کە وشەکانیان دەگۆڕی، یان بە گۆڕینی دەربڕین و پیتەکانی، یاخود بە گۆڕینی واتا ڕاستەقینەکەی بۆ واتایەکی دیکە، بۆیە هەر کەسێک وتەی خوای پەروەردگار بگۆڕێت و دەستکاری بکات، ئەوە لەسەر ڕێبازی نەفامییە؛ چونکە ئەمە یەکێک بوو لە ڕێچکەکانیان بۆ ڕەتکردنەوەی وتەی خوا و حەق.

خوای پەروەردگار لە چەند شوێنێک باسی جوولەکەکان دەکات و سەرزەنشتیان دەکات کەوا ئەو کارەیان دەکرد، بۆ نموونە دەفەرموێ: ﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ﴾ [٩٠].

---

[٩٠] - [النساء: ٤٦].

واتە: هەندێک لە جوولەکەکان فەرموودەکانی خوا دەگۆڕن لە شوێن و مەبەستی خۆی.

بەداخەوە زۆرێک لە گرووپە گومڕاکانیش وتەی خوای گەورە دەگۆڕن، تەنها بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕێچکە و مەبەستی ئەواندا بگونجێت، جا یەکسانە خودی وشەکە بگۆڕن، یاخود واتاکەی بگۆڕن و بە غەیری تەفسیری خۆی واتای لێک بدەنەوە، بەتایبەتی لە ئیستادا ئەوانەی کە خاوەنی ڕێچکە و ڕێبازی پووچ و لەناوبەرن، ئەگەر نەیانتوانی دەقەکان ڕەت بکەوە، ئەوا دەست دەکەن بە گۆڕین و دەستکاری کردنی.

کەواتە پێویستە باوەڕمان بە وتەی خوای گەورە هەبێت، وەکوو خۆی، بەبێ ئەوەی دەستکاری وشەکە بکەین، یان واتا ڕاستەقینەکەی بگۆڕین.

*****

بابەتی پەنجا و هەشتەم: بادان و پێچانەوەی زمان بە خوێندنەوەی کتێب

لَيُّ الْأَلْسِنَةِ بِالْكِتَابِ.

بادان و پێچانەوەی زمان بە خوێندنەوەی کتێب.

ڕاڤەکردن

ئەمەش سیفەتێکی دیکەی نەفامەکان بوو کە زمانیان خوار دەکردەوە لەکاتی خوێندنەوەی تەورات‌دا؛ بۆ ئەوەی کە قسەی تر بدەنە پاڵ ئایینەکەی خوای گەورە و وا بزانن ئەمیش هەر لە تەوراتەکەیە و دەیخوێننەوە، وەکوو خوای پەروەردگار دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُۥنَ أَلْسِنَتَهُم بِٱلْكِتَٰبِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمَا هُوَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ [٩١].

واتە: لەناو جوولەکەکانیشدا کۆمەڵێک هەن، کە زمانیان گێڕ و خوار دەکەنەوە و دەپێچنەوە لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکەیاندا؛ بۆ ئەوەی کە قسەی تر بدەنە پاڵ دینەکەی خوای گەورە و وا بزانن ئەمیش هەر لە تەوراتەکەیە و دەیخوێننەوە، لەکاتێکدا کە قسەی خۆیانە و لە کیتابی خوای گەورە نییە و شتی وا نەهاتووە.

*****

[٩١] - [آل‌عمران: ٧٨].

بابەتی پەنجا و نۆیەم: ناوونانتۆرەنان لە شوێنکەوتوانی حەق بە ناووناتۆرەی دوورخەرەوە

تَلْقِيبُ أَهْلِ الهُدَى والصَّوابِ بالصَّابِئَة والحَشَويَّة.

ناو و ناتۆرەنان لە شوێنکەوتوانی هیدایەت و حەق بە سابیئە و حەشەوی.

ڕاڤەکردن

(الصَّابِئَة) واتە: دەرچوو لە ئایین. هەر کەسێک شوێن پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بکەوێت، پێیان دەگوت: سابیئی. واتە: دەرچوو لە ئایین و ڕێباز و عادەتی ئەوان و باب و باپیرانیان.

(الحَشَويَّة): لە (حشو)ـەوە هاتووە، واتە: ئەو شتەی کەوا هیچ سوودێکی نییە، واتە: ئەو کەسانەی لەناو خەڵکیدا زیادەن و هیچ سوودێکیان نییە و شایستە نییین.

ئەو قسەیەیان دەگوت؛ وەکوو بە بچووک سەیرکردنێک بۆ شوێنکەوتووانی حەق و خەڵکی ڕێنماییکراو. کاتێک نەیاندەتوانی ڕووبەڕووی بەڵگەکان بوەستنەوە و دەستبەتاڵ و مایەپووچ دەبوون بەرانبەری، ئەوەبوو پەنایان دەبردە بەر ئەو پڕوپاگەندانە و ئەو ناووناتۆرانە، ئەمەش بەمەبەستی دوورخستنەوەی خەڵکی لە ڕێگەی ڕاست.

ئینجا ئەو جۆرە ناووناتۆرانانە لەناو گرووپە گومڕاکانیش زۆرە، بەتایبەتی ڕافیزە و جەهمی و موعتەزیلە و ئەشعەرییەکان، ناو لە ئەهلی حەق دەنێن: ناسیبی، حەشەوی، موجەسسیمە و هتد. یاخود ئێستا خەڵکانێکی بێدین و لادەر،

بە موسڵمانان دەڵێن: سەتحی و دواکەوتوو و وشک و جگە لەمانەش، بەڵام با هەموو ئەهلی بەتاڵ بزانن کە ئەو ناوونانۆزرانە هیچ زەرەر بە ئەهلی حەق ناگەیەنێت.

بابەتی شەستەم: درۆ هەڵبەستن بە ناوی خواوە

افتراءُ الكَذِبِ على اللهِ.

درۆ هەڵبەستن بە ناوی خوای گەورەوە.

ڕاڤەکردن

ئەمەشیان یەکێکە لە دیاردە هەرە ترسناکەکانی نەفامی، درۆ هەڵبەست و شت دانە پاڵ خوا و پێغەمبەرەکەی، کە ئەوان لێی بەرپین، ئەمەش بەڕاستی زۆرە لەلای ئەهلی بەتاڵ، کە گومڕایی و شتە پووچەکانی خۆیان دەدەنە پاڵ خوای گەورە، هەر لە خۆیانەوە و بە درۆ دەڵێن: ئەوە حەرامە و ئەوە حەڵاڵە، وەکوو ئەوەی پێشتر باسمانکرد کاتێک کە بەڕووتی تەوافیان دەکرد بەدەوری کەعبەدا، دەشیانگوت: خوا فەرمانی بەمە پێ کردووین.

خوای گەورە پەروەردگار دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [٩٢].

واتە: دیسان درۆ بۆ خوای گەورە هەڵدەبەستن و بەناوی خوای گەورەوە درۆ دەکەن، لە کاتێکدا خۆشیان دەزانن ئەمانە گەورەترین تاوانە.

هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَفْتَرِي ٱلْكَذِبَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰذِبُونَ﴾ [٩٣].

---

[٩٢] - [آل عمران: ٧٨].

[٩٣] - [النحل: ١٠٥].

واتە: بێگومان تەنها ئەوانە درۆ هەڵدەبەستن بەناوی خواوە، کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی خوا نییە و هەر خۆیان درۆزنن.

بەهەمان شێوە شت دانە پاڵ پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- تاوان و ترسناکییەکەی گەورەیە، هەروەکوو دەفەرموونێ: «مَن كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ» [٩٤].

واتە: هەر کەسێک درۆ بەناوی منەوە بکات بە ئەنقەست، ئەوە با شوێنی خۆی لەناو ئاگری دۆزەخ ئامادە بکات.

بەڵام ئەهلی بیدعە و شیرک، لەپێناو بڵاوکردنەوەی بیدعە و گومڕایی و شیرکی خۆیان، هێندێکجار فەرموودەی درۆ دەدەنە پاڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، کە ئەو جۆرە قسانە نەوەک پێغەمبەرێک، بەڵکوو لە هیچ موسڵمانێکیش ناوەشێتەوە قسەی ئاوا بکات، بۆ نموونە: دەڵێن گوتوویەتی: «إذا أعيتكم الأمور، فعليكم بأصحاب القبور». واتە: ئەگەر کارەکانتان لێ ئاڵۆز بوو، ئەوا پەنا ببەن بۆ خاوەنی گۆڕەکان و مردووەکان. یاخود گوایە گوتوویەتی: «لو اعتقدت في حجر، نفعك». واتە: ئەگەر باوەڕت بە بەردێکیش هەبێت، ئەوە سوودت پێ دەگەیەنێت - پەنا بە خوای گەورە-.

بۆیە لەسەر موسڵمان پێویستە وریای ئەو کارە پیس و ترسناکە بێت، هەروەها وریا بێت لەوەی بە هەڵەش شتێک بداتە پاڵ خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی، کە ئەوان نەیانگوتووە.

*****

---

[٩٤] - رواه البخاري برقم (١٢٩١).

بابەتی شەست و یەکەم: بەدرۆزانینی حەق و ڕاستی

التَّكذِيبُ بالحَقِّ.

بەدرۆزانینی حەق و ڕاستی.

ڕاڤەکردن

لە خاڵی پێشوو، باسی ئەوە کرا کەوا نەفامەکان بەدرۆ و بوختان شت دەدەنە پاڵ خوای گەورە، لەو خاڵەشدا باسی ئەوە دەکات کەوا ئەوان ئەو حەقەی لەلایەن خواوە بۆیان هاتبوو، بە درۆیان دەزانی و نکوولّییان لێی دەکرد و باوەڕیان پێی نەدەهێنا. وەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَقَدْ كَذَّبُواْ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُاْ مَا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ [٩٥].

واتە: بەڕاستی کاتێک قورئانیان بۆ هات، بەدرۆیان دانا، لەمەوپاش هەواڵی ئەو شتانەیان بۆ دێت، کە ئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد.

*****

[٩٥] - [الأنعام: ٥].

بابەتی شەست و دووەم: هاندانی دەسەڵاتدارەکان دژی شوێنکەوتووانی حەق

كَوْنُهُم إذَا غُلِبُوا بالحُجَّةِ، فَزَعُوا إلى الشَّكْوى لِلمُلوكِ، كما قالوا: ﴿أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ﴾ [الأعراف: ١٢٧].

خەڵکی سەردەمی نەفامی ئەگەر ژێرکەوتبان بە بەڵگە[واتە: بەڵگەیان بۆ بهێندرابایەوە لەسەر پووچەڵیەتی ئەو بەرنامەیەی کە لەسەرینە]، ئەوە پەنایان دەبردە بەر سکاڵا بردنە لای دەسەڵاتدارەکان، هەروەکوو گوتیان[واتە: دەسەڵاتدار و گەورەکان لە قەومی فیرعەون]: {ئەی فیرعەون، ئایا تۆ واز لە مووسا و هۆزەکەی دەهێنی، بۆ ئەوەی ئاشووب و ئاژاوە بگێڕن لەسەر زەوی و خراپەکاری بکەن لە (خاکی میسر)دا؟}

﴿ رِاڤەکردن ﴾

یەکێک لە ڕێچکەکانی خەڵکی نەفام و هیچ پێنەماو، ئەوەیە کاتێک کە مایەپووچ دەبن لە ئاستی بەڵگە و ناتوانن بە بەڵگە ڕووبەڕووی بەڵگە بوەستنەوە، واتە: کاتێک شوێنکەوتووانی حەق زاڵ دەبن بەسەریاندا بە بەڵگەوە، ناچار پەنا دەبەنە بەر شکایەتکردن لەلای دەسەڵاتدارەکان، دەچن دەڵێن: ئەو کابرایە پیلانت بۆ دادەنێت و دەیەوێت فەرمانڕەوایەتییەکەت لەبن دەست دەربێنێت و خۆی ببێتە فەرمانڕەوا و کۆمەڵێک درۆی دیکەش، واتە: دەسەڵاتدار هاندەدەن دژی ئەهلی حەق؛ بۆ ئەوەی بە کوشتنی بدەن، یان تووشی زیندانی بکەن و لە کۆمەڵگا دووری بخەنەوە، یاخود کەمترین شت بێدەنگی بکەن.

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە، یەکێک بوو لە بانگخوازانی حەق و پێشەوایەکی ڕێنماییکار بوو، ئینجا کاتێک دوژمنەکانی -لە ئەهلی بیدعە و گومڕایی- بێتوانا بوون لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بە بەڵگە، ناچار پەنایان بردە بەر ئەو ڕێچکەیە و چوون بۆ لای والی و بوختانیان بۆی هەڵبەست و گوتیان: ئیبن تەیمییە پیلان دادەڕێژێت بۆ ئەوەی ببێت بە والی و فەرمانڕەوایەتییەکە بۆ ئەو بێت، تا کەی ئاوا وازی لێ دێنیت؟! والیش بانگی شێخی ئیسلامی کرد و لەو بوارەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرد، ئیبن تەیمییەش گوتی: "من چۆن کاری وا دەکەم، لەکاتێکدا دەسەڵاتی تۆ و دەسەڵاتی مەغۆلیش لەلای من، یەکسان نییە بە دوو فلووس"، والیش زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: سوێند بە خوا تۆ ڕاستگۆی، ئەو کەسەشی کەوا لە پاشملە باسی کردووی، درۆزنە.

بەندەش(وەرگێڕ) دەڵێت: ئەو بابەتە لە ئێستادا پێی دەگوترێت: "ئیڕهابی فیکری". دیارە تیرۆر و تۆقاندن(ئیڕهاب) یەک جۆر و شێوەی نییە، بەڵکوو جۆر و شێوەی زۆرە، جا یەکێک لە جۆرەکانی ئیڕهاب، بریتییە لە: ئیڕهابی فیکری!

ئەهلی بیدعە کاتێک لە مەیدانی گفتوگۆ و وەڵامدانەوەدا هیچ بەڵگەیەکیان پێ نامێنێ و مایەپووچ دەبن، ناچار پەنا دەبەنە بەر ئیڕهابی فیکری و دەستەڵات و بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و بوختانکردن و تۆمەتبارکردنی بەرانبەر بە تۆمەتی بێبنەما و ناڕەوا. لەم کارەشیاندا دوو مەبەستی پیسیان هەیە:

یەکەم: ترساندنی خەڵکی بۆ ئەوەی گوێ لە ئەهلی حەق ڕانەگرن و شتەکانیان نەخوێننەوە. پێیان دەڵێن: وریابن لەمانە، نەکەن گوێیان بۆ بگرن؛ چونکە ئەمانە گرووپێکی لادەرن و ئایینێکی نوێیان هێناوە.

دووەم: ئاگادارکردنی دەستەڵات بەوەی کۆمەڵێک دروست بوونە، بۆیە وریای خۆتان بن، زوو لەناویان ببەن، ئەگەرنا مایەی ترسناکین بۆ سەر دەسەڵاتی ئێوە!

بەڵێ خۆشەویستان، ئەوە سیفەتی هێندێک لە ئەهلی بیدعەیە، وەکوو لەم دێڕە شیعرەدا وەسفیان هاتووە:

ما عِندهم عند التناظر حجة أنى بها لمقلد حيران

لايفزعون إلى الدليل، وإنما في العجز مفزعهم إلى السُّلطان

واتە: لەکاتی گفتوگۆدا بەڵگەیان پێ نییە، چونکە ئینسانی موقەللیدی سەرگەردان بەڵگەی لەکوێ بوو؟

لەکاتێ بێ تواناییدا پەنا بۆ بەڵگە نابەن، بەڵکو پەنا بۆ دەسەڵاتدار دەبەن.

بەڵێ ئەهلی بیدعە ئەوە سیفەتیانە لەهەموو کات و سەردەمێکدا، هەروەکوو کاتی خۆی سۆفی و ئەشعەرییەکان بەرانبەر بە شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە و ئیبن قەییم هیچیان پێنەکرا و هیچ بەڵگەیەکیان پێنەبوو؛ ناچار دەچوون لەلای سوڵتان شکایەتیات لێدەکردن و بەگرتنیان دەدان!

هەروەها ئیمامی ئیبن قەییمیش لە نونییەکەیدا، ئاوا وەسفی ئەهلی بیدعە دەکات و دەفەرموێ:

يارب هم يشكوننا أبدا ببَغيهم وظلمهم إلى السُّلطان

لكننا نَشكوهم وصنيعُهم أبدا إليك؛ فأنت ذو سُلطان

واتە: ئەی پەروەردگار، ئەوان هەمیشە بەهۆی جەور و ستەمیانەوە لەلای سوڵتان شکایەتمان لێدەکەن، بەڵام ئێمە هەمیشە سکاڵای خۆمان لەدەست ئەوان و کارەکانیان دێنینە لای تۆ؛ چونکە هەر تۆ خاوەنی دەستەڵاتی.

لەشوێنێکی تریشدا هەر لە نونییەدا دەفەرموێ:

فإذا تيقن أنه المغلوب عِند تقابل الفُرسان في الميدان

قال اشتكوه إلى القضاة فإن هم حكمو وإلا اشْتكوه لِلسلطان

قولو له هذا يحل الملك بل هذا يزيل الملك مثل فلان
فاعقره من قبل اشتداد الأمر منه بقوه الأتباع والأعوان

واتە: کاتێ دڵنیابوو لەوەی کە دۆڕا، لەکاتی بەیەکگەیشتنی سوارچاکەکان لە مەیدانی گفتوگۆدا.

دەڵێ: بڕۆن لەلای قازی شکایەتی لێبکەن، ئەگەر فەرمانی بەسەردادا، باشە؛ ئەگەرنا لەلای سوڵتان شکایەتی لێبکەن.

پێی بڵێن: ئەوە دەیەوێ وەکوو فلانە کەس دەستەڵاتەکەت لەناو ببات.

زوو بیکوژە و لەناوی ببە، بەهێزی شوێنکەوتە و یارمەتیدەرەکانت، پێش ئەوەی کارەکەی گەورە ببێ وپەرەبستێنێ!

لە شوێنێکی تریشدا دەفەرموێ:

إن كنتم أنتم فحولا فابرزوا ودعوا الشكاوى حيلة النسوان
وإذا اشتكيتم فاجعلوا الشكوى إلى الوحيين لا القاضي ولا السلطان

واتە: ئەگەر ئێوە نێرن و پیاون، وەرنە مەیدان و واز لە سکاڵا بێنن، چونکە فێڵی ئافرەتانە!

خۆ ئەگەر هەر سکاڵاشتانکرد، ئەوە سکاڵایەکەتان بگەڕێننەوە لای کیتاب و سوننە، نەک قازی و سوڵتان.

بەڵێ خۆشەویستان ئەوە ڕێگەی دۆڕاوەکانە لە هەموو سەردەمێکدا، کاتێک بەڵگە لەسەر ناڕەوایەتی ئەو بەرنامە بهێنرێتەوە کە ئەوان لەسەرینە، ئەوانیش هیچ بەڵگەیەکیان نەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، ناچار پەنا دەبەنە بەر هێز و توانای دەسەڵاتدار بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی حەق.

کەواتە ئەهلی بیدعەش لەم بابەتەدا، وەکوو نەفامەکانن و سیفەتێکی زۆر ترسناکی نەفامەکانیان تێدایە!

بابەتی شەست و سێیەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی حەق بە بڵاوکردنەوەی خراپەکاری لە زەویدا

رَمْيُهُم إيَّاهُم بالفسادِ في الأرضِ كما في الآيةِ.

تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتووان و بانگخوازانی حەق بە گەندەڵی و خراپەکاری کردن لەسەر زەوی، هەروەکوو لە ئایەتەکەی پێشوودا هاتووە.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

ئەمەشیان بەهەمان شێوە یەکێکی دیکەیە لە ڕێچکەکانی ئەهلی بەتاڵ، کە شوێنکەوتوانی پێغەمبەران و بانگخوازانیان تۆمەتبار دەکرد بە بڵاوکردنەوەی خراپەکاری و گەندەڵی لەسەر زەوی، بۆیە گوتیان: ﴿أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ﴾ [٩٦]. واتە: ئەی فیرعەون، ئایا تۆ واز لە موسا و هۆزەکەی دەهێنی، بۆ ئەوەی ئاشووب و ئاژاوە بگێڕن لەسەر زەوی و خراپەکاری بکەن لە (خاکی میسر)ـدا؟

کەچی لە بەرانبەردا فیرعەون کاتێک هەوڵی دەدا کەوا بەرنامەکەی موسا هەڵبوەشێنێتەوە، گوتی: ﴿قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾ [٩٧].

واتە: فیرعەون گوتی: چی خۆم بەچاکی دەبینم، هەر ئەوەتان نیشان دەدەم و تەنیا بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنموونیتان دەکەم. واتە: من ڕێنموویتان ناکەم بۆ ئەو

---

[٩٦] - [الأعراف: ١٢٧].

[٩٧] - [غافر: ٢٩].

ڕێگەیەی کەوا خراپەکارییە، کە بریتییە لە ڕێگەی مووسا، بەڵکوو ڕێنموویتان دەکەم بۆ ڕێگای ڕاست.

کەواتە ئەوان چاکسازییان ناونا بە خراپەکاری و گەندەڵی، لەکاتێکدا وانییە، بەڵکوو ئیمان و تەوحید و کاری چاکە، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی چاکسازی لەسەر زەوی، کوفر و شیرک و تاوان و ستەمیش، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی خراپەکاری و گەندەڵی لەسەر زەوی. واتە ئەوەی فیرعەون و داروودەستەکەی لەسەری بوون، ئەوە فەساد و خراپەکاری بوو.

بەداخەوە! ئەمەش ڕێچکەی بێباوەڕ و دووڕوو و ئەهلی بەتاڵە، کەوا بەردەوام ئەهلی حەق تۆمەتبار دەکەن بە خراپەکار و تێکدەر و گێرەشێوێن، خۆشیان بە چاکساز و چاکەکار نیشان دەدەن.

*****

بابەتی شەست و چوارەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی حەق بە بەکەمزانینی ئایینی دەسەلاتدار

رَميهُم إياهُم بِانتِقاصِ دِينِ المَلِكِ، كما قال تعالى: ﴿وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ﴾ [الأعراف: ١٢٧].

وَكما قالَ تعالى: ﴿إِنِّي أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ﴾. الآية [غافر: ٢٦].

شوێنکەوتوانی حەقیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی ئایینی دەسەلاتدار بەکەمدەزانن، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: {[دەسەلاتدار و گەورەکانی قەومی فیرعەون گوتیان: ئەی فیرعەون، ئایا تۆ واز لە موسا و هۆزەکەی دەهێنی کە] واز لە خۆت و پەرستنت بێنێت، یان واز لە خۆت و خوایەکەشت بێنێت، (کە دەڵێن: فیرعەونیش خوای هەبووە، بتی هەبووە پەرستوویەتی، یان خۆری پەرستووە، یا ملوانکەی لە ملدا بووە و کڕنووشی بۆ بردووە)}.

هەروەها وەکوو خوای بەرز و بڵند دەفەرموێ: {[فیرعەون گوتی]: من لەوە دەترسێم کە موسا دینی ئێوە بگۆڕێت}.

ڕاڤەکردن

ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە ڕێچکە نەفامییەکان، کەوا هانی فیرعەونیان دەدا دژ بە پێغەمبەر موسا، دەیانگوت: تۆ چۆن لە موسا دەگەڕێیت کە واز لە ئایین و بەرنامەکەت بێنێت؟ ئەوە خەڵکەکەت لێ تێک دەدات و ئایینەکەیان لێ دەشێوێنێت! دینێکی نوێی هێناوە و دەیەوێت دینی تۆ هەڵبوەشێنێتەوە. بۆیە

فیرعەونیش خۆی گەیشتبووە ئەو قەناعەتە و خۆی وەکوو چاکسازێک نیشان دەدا و بە شوێنکەوتووەکانی دەگوت: دەترسم موسا ئایینی ئێوە بگۆڕێت!

*****

بابەتی شەست و پێنجەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی حەق بە بەکەمزانینی پەرستراوی دەسەڵاتدار

رَميهُم إيَّاهُم بانتِقاصِ آلهةِ المَلِكِ كما في الآية.

شوێنکەوتوانی حەقیان تۆمەتبار دەکرد بە بەکەمزانینی خوا و پەرستراوی دەسەڵاتدار، هەروەکوو لە ئایەتەکەی پێشوودا هاتووە.

ڕاڤەکردن

ئەمەشیان هەر پەیوەستە بە خاڵی پێشوو، دەچوونە لای فیرعەون و دەیانگوت: مووسا وازی لە پەرستنی پەرستراوەکەی تۆ هێناوە! بەکەمی دەزانێت و لە پلەوپایەیان دەهێنێتە خوارەوە! ئەوە خەڵکی هان دەدات تاوەکوو واز لە پەرستنی تۆ بێنن و خوای گەورە بپەرستن! چۆن وازی لێ دەهێنیت کەوا واز لە خۆت و پەرستراوەکەت بێنێت؟ تۆ خاوەنی پلەوپایە و گەورەییت! خۆ ئەگەر ئاوا وازی لێ بهێنیت، کە بانگەوازی بکات بۆ پەرستنی (الله)، ئەوە بێگومان خەڵکی تۆ ناپەرستن؛ بۆیە کۆتایی پێ بهێنە و لەناوی ببە!

*****

بابەتی شەست و شەشەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی حەق بە گۆڕینی ئایین

رَميهُم إيَّاهُم بِتَبدِيلِ الدينِ، كما قال تعالى: ﴿إِنِّي أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ﴾ [غافر: ٢٦].

تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی حەق بە گۆڕینی دین، هەروەکوو خوای بەرز و بڵند دەفەرموێ: {[فیرعەون دەیگوت]: من لەوە دەترسێم کە مووسا دینی ئێوە بگۆڕێت، یاخود لەسەر ڕووی زەویدا ئاشووب و گەندەڵی و خراپەکاری بڵاو بکاتەوە و ناکۆکی بنێتەوە}.

ڕاڤەکردن

لێرەشدا فیرعەون خۆی وەکوو چاکسازێکی کۆمەڵایەتی و دڵسۆزی خەڵکی نیشان دەدا، خەڵکی وشیار دەکردەوە لەوەی شوێن پێغەمبەر مووسا بکەون، دەیگوت: دەترسم ئایینەکەتان بگۆڕێت. کەچی لە ڕاستیدا فیرعەون هەوڵی دەدا ئایینی خەڵکی تێک بدات و نەیدەهێشت ئایینی حەق بڵاو ببێتەوە، تەوحیدی گۆڕی بوو بە شیرک و کوفر، لەبەرانبەریشدا مووسا و شوێنکەوتوانی ئایینێکی حەق و ڕاستیان لەلا بوو، بانگەوازی خەڵکیان دەکرد بۆ یەکخواپەرستی و فیترەتی پاک و عەقڵێکی ساغ و تەندروست. بەکورتی ئەو کارەی فیرعەون وەکوو ئەو پەندە عەرەبییە کە دەڵێت: "رمتني بدائها وانسلت". واتە: تۆمەتباری کردم بە شتێک، کەچی بۆ خۆی گەڕایەوە و لە خۆیدا هەیە.

*****

بابەتی شەست و حەفتەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی حەق بە بەکەمزانینی دەسەلاتدار

رَميُهُم إيَّاهُم بانتِقاصِ المَلِكِ كقولِهِم: ﴿وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ﴾ [الأعراف: ١٢٧].

تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتووانی حەق بە بەکەمزانینی دەسەلاتدار، وەکوو ئەو قسەیەیان کە گوتیان: {[ئەی فیرعەون، ئایا تۆ واز لە موسا و هۆزەکەی دەهێنی کە] واز لە خۆت و پەرستنت بێنێت، یان واز لە خۆت و خوایەکەشت بێنێت؟}

ڕاڤەکردن

لێرەشدا مەبەستەکە ئەوەیە: دەبینین کەوا بە فیرعەونیان گوت: ﴿وَيَذَرَكَ﴾ وازت لێ بێنێت و پلەوپایە و پێگەت بسڕێتەوە، ئەمەش بەکەمزانینی تۆیە و لە پلەی تۆی هێناوەتە خوارەوە، بۆیە وازی لێ مەهێنە و لێی قەبوولْ مەکە!

*****

بابەتی شەست و هەشتەم: ستایشکردنی خۆیان بە شتێک کە تێیاندا نییە

دَعْوَاهُمُ العَمَلَ بِمَا عِنْدَهُمْ مِنَ الحَقِّ كَقَوْلِهِ: ﴿نُؤْمِنُ بِمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا﴾ [البقرة: ٩١]، مَعَ تَرْكِهِمْ إِيَّاهُ.

بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەوا کار بەو حەقە دەکەن کە لەلایانە، وەکوو ئەو فەرمایشتەی خوا دەربارەیان کە دەیانگوت: {ئێمە ئیمان دێنین بەوەی بۆسەر خۆمان دابەزیوە، واتە: تەورات}، لەگەڵ ئەوەی وازیشیان لێ دەهێنا.

ڕاڤەکردن

ئەمە بانگەشەیەک بوو کە جوولەکەکان دەیانکرد، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەوا کار بەو حەقە دەکەن کە لەلایانە، بەڵام لە واقیعی کرداری و لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی ئەمە بوون، بەڵکوو حەقیان فەرامۆش کردبوو و کاریان پێ نەدەکرد و وازیان لێی هێنابوو، بۆیە ئەگەر پێیان بگوترابایە: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُواْ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ نُؤْمِنُ بِمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَآءَهُۥ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ ۗ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنۢبِيَآءَ ٱللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [٩٨].

واتە: کاتێک پێیان بگوترایە: بڕوا بهێنن بەوەی کە خوا ناردوویەتییە خوارەوە (کە قورئانە)، دەیانگوت: ئێمە بڕوا بەوە دەهێنین کە بۆ خۆمان نێردراوەتە خوارەوە، بێبڕواش دەبوون بەوانەی کە دوای (تەورات) نێراوە، وەک قورئان، لەکاتێکدا کە ئەو قورئانە ڕاستە و پشتیوانی تەوراتەکەی ئەوانە و بەڕاستی

[٩٨] - [البقرة: ٩١].

دەزانێت، بڵێ کەواتە: بۆچی لەمەوپێش پێغەمبەرانی خواتان دەکوشت، ئەگەر بڕوادار بوون؟! کەواتە ئەوان ڕاستگۆ نەبوون لە بانگەشەکەیان کە دەیانگوت ئێمە کار بە حەق دەکەین و شوێنی تەوڕات دەکەوین، ئەگەر ڕاستگۆ بوونایە پێغەمبەرانیان نەدەکوشت، هەروەها شوێنی قورئان دەکەوتن.

*****

بابەتی شەست و نۆیەم: زیادکردن لە پەرستشەکاندا

الزِّيادَةُ في العبادةِ، كَفِعلِهِم يَومَ عاشوراءَ.

زیادکردن لە پەرستشدا، وەکوو ئەو کارەی کەوا دەیانکرد لە ڕۆژی عاشووڕادا.

ڕاڤەکردن

ڕۆژی عاشووڕا: بریتییە لە ڕۆژی دەیەمی مانگی موحەڕڕەم، ئەو ڕۆژە بوو کە ڕووداوێکی گەورە تێیدا ڕوویدا، ئەوەبوو خوای باڵادەست فیرعەونِ و دارودەستەکەی نقووم کرد لە دەریادا، پێغەمبەر موسا و گەلەکەشی ڕزگار کرد، واتە: ئەو ڕۆژە بوو کە حەق سەرکەوت بەسەر ناحەقدا، بۆیە موسلمانانیش لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو بوو، وەکوو سوپاسگوزارییەک بۆ خوای پەروەردگار.

بۆیە بەڕۆژوو بوونی ئەو ڕۆژە وەکوو سوننەتێک مایەوە و موسڵمانانیش لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبن. کەواتە سنووری شەرعی لەو ڕۆژەدا، تەنها بەڕۆژوو بوونە.

بەڵام جوولەکەکان بەوەندە وازیان نەهێنا، بەڵکوو لەو ڕۆژەدا هێندێک کاریان زیاد کرد لەلایەن خۆیانەوە، کە خوای گەورە ڕێگەی پێ نەدابوو، وەکوو ئەوەی ئەو ڕۆژەیان کرد بە جەژن و خۆیان و منداڵ و ژنەکان و خانووەکانیان تێیدا دەڕازاندەوە، کەواتە هێندێک شتیان لە سنووری شەرعییەکە زیاد کرد، ئەمەش کارێکی نەفامی بوو.

پاشان خوای گەورە خەڵکی تاقی کردەوە بەوەی لەو ڕۆژەدا ئیمامی حوسەینی کوڕی عەلی -ڕەزای خوایان لێبێت- بە ستەم و بە ناحەق شەهید کرا، ئینجا

ڕەفیزەکان هاتن ئەو ڕۆژەیان کرد بە ڕۆژی تازیەباری و خەم و خەفەت و لە خۆدان و چەندان کاری ناشەرعی.

کەواتە ئەو ڕۆژە لەلایەن خەڵکانێکی زۆرەوە کاری ناشەرعی و زیادە و بیدعەی تێدا ئەنجام دەدرێت.

*****

بابەتی حەفتایەم: کەمکردن لە پەرستشەکاندا

نَقْصُهُم مِنها، كَترِكِهِم الوُقُوفَ بِعَرَفاتٍ.

کەمکردنەوەیان لە پەرستشەکاندا، وەکوو وازهێنانیان لە وەستانی سەر کێوی عەرەفات.

رِاڤەکردن

ئەوەشیان پێچەوانەی بابەتی پێشووە، چونکە لێرەدا لە پەرستشەکانیان کەمکردەوە، ئەو پەرستشانەی کە خوا بۆ بەندەکانی داناوە، خەڵکی سەردەمی نەفامی حەجی ماڵی خوایان دەکرد؛ لەبەر ئەوەی لە پاشماوەی ئایینی پێغەمبەر ئیبڕاهیم بوو -علیه السلام-، بەڵام گۆڕانکار و دەستکارییان تێیدا کردبوو، خوای گەورە وەستان لە کێوی عەرەفەی دانا بوو، بەڵام ئەوان ئەمەیان لێ کەمکردبوو، لە عەرەفە نەدەوەستان، بەڵکوو لە موزدەلیفە دەوەستان. بەڵام پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کاتێک حەجی کرد لە موزدەلیفە نەوەستا، بەڵکوو لەسەر کێوی عەرەفە وەستا، واتە: حەجەکەی گەڕاندەوە بۆ سەر ڕێبازی پێغەمبەر ئیبڕاهیم -علیه السلام-، ئەمەش وەڵامێک بوو بۆ کارە نەفامییەکەی هاوبەشبڕیاردەرەکان.

بۆیە هەر کەسێک دەستکاری پەرستشەکان بکات و شتێکیان لێ کەم بکاتەوە، ئەوە لەسەر ڕێبازی نەفامەکانە.

کەواتە: دەبێت موسڵمان وریا بێت، هەروەکوو چۆن شت کەمکردن لە پەرستشەکان و ئایین نابێت، بەهەمان شێوەش شت زیادکردن و داهێنان لە دین نابێت و ڕێگەپێدراو نییە.

بابەتی حەفتا و یەکەم: وازهێنانیان لەوەی کە خوا لەسەری واجب کردوون، لەبەر خواناسی و دینداری

تَرْكُهُمُ الوَاجِبَ، وَرَعًا.

وازهێنانیان لە واجبەکان، لەبەر خواناسی و دینداری.

ڕاڤەکردن

واتە: خۆیان لە خوا نزیک دەکردەوە بە وازهێنان لەو شتانەی کە خوای گەورە لەسەری واجب کردوون، ئەمەش بەڕاستی نەفامی و گەمژەیی بوو، چۆن دەکرێت خۆت لە خوا نزیک بکەیتەوە بە وازهێنان لەو شتەی کەوا لەسەری فەرز کردووی؟ ئینجا بە بیانووی لەخواترسان و دینداریش! وەکوو ئەوەی تەوافیان دەکرد بەدەوری کەعبەدا بە ڕووتی و وازیان لە خۆداپۆشین دەهێنا کە واجب بوو لەسەریان، ئەم کارەشیان کە دەکرد بە گومانی خۆیان لەبەر دینداری بوو، چونکە دەیانگوت: ئێمە بە پۆشاکێک بە دەوری کەعبەدا ناسووڕێینەوە کەوا تاوانمان پێ کردبێت.

هەروەها هاوشێوەی ئەمە وەکوو ئەوەی خەڵکانێک هێندێک لە واجبەکان ئەنجام نادەن و وازی لێ دەهێنن، لە ترسی ئەوەی تووش ڕیایی نەبن.

.*****

بابەتی حەفتا و دووەم: خۆنزیککردنەوەیان لە خوای گەورە بەوازهێنان لە شتە پاکەکان

تَعَبُّدُهُم بِتَرْكِ الطَّيِّباتِ مِنَ الرِّزقِ.

خواپەرستی کردن و خۆنزیککردنەوەیان لە خوای گەورە، بە وازهێنان لە ڕزق و ڕۆزییە پاکەکان.

ڕاڤەکردن

وازهێنان لەو ڕزق و ڕۆزییە پاک و حەڵاڵەی کە خوای گەورە بۆ مرۆڤەکانی حەڵاڵ کردووە و ئینجا خۆنزیککردنەوەش لە خوا بەو وازهێنانە، ئەوە یەکێکە لە کارە نەفامییەکان، ئەمەش وەکوو ئەوەی هاوبەشبڕیاردەرەکان دەیانکرد، کە هێندێک جۆری ئاژەڵی دیاریکراو و تایبەتیان لەسەر خۆیان قەدەغە کردبوو، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ﴾ [٩٩].

واتە: خوا دای نەناوە و بڕیاری نەداوە (سوود وەرنەگرتن لەم چوار جۆرە وشترە) بەحیرە: (وشترێک بوو پێنج سکی بکردایە و پێنجەم نێر بووایە، ئەو کاتە گوێچکەیان لەت دەکرد و بەرەڵایان دەکرد)، سائیبە: (وشترێک بوو کە دە تا دوازدە سکی بکردایە هەمووی مێینە بووایە)، وەسیلە: (وشترێك بوو یەکەم و دووەم سکی مێینە بووایە)، حام: (وشترێکی نێر بوو کە لە پشتی ئەو دە سک پەیدا ببووایە)، بەڵام ئەوانەی بێباوەڕ بوون، درۆ بەناوی خواوە هەڵدەبەستن.

---

[٩٩] - [المائدة: ١٠٣].

هەروەها گاورەکانیش هێندێک کاری لەو جۆرەیان دەکرد، وەکوو ئەوەی کە هێندێک جار هاوسەرگیرییان نەدەکرد.

*****

بابەتی حەفتا و سێیەم: خۆنزیککردنەوەیان لە خوای گەورە بەوازهێنان لە جوانییە خواییەکان

تَعَبُّدُهُم بِتَرْكِ زِينَةِ اللهِ.

خواپەرستی کردن و خۆنزیککردنەوەیان لە خوای گەورە، بە وازهێنان لە پۆشاک و جوانییە خواییەکان.

ڕاڤەکردن

ئەمەش یەکێکی دیکە بوو لە کارە نەفامییەکانیان، وازهێنانیان لە خۆجوانکردن بە پۆشینی پۆشاک و داپۆشینی عەورەت و زینەتی خوایی، دەکردە جۆرێک لە جۆرەکانی پەرستش، چونکە ئەوان بەڕووتی تەوافیان بە دەورەی کەعبەدا دەکرد و ئەمەشیان بە کارێکی چاک دادەنا، لەکاتێکدا پۆشاک، جوانی و ڕازاوەییە بۆ مرۆڤەکان، بەڵام خوای گەورە بەو فەرمایشتەی وەڵامی دانەوە و فەرمووی: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ﴾[١٠٠].

واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- بڵێ کێ پۆشاک و ئارایش و جوانییە خواییەکانی حەرام کردووە، کە خوا بۆ بەندەکانی دروستی کردووە هەروەها ڕۆزی و خۆراکە پاک و خۆشەکان(کێ حەرامی کردوون)؟

کەواتە خوای گەورە نکوولّییان لێ دەکات و پێیان دەفەرموێ بە قسەی کێ و بە چ بەڵگەیەک ئەو شتە جوانانەتان لەسەر خۆتان قەدەغە کردووە؟ ئەمە لەکاتێکدا خوای گەورە فەرمانی کردووە بە خۆداپۆشین و خۆجوانکردن،

---

[١٠٠] - [الأعراف: ٣٢].

هەروەکوو دەفەرموویّ: ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ﴾ [١٠١].

واتە: ئەی نەوەی ئادەم، پۆشاکی جوان و ڕازاوەتان بپۆشن لە کاتی هەموو نوێژێکدا، هەروەها بخۆن و بخۆنەوە (لەوەی کە حەڵاڵە بۆتان) و زیادەڕەوی مەکەن، بێگومان خوا زیادەڕەوانی خۆش ناوێت.

*****

[١٠١] - [الأعراف: ٣١].

بابەتی حەفتا و چوارەم: بانگەوازی کردنی خەڵکی بۆ لای گومڕایی

دَعْوَتُهُمُ النَّاسَ إِلَى الضَّلَالِ بِغَيْرِ عِلْمٍ.

بانگەوازی کردنی خەڵکی بۆ لای گومڕایی، بەبێ زانست و زانیاری.

ڕاڤەکردن

بانگەوازکردن بۆ لای خوا بەبێ زانست، یەکێکە لە کارەکانی خەڵکی سەردەمی نەفامی، لەبەر ئەوەی کاری بانگەواز بۆ لای خوا دەبێت بە زانست و بەڵگە و چاوڕۆشنیی و دانایی و ئامۆژگاری چاک و گفتوگۆکردن بە چاکترین شێوە ئەنجام بدرێت.

بەڵام ئەوان بەپێچەوانەوە خەڵکییان بانگ دەکرد بۆ گومڕایی و سەرپێچی کردنی حەق و ڕاستی، چونکە خۆیان نەزان و گومڕا بوون، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّبِعُواْ سَبِيلَنَا وَلۡنَحۡمِلۡ خَطَٰيَٰكُمۡ وَمَا هُم بِحَٰمِلِينَ مِنۡ خَطَٰيَٰهُم مِّن شَيۡءٍۖ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ﴾ [١٠٢].

واتە: ئەوانەی بێبڕوا بوون بە ئیماندارانیان گوت: شوێن ڕێگا و ڕێبازی ئێمە بکەون و تاوانەکانتان بە ئەستۆی ئێمە، ئەو بێبڕوایانە هیچێک لە تاوان و گوناهی باوەڕداران هەڵناگرن، بەڕاستی ئەوانە درۆزنن.

هەروەها بانگیان دەکردن بۆ هاوبەشبڕیاردان و حەڵاڵکردنی حەرام و حەرامکردنی حەڵاڵ و شتانێک کە خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی دەربارە دانەبەزاندبوو. بەڵام خوای پەروەردگار ئاگەدارمان دەکاتەوە کە گوێڕایەڵی ئەو

---

[١٠٢]- [العنكبوت: ١٢].

جۆرە کەسانە بکەین، وەکوو دەفەرموویێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَـٰسِرِينَ﴾ [١٠٣].

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی بکەن بۆ ئەوانەی کە بێبڕوان، ئەوا دەتانگێڕنەوە بۆ دواوەی خۆتان(بتپەرستی)، ئینجا دەگەڕێنەوە بە زیانباری.

*****

[١٠٣]- [آل‌عمران: ١٤٩].

بابەتی حەفتا و پێنجەم: بانگەوازکردنی خەڵکی بۆ لای کوفر، بە زانیارییەوە

دَعْوَتُهُمْ إِيَّاهُمْ إِلَى الكُفْرِ مَعَ العِلْمِ.

بانگەوازی خەڵکیان دەکرد بۆ لای کوفر و بێباوەڕی، لەگەڵ بوونی زانست و زانیاری.

رِاڤەکردن

ئەوانەش کۆمەڵێکی دیکەن، چونکە کۆمەڵەکەی پێشوو کاتێک بانگەوازییان دەکرد بۆ لای گومڕایی، بەبێ زانست و زانیاری بوو، بەڵام ئەم کۆمەڵەیان کەوا بانگەوازی خەڵکی دەکەن بۆ لای بێباوەڕی، لەگەڵ بوونی زانست و زانیارییانە بە کوفرەکە، واتە کاتێک بانگەوازیان بۆ لای کوفر دەکرد، لەبەر نەزانینیان نەبوو، بەڵکوو دەیانزانی کە کوفر و شیرک و گومڕاییە، کەواتە لەناخی خۆیان دەیانزانی کە بانخوازی گومڕایی و بێباوەڕیین. ئەوەشی کە وای لێ کردبوون ئەو کارە بکەن، ئارەزووی سەرکردایەتی و ماڵ و سامان بوو، یاخود حەسوودی و سەرکەشی بوو.

*****

بابەتی حەفتا و شەشەم: بەکارهێنانی فێڵی گەورە بۆ جێگیرکردنی شیرک و ڕەتکردنەوەی حەق

المَكْرُ الكُبّارُ، كفِعْلِ قوم نوحٍ.

بەکارهێنانی فێڵ و پیلانی هەرە گەورە، وەکوو کاری گەلی نووح.

ڕاڤەکردن

فێڵ و تەڵەکە (المكر) واتە: گەیاندنی شتێکی خراپ بە کەسی بەرانبەر بەڕێگەیەکی شاراوە.

گەلەکەی پێغەمبەر نووح -علیه السلام- گەورەترین و خراپترین و پیسترین فێڵ و تەڵەکەیان بەکارهێنا، ئەویش پیلان دانان و بانگەوازیکردن بوو بۆ ئەوەی خەڵکی تووشی شیرک و بتپەرستی بکەن و وایان لێ بکەن لەسەری بەردەوام بن و بمێننەوە، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَكَرُواْ مَكْرًا كُبَّارًا ۞ وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ۞ وَقَدْ أَضَلُّواْ كَثِيرًا ۖ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلًا﴾[١٠٤].

واتە: پیلان و فڕوفێڵی زۆر گەورەیان کرد. هەروەها گوتیان: دەست هەڵنەگرن لە بت و خواکانتان و دەست هەڵنەگرن لە پەرستنی (ودد و سواع و یەغووس و

---

[١٠٤]- [نوح: ٢٢-٢٤].

یەعووق و نەسر). بەڕاستی ئەوانە زۆر خەڵکیان گومڕا کرد، خوایە، ئەم ستەمکارانە لە گومڕایی زیاتر هیچی تریان بۆ زۆر مەکە.

بۆیە جوانکردنی شتی ناشیرین و ناشیرینکردنی شتی جوان، بریتییە لە فڕوفێڵ، کە ئەمەش پیشەی بانگخوازانی گومڕاییە لە کۆن و تازەدا، تاوەکوو خەڵکی لە حەق دوور بخەنەوە و تووشی گومڕایی و کوفر و شیرکیان بکەن.

*****

بابەتی حەفتا و حەفتەم: شوێنکەوتنیان بۆ کەسانێک کە گونجاو نەبوون بۆ ڕابەرایەتی و پێشەنگایەتی

إِنَّ أَئِمَّتَهُم: إِمّا عالِمٌ فاجِرٌ، وإِمَّا عابِدٌ جاهِلٌ؛ كمَا في قولِهِ: ﴿وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِنْ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ۞ وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلا بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ قَالُوا أَتُحَدِّثُونَهُمْ بِمَا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَاجُّوكُمْ بِهِ عِنْدَ رَبِّكُمْ أَفَلا تَعْقِلُونَ ۞ أَوَلا يَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لا يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلّا أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلّا يَظُنُّونَ﴾ [البقرة: ٧٥-٧٨].

بەدڵنیایی پێشەواکانیان: یان زانایەکی خراپ و گوناهکار بوو، یاخود خواپەرستێکی نەزان بوو؛ هەروەکوو لەو فەرمایشتەی خوای گەورەدا هاتووە: {کاتێک کۆمەڵێک لەوان گوێیان لە قسە و فەرمایشتی خوای گەورە دەبوو لە تەورِاتدا (ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تەورِات و سەرجەم پەرتووکە ئاسمانییەکان، وەکوو قورئان، قسە و فەرموودەی خوای گەورەن)، لەدوای ئەوەی کە لێی تێ دەگەیشتن، دەستکاریان دەکرد و شتیان لێ زیاد و کەم دەکرد و بەگوێرەی هەوا و ئارەزووی خۆیان دەیانگۆڕی، دەشیانزانی کە دەستکاری کردنی حەرامە. ئینجا هەندێک مونافیقی جوولەکە کە بگەیشتنایە بە باوەڕداران، دەیانگوت ئێمەش باوەڕمان هێناوە و موسڵمانین، هەروەها هەندێک لە جوولەکەکانی تر، ئەگەر بگەیشتنایە بەم جوولەکە مونافیقانە، پێیان دەگوتن: ئایا ئێوە باسی ئەو سزایانە دەکەن بۆ موسڵمانان

کە بەسەر باب و باپیرانی ئێمە هاتووە لە جوولەکە، بۆ ئەوەی بیکەنە بەڵگە بەسەرمانەوە، بۆ هەست بە زەرەرو زیانی ئەم شتە ناکەن؟ بۆ تێ ناگەن؟ (لۆمەی جوولەکە مونافیقەکانیان دەکرد، بۆ ئەو شتانە بۆ موسڵمانان باس دەکەن؟) خوای گەورە دەفەرموێ: ئایا ئەوان نازانن کە خوای گەورە ئەوەی کە ئەوان دەیشارنەوە کاتێک دەگەن بە یەکتری و ئەوەی کە ئاشکرای دەکەن، خوای گەورە زانیاری بەهەمووی هەیە و هەمووی ئاشکرا دەکات}.

ڕاڤەکردن

پێشەنگ و ڕابەری خەڵکی سەردەمی نەفامی لە جوولەکە و گاورەکان و جگە لەوانیش: یان زانایەکی خراپەکار بوو، کە ئەویش ئەو کەسەیە کار بە زانستەکەی ناکات، وەکوو زانا لادەرەکانی جوولەکە، یانیش خواپەرستێکی نەزان بوو، کە ئەویش ئەو کەسەیە بەبێ زانست کار دەکاتم وەکوو خواپەرستە نەفامەکانی گاورەکان. ئەمانە بە ئارەزووی خۆیان حەڵاڵیان حەرام دەکرد و حەرامیشیان حەڵاڵ دەکرد، دەستکاری ئایینیان دەکرد، مااڵی خەڵکییان بەناحەق دەخوارد، کاری خراپە و بەدڕەوشتیان ئەنجام دەدا. بەڵێ، ئەو خەڵکە شوێنی ئەو جۆرە پێشەنگ و ڕابەرانە دەکەوتن و چاویان لێ دەکردن.

بەڵگەش لەسەر ئەمە، ئەو چەند ئایەتەی کە باسی کرد، : ﴿وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِنْ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ۝ وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَا بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ قَالُوا أَتُحَدِّثُونَهُمْ بِمَا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَاجُّوكُمْ بِهِ عِنْدَ رَبِّكُمْ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ۝ أَوَلَا يَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾. **ئەوەندەی باسی حاڵی زانای خراپەکار دەکات، کە**

بەزانستەوە خراپەکاری دەکات. ئەوەندەشی: ﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لا يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلَّا أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ﴾. **باس لە حاڵی خواپەرستی نەزان دەکات، ئەوەی کە کتێب دەخوێنێتەوە، بەڵام تەنها خوێندنەوە و هیچی لێ تێناگات، هەروەها کاریش دەکات بەبێ زانست و زانیاری.**

*****

بابەتی حەفتا و هەشتەم: بانگەشەکردنی ئەوەی کە تەنها ئەوان دۆستی خوان

دَعوَاهُم أَنَّهُم أَولياءُ اللهِ مِنْ دونِ النّاسِ.

بانگەشەکردنیان بۆ ئەوەی کە تەنها ئەوان دۆست و خۆشەویستی خوان، نەوەک خەڵکی.

ڕاڤەکردن

ئەو بانگەشەیە شتێکی بێنرخ و ئاسانە لەسەر زمان، هەموو کەسێک دەتوانێت بیکات، بەڵام بانگەشە هیچ نرخ و بەهایەکی نییە، ئەگەر مرۆڤ کاری پێ نەکات و نەیهێنێتەدی. ئەوەندە بەس نییە کە مرۆڤ بڵێت: خوا منی خۆش دەوێت و من لە دۆستانی خوام، ئەمە هیچ سوودی پێ ناگەیەنێت، ئەگەر پێچەوانەی واقیع بێت. بۆیە: ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ﴾ واتە: جوولەکە و گاوورەکان دەیانگوت: ئێمە کوڕان و خۆشەویستانی خواین، خوای گەورەش فەرمووی: ﴿قُلۡ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم بَلۡ أَنتُم بَشَرٞ مِّمَّنۡ خَلَقَۚ يَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ﴾ [١٠٥].

واتە: پێیان بڵێ: دەی بۆچی سزاتان دەدات بەهۆی گوناهەکانتانەوە؟! (نەخێر ڕاست نییە)، بەڵکوو ئێوە مرۆڤێکن لەو مرۆڤانەی کە خوا دروستی کردوون، خۆش دەبێ لەهەر کەسک کە بیەوێ و سزای هەر کەسیش دەدات کە بیەوێ.

بەڵێ، ئەمە حاڵی ئەوانە بوو، وازیان لە ئایینی خوای گەورە هێنا بوو، فەرزەکانیان نەدەکرد و حەرامەکانیان ئەنجام دەدا، کەچی سەرەڕای ئەوەش

---

[١٠٥] - [المائدة: ١٨].

دەیانگوت: {ئێمە کوڕان و خۆشەویستانی خواین}. هەروەها دەیانگوت: ﴿وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ﴾ **واتە: جوولەکە و گاوورەکان گوتیان: کەس ناچێتە بەهەشتەوە، مەگەر یەکێک کە جوولەکە یا گاوور بێت. خوای گەورەش وەڵامی دانەوە و فەرمووی:** ﴿تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ [١٠٦].

واتە: ئەمە هیوا و ئاواتیانە، تۆش پێیان بڵێ: بەڵگەتان بهێنن، ئەگەر ڕاست دەکەن.

*****

[١٠٦] - [البقرة: ١١١].

بابەتی حەفتا و نۆیەم: دژبەیەکییان لە بانگەشەکردنی خۆشەویستی خوا

دَعواهُم محبَّةَ اللهِ، مَعَ تَركِهِم شرْعَهُ، فَطَالبَهُمُ اللهُ بقولِهِ: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّه﴾ [آل عمران: ٣١].

بانگەشەی خۆشەویستی خوایان دەکرد، لەگەڵ ئەوەی وازیان لە ڕێباز و بەرنامەکەی هێنا بوو، بۆیەش خوای گەورە بەو فەرمایشتە داوای لێ کردن [کە بەڵگە بێنن لەسەر ڕاستییەتی بانگەشەکەیان]: {ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن خوای گەورەتان خۆش دەوێ، ئەوە شوێنی من بکەون}.

ڕاڤەکردن

بەشێک لە گومڕایی جوولەکە و هاوشێوەکانی، ئەوەبوو بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە خوایان خۆش دەوێت و خواش ئەوانی خۆش دەوێت، لەکاتێکدا گوێڕایەڵی خوا نەبوون و فەرمانەکانیان جێبەجێ نەدەکرد و وازیان لە قەدەغەکراوەکانی نەدەهێنا. لەگەڵ ئەوەشدا دەیانگوت: ئێمە خۆشەویستانی خواین. بەڵام خوای گەورە داوای لێ کردن کەوا بانگەشەکەیان بە کردەوە بسەلمێنن، بۆیە فەرمووی: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ﴾ (١٠٧).

(١٠٧) - [آل‌عمران: ٣١].

واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت، کەواتە دوای من بکەون، تا خواش ئێوەی خۆش بوێت.

کەواتە خوای پەروەردگار نیشانەی بۆ بانگەشەکردنی خۆشەویستی دانا، ئەویش بریتییە لە شوێنکەوتنێکی ڕاستەقینە بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- . بۆیە کاتێک کە شوێنی نەکەوتن، دەرکەوت کە بانگەشەکەیان تەنها درۆیە و هیچی دیکە، هەر بۆیەش ئەو ئایەتە پێی گوترا: (ئایەتی تاقیکردنەوە)، واتە هەر کەسێک بانگەشەی خۆشەویستی خوا بکات، ئەوە بەو ئایەتە تاقی دەکرێتەوە و سەیر دەکرێت، ئایا شوێن بەرنامەی خوا کەوتووە، یان نا، ئایا گوێڕایەڵی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات یاخود نا، ئەگەر گوێڕایەڵ نەبێت، ئەوە بەڵگەیە لەسەر نەبوونی خۆشەویستی، وەکوو شاعیریش دەڵێت:

تَعصي الإلَهَ وَأَنتَ تُظهِرُ حُبَّهُ ... هَذا مَحالٌ في القِياسِ بَديعُ

لَو كانَ حُبُّكَ صادِقاً لَأَطَعتَهُ ... إِنَّ المُحِبَّ لِمَن يُحِبُّ مُطيعُ

هەروەها ئەمە لەسەر ئەو کەسانەش جێبەجێ دەبێت کەوا بانگەشەی خۆشەویستی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکەن، بەڵام بە شوێنکەوتن و جێبەجێکردنی سوننەتەکانی نا، بەڵکو بە بیدعە و شتی داهێنراو، واتە لەجیاتی ئەوەی کە شوێنی بکەون، پێشی دەکەون!

*****

بابەتی هەشتایەم: پشت بەستنیان بە هیوا و ئاواتی درۆیینە

تَمَنِّيهِمُ الْأَمَانِيَّ الْكَاذِبَةَ، كَقَوْلِهِمْ: ﴿لَنْ تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّاماً مَعْدُودَةً﴾ [البقرة: ٨٠].

وَقَوْلِهِمْ: ﴿لَنْ يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَنْ كَانَ هُوداً أَوْ نَصَارَى﴾ [البقرة: ١١١].

هیوا و ئاواتخواستنی درۆینە، وەکوو ئەو قسەیەی[جوولەکەکان] کە گوتیان: {ئێمە ئەگەر بچینە ئاگری دۆزەخیش، ئەوا ئاگر نامانگرێتەوە، تەنها چەند ڕۆژێکی کەم نەبێت (دەیانگوت: دونیا حەفت هەزار ساڵە، لەجیاتی هەر هەزار ساڵ، تەنها یەک ڕۆژ، واتە: حەفت ڕۆژ ئێمە لە ئاگری دۆزەخدا دەبین، پاشان ئێوەی موسڵمان جێمان دەگرنەوە لە دۆزەخدا)}.

هەروەها ئەو قسەیەیان کە[جوولەکەکان دەیانگوت]: {ئەوەی جوولەکە نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە، گاورەکانیش دەیانگوت: ئەوەی گاور نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە، بەهەشت تایبەتە بۆ ئێمە}.

ڕاڤەکردن

جوولەکە و گاورەکان، سەرەڕای ئەو گومڕاییەی کە لەسەری بوون، سەرەڕای ئەو هەموو کوفر و شیرکەی کە هەیانبوو، کەچی پشتییان بە ئاواتی درۆینە دەبەست، بۆیەش شێخ ناوی نا درۆینە؛ چونکە کردەوەکان بەدرۆی دەخەنەوە، ئاوات دەخوازێت و کردەوەش ناکات، ئاوات دەخوازێت و کەچی کردەوەی خراپ و تاوان دەکات، ئاواتی ئەوە دەخوازێت کە بگاتەوە بە دیداری خوا، خوا لێی ڕازی بێت و بیخاتە بەهەشتەوە. بۆیە گوتیان: (ئێمە ئەگەر بچینە ئاگری

دۆزەخیش، ئەوا ئاگر نامانگرێتەوە، تەنها چەند ڕۆژێکی کەم نەبێت، ئەویش ئەو چەند ڕۆژەی کە گوێرەکەکەمان تێیدا پەرست، پێش ئەوەی مووسا بگەڕێتەوە لامان). بەڵام خوای گەورە بەو فەرماییشتەی خۆی وەڵامی دانەوە کە فەرمووی: ﴿وَقَالُواْ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَةً ۚ قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِندَ ٱللَّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ عَهْدَهُۥٓ ۖ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ۝ بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ (١٠٨).

واتە: (جوولەکەکان) گوتیان: ئاگری دۆزەخمان لێ ناکەوێ مەگەر چەند ڕۆژێکی ژمێرراو نەبێت، بڵێ: ئایا پەیمانتان لەخواوە وەرگرتووە؟ تا خواش پێچەوانەی پەیمانی خۆی نەکات؟ یان شتێکی وا هەڵدەبەستن بەناوی خواوە کە نایزانن. نەخێر وانییە: هەر کەسێک خراپە بکات و تاوانەکەی خۆی دەوری دابێ و هەموو لایەکی بگرێتەوە، ئا ئەوانە نیشتەجێی ئاگری دۆزەخن، تیایدا دەمێننەوە بە هەتا هەتایی.

هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ ۗ مَن يَعْمَلْ سُوٓءًا يُجْزَ بِهِۦ﴾ (١٠٩).

واتە: بەرزی و پاداشت نە بە ئارەزووی ئێوەیە و نە بە ئارەزووی خاوەن کتێبەکانە، هەر کەسێک خراپەیەک بکات، پاداشتی دەدرێتەوە.

کەواتە بەدەستهێنانی بەهەشت و ڕەحمەتی خوا بە هیوا و ئاوات نییە، هەر لەو بوارەشە کەوا حەسەنی بەسڕی فەرموویەتی: "ئیمان تەنها بە هیوا و ئاواتخواستن نییە، بەڵکوو ئیمان ئەوەیە لە دڵدا جێگیر دەبێت و کردەوەکانیش بەڕاستی دەخەنەوە".

---

(١٠٨) - [البقرة: ٨٠-٨١].

(١٠٩) - [النساء: ١٢٣].

بابەتی هەشتا و یەکەم: زیادەڕەوی کردنیان لە کەسەکاندا

اتِّخَاذُ قُبُورَ أَنبِيَائِهِمْ وَصَالِحِيهِم مَسَاجِدَ.

گۆڕی پێغەمبەرەکان و پیاوچاکەکانیان دەکرد بە مزگەوت.

ڕاڤەکردن

گۆڕکردنە مزگەوت و پەرستگا، واتە: ئەوانە خانوویان لەسەر گۆڕی پێغەمبەرانیان دروست دەکرد و دەیانکردە شوێنی خواپەرستی و پەرستشیان لەلا ئەنجام دەدا، لەلای دەمانەوە و داوایان لە خوا دەکرد.

کەواتە گۆڕکردنە پەرستگا، بە دوو شت دەبێت:

یەکەم: خانوو لەسەر گۆڕەکە دروست بکرێت و بکرێتە مزگەوت.

دووەم: گۆڕەکە بکرێتە شوێنی خواپەرستی و پاڕانەوە و زیکرکردن و مانەوە لەلای.

بەڵێ، ئەمە یەکێک بوو لە کارەکانی خەڵکی سەرەمی نەفامی پێشوو، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر بەتوندی دژی وەستاوەتەوە، هەروەکوو دەفەرموێ: «أَلَا وَإِنَّ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ، أَلَا فَلَا تَتَّخِذُوا الْقُبُورَ مَسَاجِدَ، فَإِنِّي أَنْهَاكُمْ عَنْ ذَلِكَ»[١١٠].

واتە: ئاگەدارین! ئوممەتانی پێش ئێوە، گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت و پەرستگا، هۆشیارین! گۆڕەکان مەکەنە مزگەوت و پەرستگا، لەبەر ئەوەی بە دڵنیایی من ڕێگریتان لێ دەکەم لەو کارە.

---

[١١٠] - أخرجه مسلم برقم (٥٣٢).

هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەدا فەرموویەتی: «لَعَنَةُ اللهُ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ»[١١١].

واتە: نەفرەتی خوا لەسەر جوولەکە و گاورەکان بێت؛ لەبەر ئەوەی گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت و پەرستگا.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەڕەشە تووندانە، دەبینین ئەو کارە نەفامییە بۆ کەسانێک لە ئوممەتی ئیسلام ماوەتەوە، خەڵکانێک گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکانیان کردووە بە مزگەوت و پەرستگا و دەچنە سەری و لەلای دەمێننەوە و لێیان دەپارێنەوە، یان لەوێ لەخوا دەپارێنەوە.

*****

[١١١] - أخرجه البخاري برقم (٤٣٥)، ومسلم برقم (٥٣١).

بابەتی هەشتا و دووەم: زیادەڕەوی کردنیان لە شوێنەواری پێغەمبەران

اتخَاذُ آثارِ أنبيائِهم مساجدَ كما ذُكِرَ عَنْ عُمَرَ -رضي الله عنه-.

شوێنەواری پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت، هەروەکوو ئەمە لە پێشەوا عومەر باسکراوە -ڕەزای خوای لێبێت-.

ڕاڤەکردن

جیاوازی لەنێوانی ئەوە و خاڵی پێشوو: خاڵی پێشوو زیادەڕەویکردن بوو لە خوودی کەسەکان، بەڵام ئەوەیان زیادەڕەویکردنە لە شوێنەوار و شتە بەجێماوەکانی کەسەکان.

وشەی (آثار) کۆی (أثر)ـە: بریتییە لەو شوێنەی کەوا پێغەمبەرێک، یان پیاوچاکێک تێیدا دانیشتووە، یا نوێژی لێ کردووە، یاخود دارێک کە لەژێری دانیشتووە.

ئینجا خەڵکی سەردەمی نەفامی بەدوای ئەو شوێنانەدا دەگەڕان، دەیانکرد بە مزگەوت و پەرستگا، بەمەبەستی خواپەرستی کردن تێیدا، پێیان وابوو نوێژکردن لەو شوێنانە کارێکی چاکە و پاداشتی زۆرە. بەڵام لەڕاستیدا ئەو شوێنانە هیچ تایبەتمەندییەکیان نییە بەسەر شوێنەکانی دیکەوە، بگرە ئەمە هۆکارێکە بۆ زیادەڕەویکردن و بەگەورەدانان و هاوبەشبڕیاردان.

هەروەکوو دانەر ئاماژەی بەمەدا و فەرمووی: هەروەکوو ئەمە لە پێشەوا عومەر باسکراوە -ڕەزای خوای لێبێت-. چونکە پێشەوا عومەر دیتی خەڵکانێک لەکاتی گەشتەکانیان دەچنە لای ئەو دارەی کەوا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- "بەیعەتی ڕیزوانی" لەژێریدا لە هاوەڵانی وەرگرت، لەلای ئەو دارە لایان

دەدا نوێژیان دەکرد، بۆیە پێشەوا عومەر فەرمانی کرد کەوا دارەکە ببڕن و فەرمووی: "بەو شێوەیە ئەهلی کیتاب تیاچوون، کاتێک شوێنەواری پێغەمبەرەکانیان کرد بە پەرستگا..." [١١٢].

*****

[١١٢] - رواه ابن أبي شيبة في "مصنفه" برقم (٧٦٣٢)، وعبدالرزاق في "مصنفه" برقم (٢٧٣٤).

بابەتی هەشتا و سێیەم: گرتنەبەری هۆکارەکانی شیرک

اتخاذُ السُّرُجِ على القُبُورِ.

دانان و هەڵکردنی چرا و ڕووناکی لەسەر گۆڕەکان.

ڕاڤەکردن

دانانی چرا لەسەر گۆڕەکان، واتە: ڕووناکی و چرا و لەمپا و فانۆس و کارەبای بۆ دابنرێت، بەمەستی سەردانیکردنی. ئەم کارە دروست نییە و هۆکارێکە بۆ هاوبەشبڕیاردان.

خەڵکی سەردەمی نەفامی دەچوون چرا و ڕووناکییان لەسەر گۆڕەکان دادەنا، تاوەکوو شوێنەکە ڕووناک ببێتەوە، هەروەها دەیانڕازاندەوە و پەردەیان بۆ دادەنا، ئەمەش وای دەکرد کەوا خەڵکی عەوام و نەزان بچنە سەری و لەلای بمێننەوە و بەگەورەی دابنێن و خواپەرستی تێدا ئەنجام بدەن.

لە ئیبن عەبباس -ڕەزای خوایان لێبێت- گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: «لَعَنَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- زَائِرَاتِ الْقُبُورِ، وَالْمُتَّخِذِينَ عَلَيْهَا الْمَسَاجِدَ وَالسُّرُجَ» [١١٣].

واتە: پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی لەو ئافرەتانە کرد کەوا زۆر سەردانی گۆڕەکان دەکەن، هەروەها ئەوانەشی کە مزگەوت لەسەر گۆڕەکان دروست دەکەن و چرای لەسەر دادەگیرسێنن".

---

[١١٣] - [أخرجه أبو داود (٣٢٣٦)، والترمذي (٣٢٠)، والنسائي (٢٠٤٣)، وابن ماجه (١٥٧٥)، وأحمد (٢٢٩/١، ٢٨٧، ٣٢٤، ٣٣٧)].

بابەتی هەشتا و چوارەم: مانەوەیان لەلای گۆڕەکان

اتخَاذِها أعياداً.

گۆڕەکانیان دەکرد بە جەژنگا.

ڕاڤەکردن

جەژن: ئەوەیە کەوا دووبارە دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە. واتە: گۆڕەکانیان دەکرد بە شوێنێک کە بەردەوام بۆی دەگەڕانەوە و تێیدا کۆدەبوونەوە و لەلای دەمانەوە، جا یا ساڵانە، یان مانگانە، یاخود هەفتانە، یا ڕۆژانە، بۆ نموونە دەیانگوت: هەموو مانگێک، یان هەموو هەفتەیەک سەردانی فلانە گۆڕە دەکەم، واتە: کاتێکی دیاریکرویان دادەنا بۆ سەردانی کردنی و گەڕانەوە بۆ لای. بۆیە نابێت مرۆڤ زۆر سەردانی گۆڕ بکات و لەلای بمێنێتەوە؛ چونکە ئەو کارە سەردەکێشێت بۆ زیادەڕەویکردن تێیدا و بەگەورەدانان، دواجاریش سەردەکێشێت بۆ هاوبەشبڕیاردان.

بۆیە ئیسلام هات هۆشداری لەو کارە دا و خەڵکی لێ وریا کردەوە، هەروەکوو عەلی کوڕی حوسەین کە یەکێک بووە لە زاناترینی کەسانی سەردەمی خۆی، کاتێک کەسێکی بینی کەوا دەهاتە لای گۆڕی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و لەخوا دەپاڕایەوە، ئەویش ڕێگری لێ کرد و فەرمووی: ئایا فەرموودەیەکت بۆ نەگێڕمەوە کە لە باوکم گوێ لێ بووە، ئەویش لە باپیرم، ئەویش لە پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم-؟ کە فەرموویەتی: «لَا تَتَّخِذُوا قَبْرِي عِيدًا، وَلَا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا؛ وَصَلُّوا عَلَيَّ؛ فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ وتَسْلِيمَكُمْ يَبْلُغُنِي حَيْثُ ما كُنْتُمْ»[١١٤].

---

[١١٤] - رواه ابن أبي شيبة في "مصنفه" (٧٦٢٤)، وعبدالرزاق في "مصنفه" (٦٧٢٦).

واتە: گۆڕەکەم مەکەنە شوێنی کۆبوونەوە و جەژنگا، ماڵەکانیشتان مەکەن بە گۆڕستان؛ لەبەر ئەوەی سەڵەوات و سەلامەکانتان پێم دەگات، جا لە هەر کوێیەک بن.

هەروەها لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەفەرموێت: «لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا، وَلَا تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيدًا، وَصَلُّوا عَلَيَّ؛ فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ»[١١٥].

واتە: ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، گۆڕەکەی منیش مەکەن بە شوێنی کۆبوونەوە و جەژنگا، سەڵەواتیشم لەسەر لێ بدەن؛ چونکە سەڵەواتەکانتان دەگات بە من، جا لەهەر شوێنێک بن.

*****

[١١٥] - أخرجه أبو داود برقم (٣٠٤٢)، وأحمد في مسنده (٣٦٧/٢).

بابەتی هەشتا و پێنجەم: خۆنزیککردنەوەیان لە خوا بە سەربڕین لەلای گۆڕەکان

الذَّبْحُ عندَ القُبُورِ.

سەربڕین لەلای گۆڕەکان.

ڕاڤەکردن

یەکێک لە کردەوە و دیاردەکاتی نەفامی، سەربڕین بوو لەلای گۆڕەکان،جا یان بەمەبەستی خۆنزیککردنەوە بوو لە خاوەنی گۆڕەکە و بۆ خودی نێژراوەکە بوو، کە ئەمەیان شیرکە، یاخود بۆ خوایان بوو، بەڵام بۆ تەبەڕووککردن بوو بە گۆڕەکە و پێیان وابوو سەربڕین لەلای گۆڕ کارێکی شەرعییە، ئەمەیان بیدعەیە و هۆکارێکە بۆ هاوبەشبڕیاردان، چونکە ئەگەر خەڵکی لێڕاهاتن لە سەربڕین لەلای گۆڕەکان، ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ سەربڕین بۆ گۆڕەکە و پەرستنی لە غەیری خوا.

ئاژەڵ سەربڕین پەرستشێکی گەورەیە، دەبێت تەنها بۆ خوای گەورە ئەنجام بدرێت، ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوای گەورە، هاوبەشبڕیاردانی گەورەیە و خاوەنەکەی پێی لە ئیسلام دەردەچێت.

خوای پەروەردگار فەرمانی کردووە کە ئاژەڵ تەنها بۆ ئەو سەربڕدرێت، هەروەکوو فەرموویەتی: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ﴾ [١١٦].

---

[١١٦] - [الكوثر: ٢].

واتە: دەی کەواتە نوێژەکانت بەتاکوتەنها بۆ خوای گەورە بکە و قوربانی و ئاژەڵ سەربڕینیشت بە تەنها بۆ خوای گەورە بێ و بە تەنها ناوی خوای گەورەی لەسەر بێنە.

هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ (١١٧).

واتە: ئەی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- بڵێ: بێگومان نوێژ و قوربانی و ژیان و مردنم، هەر بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە.

هەروەها پێغەمبەریش: «لَعَنَ اللهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللهِ» (١١٨).

واتە: نەفرەتی خوا لەو کەسە بێت، کە ئاژەڵ بۆ جگە لە خوا سەر دەبڕێت.

*****

(١١٧) - [الأنعام: ١٦٢].

(١١٨) - أخرجه مسلم برقم (١٩٧٨).

بابەتی هەشتا و شەشەم: پارێزگاریکردنیان لە شوێنەواری بەگەورەدانراوەکان

التَّبرُّكُ بآثارِ المُعَظَّمِينَ، كَدارِ النَّدوَةِ، وَافتِخارُ مَنْ كانتْ تحْتَ يَدِهِ بذلك، كما قِيلَ لِحكيمِ بنِ حِزامٍ: بِعْتَ مَكرُمَةَ قريشٍ؟! فقالَ: "ذَهَبَتِ المَكارِمُ إلا التّقوى".

تەبەڕووککردن بە شوێنەواری بەگەورەدانراوەکان، وەکوو (دار النَّدوَة)، هەروەها شانازیکردنی ئەو کەسەی کە ئەو شوێنەوارانەی لەژێر دەستە پێیەوە، هەروەکوو بە حەکیمی کوڕی حیزام گوترا: شتە باش و بەڕێز و گەورەکەی قورەیشت فرۆشت؟! ئەویش گوتی: شتە گەورە و بەڕێزەکان ڕۆیشتن و نەمان، ئیللا تەقوا و لەخواترسان نەبێت.

ڕاڤەکردن

بەگەورەدانانی شوێنەواری بەگەورەدانراوەکان: ئەو شوێنانەن کەوا تایبەت بووە بەوان و تێدا دانیشتوون و کۆبوونەتەوە.

بەگەورەدانانی شوێن و شوێنەواری بەگەورەدانراوەکان لە پیاوچاکان و زانایان و فەرمانڕەوایەکان، بەوەی ئەو شوێنانە زیندوو ڕابگیرێن و بەرز ڕابگیرێن و چاکبکرێنەوە و پارێزگارییان لێ بکرێت، یان تەبەڕووکیان پێوە بکرێت و دەستیان پێدا بهێنرێت و شتیان پێدا هەڵبواسرێت، هەموو ئەمانە لە کاروکردەوەی نەفامین و هۆکارێکیشن لە هۆکارەکانی هاوبەشبڕیاردان؛ لەبەر ئەوەی ڕەنگە دوای ئەو نەوەیە، خەڵکانێک بێن و بڵێن: باوک و باپیرانمان بۆیە

پارێزگارییان لەو شوێنەوارانە کردووە؛ چونکە خێر و بەرەکەتی تێدایە و دواتریش جگە لە خوا بیپەرستن.

ئینجا شێخ نموونەی بە (دار الندوة) هێنایەوە، کە بریتیی بوو لەو شوێنەی کەوا لە مەککە قوڕەیشییەکان تێیدا کۆدەبوونەوە، بۆ پرس و ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتری. کاتێک ئایینی ئیسلام هات و شوێنەوارەکانی نەفامی نەهێڵدران، بەڵام ئەو (دار الندوة)ـەیە هەر مابوویەوە، تاوەکوو سەردەمی موعاویە -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەوەبوو ویستی لە حەکیمی کوڕی حیزام -ڕەزای خوای لێبێت- بکڕێتەوە بۆ ئەوەی لەسەر شێوەی خۆی بیگۆڕێت و سوودی لێ وەربگیرێت، بەڵام خەڵکی سەرزەنشتی حەکیمیان کرد و گوتیان چۆن ئەو شوێنەوارەی باوک و باپیرمان دەفرۆشیت؟ بەڕاستی شتە بەڕێزەکەی قوڕەیشت فرۆشت! ئەویش گوتی: شتە باش و بەڕێزەکان هەمووی ڕۆیشتن، ئیللا لەخواترسان نەبێت. ئەمەشی لەو ئایەتە وەرگرتبوو کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ﴾[١١٩].

واتە: بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا، پارێزگارترینتان و لەخواترسترینتانە.

کەواتە نابێت پارێزگاری لەو شوێن و شوێنەوارانە بکرێت، نەوەکوو سەربکێشێت بۆ هاوبەشبڕیاردان.

*****

[١١٩] - [الحجرات: ١٣].

بابەتی هەشتا و حەفتەم، هەشتا و هەشتەم، هەشتا و نۆیەم، نەوەدەم: ئەو سیفەتە نەفامییانەی کەوا لەناو ئەو ئوممەتەدا ماوەتەوە

الفَخْرُ بالأَحسَابِ.

الطَّعْنُ في الأَنسَابِ.

الاستِسقاءُ بِالأَنواءِ.

النِّيَاحَةُ.

خۆهەڵکێشان و شانازیکردن بە ڕەچەڵەک و باب و باپیران.

تانەدان لە نەژاد و ڕەچەڵەکی خەڵکی.

داواکردنی باران بەهۆی ئەستێرەکانەوە.

شیوەنکردن و لاواندنەوە لەسەر مردوو.

ڕاڤەکردن

ئەو چوار سیفەتە لە سیفەتەکانی خەڵکی سەردەمی نەفامین، کە بەردەوام لەناو ئەو ئوممەتەشدا هەیە و خەڵکانێک ئەنجامی دەدەن و وازی لێ ناهێنن، ئەویش:

یەکەم: شانازیکردن و خۆبەزلزانین بەسەر خەڵکەوە بە باوک و باپیران و کردەوە چاکەکانیان. وەکوو ئەوەی بڵێیت: من کوڕی فڵانە کەسم، ئەوەی کە ئاوا و ئاوایە.

خەڵکی سەردەمی نەفامی لەکاتی حەجدا کاتێک لە (مینا) کۆدەبوونەوە، لەجیاتی ئەوەی زیکر و یادی خوای گەورە بکەن، دەستیان دەکرد بە باسی شانازیکردن بە باوک و باپیرانیان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَذِكْرِكُمْ ءَابَآءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا﴾ (١٢٠).

واتە: ئینجا کاتێک کردەوەکانی حەجتان تەواوکرد، یادی خوا بکەن، وەکوو یادکردن و ناوبردنتان بۆ باوک و باپیرانتان، یان زۆرتر لەناوی ئەوان.

دووەم: قسەگوتن لەسەر نەژاد و ڕەچەڵەکی خەڵکی، بە تانە لێدان و لە پلەوپایە کەمکردنەوەی. وەکوو ئەوەی بڵێت: تۆ هیچ ئەسڵ و بنەمایەکت نییە لە ڕەچەڵەکەکەتدا، یان بڵێت: نەژادی تۆ کەم و هیچە، یاخود بڵێت: فڵانە کەس لە تیرە و هۆزێکە کە ڕەسەن و نەجیبزادە نیین، هاوشێوەی ئەمانەش. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ﴾ (١٢١).

واتە: ئەی خەڵکینە، بێگومان ئێمە دروستمان کردوون لە نێر و مێیەک و کردومانن بە چەند گەل و هۆزەوە؛ تا یەکتری بناسن، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا، پارێزگارترینتانە.

سێیەم: دانەپاڵی ئاو و هاتنی باران بۆلای ئەستێرەکان. واتە: بیروباوەڕیان وابوو کە بارانبارین بەهۆی کاریگەری دەرکەوتن و ئاوابوونی ئەستێرەکانەوەیە. بۆیە کاتێک باران دەباری دەیانگوت: بەهۆی فڵانە ئەستێرەوە بارانمان بۆ باری.

---

(١٢٠) - [البقرة: ٢٠٠].

(١٢١) - [الحجرات: ١٣].

بەڵام لەڕاستیدا بارینی باران بە ویستی خوا، بەزەیی خوایە بەرانبەر بە بەندەکانی کە دادەبەزێت، هەروەکوو دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُوا۟ وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ﴾ (١٢٢).

واتە: خوا ئەو زاتەیە کە باران دەبارێنێ لەپاش ئەوەی کە خەڵکی نائومێد بوون، هەروەها (بارانی) ڕەحمەتی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- جارێکیان نوێژی بەیانی کرد لە حودەیبییە، ئەمەش لەدوای باران بارینێک بوو لە شەودا، جا کاتێک لە نوێژەکە تەواو بوو، ڕووی کردە خەڵکەکە و فەرمووی: "ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی فەرموو؟" گوتیان: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرموویی: خوا فەرموویەتی: «أَصْبَحَ مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ، فَأَمَّا مَنْ قَالَ: مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللهِ وَرَحْمَتِهِ؛ فَذَلِكَ مُؤْمِنٌ بِي كَافِرٌ بِالْكَوْكَبِ، وَأَمَّا مَنْ قَالَ: مُطِرْنَا بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا؛ فَذَلِكَ كَافِرٌ بِي مُؤْمِنٌ بِالْكَوْكَبِ». (١٢٣)

واتە: هێندێک لە بەندەکانم بەیانییان کردەوە، باوەڕیان بە من هێنا، هێندێکیشیان بێباوەڕبوون بە من، جا ئەوەی کە گوتی: بە فەزڵ و ڕەحمەتی خوای گەورە بارانمان بۆ باری؛ ئەوە باوەڕدارە بە من و بێباوەڕە بە ئەستێرە، بەڵام ئەوەی کە گوتی: بەهۆی هەڵهاتن و ئاوابوونی فلانە ئەستێرە و فلانە ئەستێرە بارانمان بۆ باری؛ ئەوە بێباوەڕە بە من و باوەڕدارە بە ئەستێرە.

چوارەم: بەرزکردنەوەی دەنگ و لاواندنەوە و شیوەنکردن بۆ مردوو.

شیوەنکردن بۆ مردوو بە قسە دەبێت، وەکوو: گریانی بە دەنگ و ناڕازی

---

(١٢٢) - [الشورى: ٢٨].

(١٢٣) - أخرجه البخاري برقم (٨٤٦)، ومسلم برقم (٧١).

بوون و باسکردنی چاکەکانی مردوو بەگریانەوە، هەروەها بە کردەوەش دەبێت، وەکوو: لەخۆدان و یەخە دادڕین.

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێ: «النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا؛ تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ، وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ» [١٢٤].

واتە: ئەو کەسەی شیوەن و ڕۆڕۆ لەسەر مردوو دەکات، ئەگەر بەر لە مردنی تەوبە نەکات؛ ئەوا لە ڕۆژی دواییدا زیندوو دەکرێتەوە لەکاتێکدا پۆشاکێکی لەبەرە لە مسی تواوە، هەروەها پۆشاکێکیش لە گەڕ و گولی [کە پێستەی دادەپۆشێت وەکوو زرێ].

پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- ئەو چوار سیفەتەی لەو فەرموودەیەدا کۆکردۆتەوە: «أَرْبَعٌ فِي أُمَّتِي مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ لَا يَتْرُكُونَهُنَّ: الْفَخْرُ بِالْأَحْسَابِ، وَالطَّعْنُ فِي الْأَنْسَابِ، وَالِاسْتِسْقَاءُ بِالنُّجُومِ، وَالنِّيَاحَةُ عَلَى الْمَيِّتِ» [١٢٥].

واتە: چوار ڕەوشت لەناو ئوممەتەکەمدا لە کردەوەی نەزامین، ئێوە وازی لێ ناهێنن: خۆهەڵکێشان و شانازیکردن بە ڕەچەڵەک و باب و باپیران، تانەدان لە نەژاد و ڕەچەڵەکی خەڵکی، داواکردنی باران بەهۆی ئەستێرەکانەوە، شیوەن و لاواندنەوە لەسەر مردوو.

*****

[١٢٤] - أخرجه مسلم برقم (٩٣٤).

[١٢٥] - أخرجه مسلم برقم (٩٣٤).

بابەتی نەوەد و یەکەم: دامەزرانی کۆمەڵگاکەیان لەسەر دەستدرێژی کردنە سەر خەڵکی

أَنَّ أَجَلَّ فَضَائِلِهِمُ البَغْيُ، وَقَدْ ذَكَرَ اللهُ فِيهِ مَا ذَكَرَ.

بەدڵنیایی گەورەترین کاری چاکیان: دەستدرێژی کردن بوو، بێگومان خوای گەورەش دەربارەی دەستدرێژی کردنە سەر یەکتری، باسی حەرامیەتی و خەراپییەکەی کردووە و هۆشداری لەبارەوە داوە.

ڕاڤەکردن

گەورەترین شتێک کەوا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کاری چاکەیە و شانازییان پێیەوە دەکرد و ستایشی خۆیان پێ دەکرد و لە شیعرەکانیاندا باسیان دەکرد، دەستدرێژی کردنە سەر یەکتری بوو، دەستدرێژیکردن بۆ سەر ماڵ و سامان، خوێن، ناموس، ئەگەر بیانویستایە باسی شانازی خۆیان بکەن بۆ سەر هۆزێک، دەیانگوت: ئێمە بووین لە فلانە هۆزە ئەوەندە کەسەمان کوشت، ئەوەندە وشتر و مەڕومااڵتەمان بەتااڵن برد.

بەڵام ئیسلام هات ئەو کارانەی قەدەغە کرد. خوای گەورە دەربارەی حەرامیەتی دەستدرێژی کردنە سەر یەکتری دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ [١٢٦].

---

[١٢٦] - [الأعراف: ٣٣].

واتە: بڵێ بێگومان پەروەردگارم تەنها ئەو کردەوانەی حەرام کردووە، کە زۆر بەد و خراپن، ئەوانەی کە ئاشکران و ئەوانەشی کە نهێنین، هەروەها گوناهی (حەرام کردووە)، دەستدرێژی بە ناهەق (حەرامی کردووە)، شتێک بکەنە هاوبەش بۆ خوا کە بەڵگەی بۆ نەهاتووە (حەرامی کردووە)، هەروەها شتانێک بەناوی خواوە بڵێن کە نایزانن (حەرامی کردووە).

هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾ [١٢٧].

واتە: بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادگەری و بە چاکە و بە بەخشین بەخزم، هەروەها (خوا) ڕێگری دەکات لە داوێنپیسی و خراپە و دەستدرێژی، ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی پەند وەرگرن و بیر بکەنەوە.

پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی دەستدرێژی کردنە سەر یەکتری قەدەغە کرد، وەکوو لە (حەجی ماڵئاوایی)ـدا فەرمووی: «فإنَّ دِمَاءَكُمْ، وأَمْوَالَكُمْ، وأَعْرَاضَكُمْ بَينَكُم حَرامٌ، كَحُرْمَةِ يَومِكُمْ هذا، في شَهْرِكُمْ هذا، في بَلَدِكُمْ هذا» [١٢٨].

واتە: بەدڵنیایی خوێنتان، سەروەت و سامانتان، ناموستان لەنێوانی یەکتری حەرامە بەناحەق، وەکوو حەرامیەتی ئەو ڕۆژەتان، لەو مانگەتان دا، لەو شارەتان دا.

*****

[١٢٧] - [النحل: ٩٠].

[١٢٨] - [أخرجه البخاري (٦٧)، ومسلم (١٦٧٩)].

بابەتی نەوەد و دووەم: شانازیکردن بە حەق و بە ناحەق

إِنَّ أَجَلَّ فَضَائِلِهِمُ الفَخْرُ وَلَوْ بِحَقٍّ، فَنُهِيَ عَنْهُ.

بەدڵنیایی گەورەترین کاری چاکیان: شانازیکردن بوو، ئەگەر بە حەقیش بێت، بۆیە ڕێگری لەو کارە کرا.

ڕاڤەکردن

شانازییان بە کاروکردەوەی خۆیان و باب و باپیرانەوە دەکرد و لە کردەوە چاکەکانی خۆیان هەژمار دەکرد، کاتێک دادەنیشت، هەر کەسە و شانازی بەوە دەکرد کەوا لەلای خۆی بوو.

کاتێکیش شێخ دەفەرموێ: (وَلَوْ بِحَقٍّ)، واتە: ئەگەرچی کاروکردەوەکە هی خۆشیان بووبێت و لەوانەوە ڕووی دابێت.

بەڵام لە ئیسلامدا شانازیکردن بە کردەوەکان دروست نییە؛ چونکە سەردەکێشێت بۆ سەرسامبوون بە نەفس و بەکەمزانینی بەرانبەر، هەروەها لەبەر ئەوەشە کە مرۆڤ هەر چەندە کردەوە بکات، هێشتان کەمتەرخەمە بەرانبەر بە پەروەردگاری؛ چونکە مافی پەروەردگار زۆر گەورەیە و مافی پەروەردگاری نەداوە، ئیتر چۆن شانازی دەکات و شانازی بەچییەوە دەکات؟ بەڵکوو ئەوەی داواکراوە بریتییە لە خۆبەکەمزانین و فیزلێنەدان بەسەر برای موسڵمانەوە، هەروەها پێی وا بێت کەوا بەردەوام کەمتەرخەمە، بۆیە نابێت شانازی بکات، جا بەحەق بێت یان بەناحەق.

*****

بابەتی نەوەد و سێیەم: دەمارگیری خراپ و نەویستراو

أَنَّ تَعَصُّبَ الإِنسَانِ لِطَائِفَتِهِ عَلَى الحَقِّ وَالبَاطِلِ، أَمْرٌ لَابُدَّ مِنْهُ عَنْدَهُمْ، فَذَكَرَ اللهُ فِيهِ مَا ذَكَرَ.

دەمارگیری[کوێرانەی] مرۆڤ بۆ گرووپ و کۆمەڵەکەی خۆی لەسەر حەق و ناحەق، کارێک بوو لەلای ئەوان هەر دەبوو هەبێت و پێویست بوو، بێگومان خوای گەورەش دەربارەی دەمارگیری، باسی حەرامیەتی و خەراپییەکەی کردووە و هۆشداری لەبارەوە داوە.

ڕاڤەکردن

دەمارگیری کوێرانە و زەمکراو: بریتییە لە بەردەوامبوون لەسەر ناڕەوا، لەگەڵ بوونی زانیاری بە ناڕەوایەتییەکەی، لەبەر خۆبەگەورەزانین و سەرکەشی، هەروەها بریتییە لە سەرخستنی کەسێک، یا تیرە و هۆزێک، یان گرووپ و کۆمەڵێک، جا لەسەر حەق بێت یاخود ناحەق، لەسەر ڕێنمایی بێت یا گومڕایی.

کاتێکیش شێخ دەفەرموێ: ئەمە کارێک بوو لەلای ئەوان هەر دەبوو هەبێت و پێویست بوو. واتە: ئەمە شتێک بوو جێگیر بوو، لێی جیا نەدەبوونەوە، بۆیە هەر یەکێک لەوان دەمارگیرییەکی کوێرانەی هەبوو بۆ هۆز و کۆمەڵەکەی خۆی، جا بەهەر شێوەیەک بێت. وەکوو یەکێک لە شاعیرەکانیان دەڵێت:

وَمَا أَنَا إِلَّا مِنْ غَزِيَّةَ إِنْ غَوَتْ غَوَيْتُ وَإِنْ تَرْشُدْ غَزِيَّةُ أَرْشُدِ

من هیچ نییم، تەنها کەسێکم لە هۆزی غەزییە نەبێت، ئەگەر ئەو گومڕا بێت، ئەوا منیش گومڕا دەبم، خۆ ئەگەر ئەویش ڕێنماییکراو بێت، ئەوا منیش ڕێنماییکراو دەبم.

بەڵام ئیسلام فەرمانی بە ئێمە کردووە کەوا پێچەوانەی ئەوان بکەین و دەمارگیریمان بەناحەق بۆ کەس نەبێت، ئەگەر نزیکیشمان بێت، هەروەکوو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا» براکەی خۆت سەر بخە، جا ستەمکار بێت یا ستەملێکراو، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە دیارە ئەگەر ستەملێکراو بێت سەری دەخەین! ئەدی چۆن سەری بخەین ئەگەر ستەمکار بوو؟ ئەویش فەرمووی: «تَحْجُزُهُ -أَوْ تَمْنَعُهُ- مِنَ الظُّلْمِ؛ فَإِنَّ ذلكَ نَصْرُهُ» ڕێگری لێ دەکەی لە ستەمکردن، ئەوە بریتییە لە سەرخستنی. لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا فەرمووی: «تَأْخُذُ فَوْقَ يَدَيْهِ» [١٢٩]. دەستی دەگریت و نایەڵیت کە ستەم بکات.

*****

[١٢٩] - أخرجه البخاري (٢٤٤٣ ، ٢٤٤٤ ، ٦٩٥٢).

بابەتی نەوەد و چوارەم: سزادانی کەسی بێ سووچ و بێ گوناح، بە تاوانی کەسێکی دیکە

أَنَّ مِنْ دِينِهِمْ: أَخْذَ الرَّجُلِ بِجَرِيمَةِ غَيْرِهِ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ [فاطر: ١٨].

بەدڵنیایی بەشێک لە ئایینی ئەوان بریتیی بوو لە: سزادانی پیاوێک بە تاوانی کەسێکی دیکە، بەڵام خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند و فەرمووی: {کەس تاوانی کەس هەڵناگرێ}.

ڕاڤەکردن

سزادانی کەسێک بەهۆی تاوانی کەسێکی دیکە، یەکێک لە دیاردەکانی نەفامی، بۆیە خوای گەورە لەو بوارەوە ئەو ئایەتەی دابەزاند: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی تاوان و ستەمێکی نەکردبێت، چۆن دەبێت سزا بدرێت و چۆن دەبێت بەهۆی تاوانی غەیری خۆی سزا بدرێت؟! هەتا ئەگەر کەسی نزیکیشی بێت، وەکوو باوک، یا برا، یان کوڕ، یاخود کوڕەمام. بۆیە ئەگەر کەسێک بەهۆی تاوانی کەسێکی دیکە سزا درا، ئەوە ستەمێکە لەو کەسە دەکرێت، کە هەرگیز ئیسلام پێی ڕازی نییە و دانی پێدا نانێت.

بەڵام خەڵکی سەردەمی نەفامی ئەگەر پیاوێک لە هۆزێک دەستدرێژی بکردبایە سەر پیاوێک لە هۆزێکی دیکە و بیکوشتبا، ئەوا ئەوان نەدەچوون خودی بکوژەکە بگرن و سزای بدەن، بەتەنها بە بکوژەکە ڕازی نەدەبوون، بەڵکوو بۆ نموونە داوای سەرۆک هۆزەکەشیان دەکرد، یان لەجیاتی ئەوە داوای دە کەسی

دیاریان دەکرد لەو هۆزە. ئێ ئەمە ئەگەر تاوان و ستەمکردن نەبێت، تاوانی ئەو کەسانە چییە؟ بۆچی ئەوان دەبێت بکوژرێنەوە؟!

ئینجا ئەو کارە نەفامییە بەردەوامی هەیە و تا ئێستاش خەڵکانێکی نەفام و گەمژە ئەو یاسایە پەیڕەو دەکەن، ئەگەر کەسێک لە بنەماڵەیەک کەسێکیان لێ بکوژێت، ئەوان دەچن باوکی، یان کوڕی، یان برای دەکوژنەوە، یاخود دەبینین جاری وایە ئەگەر منداڵێک لە منداڵێک دیکە بدات، دەچن لە برای منداڵەکە دەدەنەوە.

بەڵام لە ئیسلامدا تۆڵە لە خودی کەسە تاوانبارەکە دەکرێتەوە، کە ئەمەش ئەوپەڕی دادپەروەرییە، وەکوو خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ (١٣٠).

واتە: هەر کەسێک دەستدرێژی کردە سەرتان، ئێوەش دەستدرێژی بکەنە سەری بەوێنەی دەستدرێژیکردنەکەی ئەو بۆ ئێوە، لەخوا بترسن و بزانن کە خوا لەگەڵ پارێزکارانە.

*****

(١٣٠) - [البقرة: ١٩٤].

بابەتی نەوەد و پێنجەم: گاڵتەکردن بە پیاوێک بە کەموکوڕییەک کە لە غەیری خۆیدایە

تَعْيِيرُ الرَّجُلِ بِمَا فِي غَيْرِهِ، فَقَالَ: «أَعَيَّرْتَهُ بِأُمِّهِ؟! إِنَّكَ امْرُؤٌ فِيكَ جَاهِلِيَّةٌ»

[رواه البخاري (٣٠) ومسلم (١٦٦١)].

پلان تێگرتن و گاڵتەپێکردن بە پیاوێک بە کەموکوڕییەک کە لە غەیری خۆیدا هەیە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: "ئایا ئەوە تانەت لێی دا و عەیبدارت کرد بەهۆی دایکییەوە؟! بەڕاستی تۆ پیاوێکی ڕەوشتی نەفامیت تێدایە.

ڕاڤەکردن

وشەی (تَعْيِير) واتە: بەکەمزانینی کەسی بەرانبەر و باسکردنی کەموکوڕییەکانی و گاڵتەپێکردنی.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ [١٣١].

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، با هیچ کۆمەڵە پیاوێک گاڵتە نەکەن بە کۆمەڵێکی تریان؛ ڕەنگە گاڵتە پێکراوەکان لە گاڵتەکەرەکان باشتر بن (لای خوا)، هەروەها با ژنانێک گاڵتە نەکەن بە ژنانێکی تر؛ ڕەنگە ئافرەتە گاڵتە

---

[١٣١] - [الحجرات: ١١].

پێکراوەکان لە ئافرەتە گاڵتەکەرەکان باشتر بن، تانە و تەشەریش لە یەکتری مەدەن، ناو و ناتۆرە لە یەکتری مەنێن، ئای چەند خراپە ناوبردنێ کە گوناهە (بە موسوڵمان بڵێیت کافر، داوێنپیس)، پاش باوەڕهێنان، جا ئەوەی پەشیمان نەبێتەوە، ئەوە ئەوانە هەر خۆیان ستەمکارن.

بەڵام خەڵکی سەردەمی نەفامی، بەتەنها گاڵتەیان بە کەسەکە نەدەکرد بەهۆی ئەو سیفەتانەی کە تێیدابوو، بەڵکوو بەو سیفەتانەش کە لە غەیری خۆیدابوو، بۆیە کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لە پیاوێک[أبو ذَرّ] بوو، کە براکەی خۆی لەکەدار کرد بە دایکی و پێی گوت: ئەی کوڕی دایک ڕەش! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «أَعَيَّرْتَهُ بِأُمِّهِ؟ إِنَّكَ امْرُؤٌ فِيكَ جَاهِلِيَّةٌ» [١٣٢].

واتە: ئەوە تانەت لێی دا بەهۆی دایکییەوە؟! بەڕاستی تۆ پیاوێکی ڕەوشتی نەفامیت تێدایە.

کەواتە ئەمە بەڵگەیە کە ئەگەر موسڵمان شتێک لە سیفەتەکانی نەفامی تێدا بوو، ئەوە کافر نابێت، بەڵکوو بەگوێرەی ئەندازەی ئەو سیفەتە ئیمانەکەی کەم دەکات.

*****

[١٣٢] - أخرجه البخاري برقم (٣٠، ٢٥٤٥، ٦٠٥٠)، ومسلم برقم (١٦٦١).

بابەتی نەوەد و شەشەم: شانازیکردنیان بە کار و کردەوە چاکەکانیان

الافْتِخَارُ بِوِلَايَةِ البَيْتِ، فَذَمَّهُمُ اللهُ بِقَوْلِهِ: ﴿مُسْتَكْبِرِينَ بِهِ سَامِراً تَهْجُرُونَ﴾ [المؤمنون:٦٧].

شانازیکردن بە سەرپەرشتیکردن و گرتنە دەستی مالّی خوا(کەعبە)، بەڵام خوای پەروەردگار بەو فەرمایشتەی سەرزەنشتی کردن: {خۆتان بەگەورە دەزانی، یان بەهۆی کەعبەوە و شانازیتان بە کەعبەوە دەکرد، بە شەویش کۆدەبوونەوە و تانەتان لە پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم-، یان لە قورئان دەدا و دەتانگوت: جادوو و شیعر و فاڵچێتییە؟}.

ڕاڤەکردن

گرتنە دەستی کاروباری کەعبە، لە سەرپەرشتی کردن و پاراستن و پاک و خاوێن ڕاگرتن و خزمەتکردنی زیارەتکارانی و هاوشێوەی ئەمانەش، یەکێک لەو شتانەی کەوا قوڕەیش لە سەردەمی نەفامی، شانازی پێوە دەکرد بەسەر جگە لەخۆی لەناو عەرەبدا، هەروەها پێیان وابوو کە ئەمە کردەوە چاکەکەیانە، کەچی وازیان لە گوێڕایەڵی خوا و پەیوەست بوون بە فەرمانەکانی هێنا بوو. بۆیەش خوای گەورە لەسەر ئەو کارەیان سەرزەنشتی کردن و فەرمووی: {خۆتان بەگەورە دەزانی و شانازیتان بە کەعبەوە دەکرد، بە شەویش کۆدەبوونەوە و تانەتان لە پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم-، یان لە قورئان دەدا و دەتانگوت: جادوو و شیعر و فاڵچێتییە؟}.

کەواتە ئەوان لەجیاتی ئەوەی باوەڕ بە ئیسلام بێنن و شوێنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بکەون، شانازییان بە سەرپەرشتیکردنی کەعبەوە دەکرد و پێیان

وابوو ئەوەندەیان بەسە. بۆیە خوای گەورە فەرمووی: ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ ٱلْحَآجِّ وَعِمَارَةَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ كَمَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ وَجَٰهَدَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ لَا يَسْتَوُۥنَ عِندَ ٱللَّهِ﴾ [١٣٣].

واتە: ئایا پێتان وایە ئاودان بە حاجییان و سەرپەرشتی و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتی بەڕێز، وەکوو کەسێکە کە باوەڕی هێنا بێت بەخوا و بەڕۆژی دوایی و تێکۆشانی کردبێ لەڕێی خوادا؟ چوون یەک نیین بەلای خواوە و یەکسان نیین.

بۆیە موسڵمان نابێت شانازی بە کاری چاک و پەرستشەکانەوە بکات، بەڵکوو دەبێت لەوەش بترسێت کە ڕەنگە خوای گەورە لێی وەرنەگرێت.

*****

[١٣٣] - [التوبة: ١٩].

بابەتی نەوەد و حەفتەم: شانازیکردنیان بە خۆدانەپاڵ پیاوە چاکەکان، لەگەڵ سەرپێچیکردنیان

الافْتِخَارُ بِكَوْنِهِمْ ذُرِّيَةَ الْأَنبِيَاءِ، فَأَتَى اللهُ بِقَوْلِهِ: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ﴾ [البقرة: ١٣٤].

شانازیکردنیان بەوەی نەوەی پێغەمبەرانن، بەڵام خوای گەورە ئەو فەرمایشتەی بۆ هێنان: {ئەمە ئوممەتێکە لە ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب و نەوەکانیان، ئەوان چیان کردبێ لە چاکە، بۆ خۆیانە}.

ڕاڤەکردن

خەڵکی سەردەمی نەفامی بەردەوام بوون لەسەر کوفر و شیرک و تاوان، وەڵامی بانگەوازەکەی پێغەمبەریان نەدەدایەوە و گوێڕایەڵییان نەدەکرد، کەچی شانازییان بەوە دەکرد گویە لە نەوە و وەچەی پێغەمبەرانن، بەڵام خوای گەورە فەرمووی: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ﴾ [١٣٤].

واتە: ئەو پێغەمبەرانە دەستەیەک بوون، تێپەڕین هەرچیان کرد بۆ خۆیانیان کردووە، (ئێوەش) هەرچی بکەن بۆخۆتانی دەکەن.

کەواتە هەتا ئەگەر بانگەشەکەشیان ڕاست بێت، بۆ نموونە لە نەوەی پێغەمبەر ئیبراهیم بن، ئەوا هیچ سوودی بۆیان نابێت، مادام لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر ئیبراهیم -صلى الله عليه وسلم- نەڕۆن؛ چونکە مرۆڤ گرینگی و بایەخ بە کردەوەکانی خۆی دەدرێت، نەوەک بە کردەوەی جگە لە خۆی.

---

[١٣٤] - [البقرة: ١٣٤].

هەروەها دەفەرموویێ: ﴿فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ۝ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ (١٣٥).

واتە: ئینجا کاتێ فوو دەکرێ بە شەیپوور، لەو ڕۆژەدا هیچ خزمایەتیەک و ڕەچەڵەکێک نامێنێ لە نێوانیاندا، هەروەها پرسیاری یەکتری ناکەن و کەس لەکەس ناپرسێ. ئینجا هەر کەسێ کێشراوە(چاکە)کانی قورس بێت، ئەوە ئەوانە ڕزگار و سەرکەوتوون.

پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «مَنْ بطَّأَ بِهِ عملُهُ، لَمْ يُسرِعْ بِهِ نسبُهُ» (١٣٦).

واتە: هەر کەسێک کردەوەکەی دوای بخات، ئەوا نەسەبەکەی پێشی ناخات و نایگەیەنێت بە خاوەن کردەوەکان.

هەروەها بە قوڕەیشی فەرموو: «يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ -أَوْ كَلِمَةً نَحْوَهَا- اشْتَرُوا أَنْفُسَكُمْ؛ لَا أُغْنِي عَنكُمْ مِنَ اللهِ شَيْئًا، يَا عَبَّاسُ بْنَ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، لَا أُغْنِي عَنْكَ مِنَ اللهِ شَيْئًا، يَا صَفِيَّةُ عَمَّةَ رَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، لَا أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللهِ شَيْئًا، وَيَا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ، سَلِينِي مِنْ مَالِي مَا شِئْتِ، لَا أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللهِ شَيْئًا» (١٣٧).

واتە: ئەی کۆمەڵی قوڕەیش -یان وشەیەکی هاوشێوەی ئەمەی فەرموو-، نەفسی خۆتان بکڕنەوە و ڕزگاری بکەن، لەبەر ئەوەی من هیچ شتێکم بۆ ئێوە پێ ناکرێت لەلای خوا و ناتوانم سزای خواتان لێ دوور بخەمەوە، ئەی عەببباسی کوڕی عەبدولموتتەلیب، هیچ شتێکم بۆ تۆ پێ ناکرێت لەلای خوا، ئەی سەفییەی

---

(١٣٥) - [المؤمنون: ١٠١- ١٠٢].

(١٣٦) - أخرجه مسلم (٢٦٩٩).

(١٣٧) - أخرجه البخاري برقم "٢٧٥٣"، ومسلم برقم "٢٠٦"، والترمذي برقم "٣١٨٤".

پووری پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، هیچ شتێکم بۆ تۆ پێ ناکرێت لەلای خوا، ئەی فاتیمەی کچی موحەممەد، چەندی حەزت لێیە لە سامانەکەم داوام لێ بکە، هیچ شتێکم بۆ تۆ پێ ناکرێت لەلای خوا.

*****

بابەتی نەومد و هەشتەم: شانازیکردنیان بە چاکەکردنیان لەگەڵ کەسانێک کە لەخوار ئەوانەوە بوون لەو کارەدا

الافْتِخَارُ بِالصَّنَائِعِ، كَفِعْلِ أَهْلِ الرِّحْلَتَيْنِ عَلَى أَهْلِ الحَرْثِ.

شانازیکردن بە پیشە و پیشەسازی، وەکوو کردەوە و شانازیکردنی ئەو کەسانەی کەوا دوو کاروانی بازرگانیان دەکرد، بەسەر ئەوانەی کەوا کاری کێڵان و کشتوکاڵیان دەکرد.

راڤەکردن

هەر کەسێکیان تایبەت بوایە بە پیشەیەک یا بازرگانییەک، ئەوا شانازی دەکرد بەسەر کەسێکی لەخوار خۆیەوە و خۆی بەگەورە دەزانی لەسەری.

ئینجا کە دەڵێت: "كَفِعْلِ أَهْلِ الرِّحْلَتَيْنِ"، مەبەستی قوڕەیشییەکانە کە ساڵی دوو کاروانی بازرگانیان دەکرد، زستانەی بۆ یەمەن و هاوینەش بۆ شام، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ﴾ [١٣٨].

واتە: هۆگریان بە هاتوچۆی زستانان و هاوینانەوە، واتە تا لێیان تێک نەچێ.

ئەو سیفەتە نەفامییە تا ئێستاش لەناو خەڵکیدا ماوەتەوە، دەبینین خەڵکانێک شانازی بەسەر برادەرەکەیانەوە دەکەن بەهۆی کارەکەیانەوە، دەڵێت: من فلانە کاری بازرگانی ئەنجام دەدەم، بەڵام تۆ هیچ بازرگانییەکت نییە، من کار و مووچەیەکم هەیە، بەڵام تۆ نییتە، کەواتە من لە تۆ باشتر و بەڕێزترم. بەڵام

---

[١٣٨] - [قریش: ٢].

موسڵمان نابێت ئەو سیفەتەی تێدا بێت؛ چونکە ئەمە بەکەمزانینی بەرانبەرە و خۆبەگەورە زانین و بەکەمزانینی بەرانبەریش دروست نییە.

بابەتی نەوەد و نۆیەم: تێڕوانینیان بۆ دونیا بە تێڕوانینێکی سەرسامییەوە

عَظَمَةُ الدُّنيَا فِي قُلُوبِهِمْ، كَقَوْلِهِمْ: ﴿وَقَالُوا لَوْلا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ﴾ [الزخرف:٣١].

گەورەیی دونیا لە دڵیاندا، وەکوو ئەو قسەیەیان: {گوتیان: باشە ئەگەر ئەمە قورئانە و لەلایەن خواوە هاتووە، بۆ ئەم قورئانە دانەبەزیوەتە سەر پیاوێکی گەورە لەم دوو شارە (لە مەککە و تائیف)}.

ڕاڤەکردن

خەڵکی سەردەمی نەفامی، دونیا ئەوەندە لەلایان گەورە بوو، دڵ و دەروونی بردبوون، وایان لێ هاتبوو، گەورەترین و گرینگترین شت لەلایان دونیا بوو. بەشێوەیەک ئەوەی مااڵی دونیای هەبووایە، کەسێکی گەورە و بەڕێز بوو، ئەوەشی مااڵی دونیای نەبووایە، ئەوا کەسێکی کەم و بێڕێز بوو. هەر بۆیە دەیانگوت: خوا کەسی نەدۆزییەوە کە پەیامی بۆ بنێرێت، تەنها یەتیمەکەی ئەبوو تالیب نەبێت، مەبەستیان موحەممەد بوو، هەروەکوو خوای گەورەش دەفەرموێ: {گوتیان: باشە ئەگەر ئەمە قورئانە و لەلایەن خواوە هاتووە، بۆ ئەم قورئانە دانەبەزیوەتە سەر پیاوێکی گەورە لەم دوو شارە (لە مەککە و تائیف)}. بەڵام خوای گەورە وەڵامی دانەوە و فەرمووی: ﴿أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَوٰةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ﴾ (١٣٩).

---

(١٣٩) - [الزخرف: ٣٢].

واتە: ئایا ئەوان ڕەحمەتی پەروەردگارت دابەش دەکەن، لەکاتێکدا ئێمە لە نێوانیاندا دابەشمان کردووە، هۆی گوزەرانیان لە ژیانی ئەم دونیایەدا، هەروەها هەندێکیانمان چەند پلە بەرز کردۆتەوە بەسەر هەندێکی تریاندا.

*****

بابەتی سەدەم: ڕاستکردنەوە و پێشنیارکردن بۆ خوای گەورە

التَّحَكُّمُ عَلَى اللهِ، كَمَا فِي الآيَةِ السَّابِقَةِ.

بڕیاردان بەسەر خوا و پێشنیارکردن بۆی، هەروەکوو لە ئایەتەکەی پێشوودا هاتبوو.

ڕاڤەکردن

مەبەستی ئەو ئایەتەیە کە گوتیان: [باشە ئەگەر ئەمە قورئانە و لەلایەن خواوە هاتووە، بۆ ئەم قورئانە دانەبەزیوەتە سەر پیاوێکی گەورە لەم دوو شارە (لە مەککە و تائیف)]. وەکوو ئەوەی خوای گەورە -پەنا بە خوا- نەزانێت کە کێ شایستەی پێغەمبەرایەتییە، ئەوان دەزانن کێ شایستەیە، بۆیە پێشنیاری بۆ دەکەن.

هەروەکوو لە شوێنێکی دیکەشدا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ٱلۡقُرۡءَانُ جُمۡلَةٗ وَٰحِدَةٗۚ﴾ **واتە: ئەوانەی بێبڕوا بوون، دەیانگوت: بۆچی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- هەموو قورئانی بە یەکجار بۆ دانەبەزێنراوە. خوای گەورەش فەرمووی:** ﴿كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَۖ وَرَتَّلۡنَٰهُ تَرۡتِيلٗا﴾ [١٤٠].

واتە: ئا بەو جۆرە (دامان بەزاندووە)؛ بۆ ئەوەی دڵی تۆ ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- بەو قورئانە دامەزراو و بەهێز بکەین و (بەو بۆنەیەوە) ئایەتانی خۆمم بۆ ناردن بەرە بەرە.

---

[١٤٠] - [الفرقان: ٣٢].

ئێستاش ئەو جۆرە خەڵکانە زۆرن کەوا ڕەخنە لە خوا دەگرن و پێشنیار بۆ دەکەن، دەڵێن دەبوا ئاوای بکردبا و ئاوای نەکردبا، یاخود بەناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە ئایەتەکانی خوا و بڕیار و کارەکانی دەگرن. بەڵام خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ [١٤١].

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە، پێشی خوا و پێغەمبەرەکەی مەکەون.

بۆیە ئەمە کارێکی زۆر هەڵەیە و نەفامییە، تۆ بێیت حوکم بەسەر خواوە بکەیت و پێشنیاری بۆ بکەیت لە دابەشکردنی شتەکان لەنێوانی بەندەکانی. بۆ ئەوەی بە فلان بەخشی و بۆ ئەوەی بە فلان نەدا. کەس بۆی نییە لێپرسینەوە لە خوای پەروەردگار بکات، بەڵکوو ئەوە خوایە کەوا لێپرسینەوەیان لێ دەکات.

*****

[١٤١] - [الحجرات: ١].

بابەتی سەد و یەکەم: بەکەمزانینی هەژارەکان

اِزْدِرَاءُ الفُقَرَاءِ، فَأَتَاهُمْ بِقَوْلِهِ: ﴿وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ﴾ [الأنعام: ٥٢].

بەکەمزانینی هەژارەکان، بۆیەش خوای گەورە ئەو فەرمایشتەی بۆ هێنان: {ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، تۆ ئەو کەسانە دەرمەکە کە لە خوای گەورە دەپارێنەوە بە بەیانیان و ئێواران و زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران دەخوێنن، یاخود بە بەیانیان و ئێواران نوێژ بۆ خوای گەورە دەکەن}.

﴿ رِاڤەکردن ﴾

هەژارەکانیان بە کەمەم دەزانی و بەبچووک سەیریان دەکردن، هەر بۆیەش شوێنی پێغەمبەران نەدەکەوتن و داوایان لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد کەوا هەژارەکانی لای خۆی دەربکات، گوتیان: شایستە نییە بۆ گەورە و سەرکردەکانی ئێمە لە یەک کۆڕ لەگەڵ ئەو هەژارانە دابنیشن، بەڵام خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند: ﴿وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ﴾.

*****

بابەتی سەد و دووەم: تۆمەتبارکردنیان بۆ ئیمانداران لە نییەت و مەبەستیان

رَمْيُهُمْ أَتبَاعَ الرُّسُلِ بِعَدَمِ الإِخْلَاصِ، وَطَلَبِ الدُّنيَا، فَأَجَابَهُمْ بِقَوْلِهِ: ﴿مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِمْ مِنْ شَيْءٍ﴾ [الأنعام: ٥٢]، وَأَمْثَالُهَا.

تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی پێغەمبەران بە نەبوونی دڵسۆزی بۆ خوا لە کارەکاندا، هەروەها تۆمەتبارکردنیان بە دونیا ویستی، بەڵام خوای پەروەردگار بەو فەرمایشتەی وەڵامی دانەوە: {لێپرسینەوەی ئەو کەسانە لەسەر خۆیانە و هیچ شتێکی ئەوان نایەتە سەرشانی تۆ}. هەروەها بە هاوشێوەکانی ئەو ئایەتەش.

ڕاڤەکردن

شوێنکەوتوانی پێغەمبەرانیان بە نەبوونی ئیخلاس تۆمەتبار دەکرد، تۆمەتباریان دەکرد بەوەی کە بۆیە باوەڕیان هێناوە؛ تاوەکوو بەشێک لە دونیا یان سەرکردایەتی بەدەست بێنن. هەروەکوو فیرعەون بە پێغەمبەر مووسا و هاڕوونی گوت: ﴿وَتَكُونَ لَكُمَا ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ [١٤٢].

واتە: ئایا هاتووی بۆلامان بۆ ئەوەی گەورەیی و سەرۆکایەتی بۆ هەردووکتان (مووسا و هاروون) بێت لە زەوی دا؟

هەروەها گەلی نووح گوتیان: ﴿مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ﴾ [١٤٣].

---

[١٤٢] - [یونس: ٧٨].

[١٤٣] - [المؤمنون: ٢٤].

واتە: ئەم (نووح)ـە تەنها کەسێکە وەکوو ئێوە، دەیەوێت خۆی بکاتە گەورە بەسەرتانەوە.

کەواتە پێغەمبەرانیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی سەرکردایەتییان دەوێت، شوێنکەوتوانیانشیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی سەروەت و سامانیان دەوێت.

*****

بابەتی سەد و سێیەم، سەد و چوارەم، سەد و پێنجەم: بێباوەڕبوونیان بە بنچینەکانی باوەڕ

الكُفْرُ بالمَلَائِكَةِ.

الكُفْرُ بالرُّسُلِ.

الكُفْرُ بالكُتُبِ.

بێباوەڕ بوون بە فریشتەکان.

بێباوەڕ بوون بە پێغەمبەران.

بێباوەڕ بوون بە کتێبەکان.

ڕاڤەکردن

کوفرکردن بە فریشتەکان، یەکسانە لەڕووانگەی باوەڕ پێ نەبوون و نکوولّی کردن بێت لە بوونیان، یان نکوولّیکردنی تایبەتمەندییەکانیان، یاخود پێدانی هێندێک تایبەتمەندی کە شیاوی ئەوان نییە.

ئینجا خەڵکی سەردەمی نەفامی، هێندێکیان نکوولّییان لە بوونی فریشتەکان دەکرد و باوەڕیان پێیان نەبوو، هێندێکیشیان دەیانکردنە هاوبەشی خوا. بۆیە باوەڕ بوون بە فریشتەکان دەبێت بەو شێوەیە بێت کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، لە باوەڕهێنان بە ناوەکانیان، ژمارەیان، کار و پیشەیان... هتد.

باوەڕنەهێنانیش بە پێغەمبەران، باوەڕنەهێنانە بە خوای گەورە؛ چونکە خوا ڕەوانەی کردوون. بۆیە هەر کەسێک باوەڕ بە پێغەمبەرێک نەهێنێت، وەکوو ئەوە وایە باوەڕی بە هیچ کام لە پێغەمبەران نەهێنابێت، بۆیە پێویستە باوەڕمان

بە هەموو پێغەمبەران هەبێت، بەوەی لەلایەن خواوە ڕەوانە کراون بۆ گەیاندنی پەیامەکەی.

هەرچی باوەڕ بوونیشە بە کتێبەکانی خوا، ئەوە یەکێکە لە بنچینەکانی باوەڕ و پێویستە باوەڕمان بە هەموویان هەبێت، کە لەلایەن خواوە دابەزێنراوە، جا ئەوەی ناوی بزانین، یا نەیزانین. بەڵام خەڵکی سەردەمی نەفامی نکوولّییان لێیان دەکرد، یان نکوولّییان لە هێندێکیان دەکرد.

ئینجا مەبەستەکە ئەوەیە کە هێندێک لە خەڵکی سەردەمی نەفامی، کوفریان بەو بنچینانە دەکرد و باوەڕیان پێ نەدەهێنا.

*****

بابەتی سەد و شەشەم: پشتهەڵکردن لەو بەرنامەیەی لە لایەن خواوە هاتووە

الإِعْرَاضُ عَمَّا جَاءَ عَنِ اللهِ.

پشتهەڵکردن لەو بەرنامەیەی کە لەلایەن خواوە هاتووە.

ڕاڤەکردن

ئەو بابەتە زانایان پێی دەڵێن: (کوفری پشتهەڵکردن لە دین)، بەشێوەیەک نە فێری دەبێت و نە کاریشی پێ دەکات، بەدڵ و بە گوێچکەکانی پشتی تێ دەکات، نە گوێی بۆ دەگرێت و نە بە دڵیشی لێی ورد دەبێتەوە، بەکورتی ئاوا پشتگوێی دەخات، وەکوو ئەوەی کە دین بوونی نەبێت.

خەڵکی سەردەمی نەفامی، ئەگەر بانگ بکرابان بۆ ئەوەی گوێ لە وتەی خوا و پێغەمبەرەکەی بگرن، ئەوا پشتییان هەڵدەکرد و گوێیان پێ نەدەدا، جا بێگومان ئەو کەسانە کافرن بە کوفری پشتهەڵکردن. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَمَّآ أُنذِرُواْ مُعۡرِضُونَ﴾[١٤٤].

واتە: ئەوانەی بێباوەڕ بوون لەوەی کە پێی ترسێنرابوون، ڕوو وەردەگێڕن و پشتهەڵ دەکەن.

*****

[١٤٤] - [الأحقاف: ٣].

بابەتی سەد و حەفتەم: بێباوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی

الكُفْرُ باليَوْمِ الآخِرِ.

بێباوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی.

ڕاڤەکردن

بێباوەڕبوون بە ڕۆژی قیامەت، واتە: ڕۆژی دوایی و ئەوەشی کە تێیدایە لە سزای ناو گۆڕ و پاداشت و لێپرسینەوە و وەستان لەبەردەم خوای گەورە و پردی سیرات و بەهەشت و دۆزەخ و تاد.

ئینجا ئەوان هەیان بوو بەشێوەیەکی گشتی باوەڕی بە زیندوو بوونەوە و ڕۆژی دوایی نەبوو و نکوولّی لێ دەکرد، هەشیان بوو باوەڕی بە هێندێکی هەبوو، نکوولّیشی لە هێندێک شتی دەکرد.

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبْعَثُواْۚ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾ [١٤٥].

واتە: بێباوەڕان وایان دەزانی کە (لە ڕۆژی دواییدا) زیندوو ناکرێنەوە، (ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-) پێیان بڵێ: بەڕێ وەڵّا سوێند بە پەروەردگارم، بێگومان زیندوو دەکرێنەوە، دڵنیابن پاشان هەواڵتان پێ دەدرێت بەوەی کە کردووتانە، ئەمەش بۆ خوا ئاسانە.

*****

[١٤٥] - [التغابن: ٧].

بابەتی سەد و هەشتەم: بەدرۆزانینی گەیشتن بە دیداری خوای گەورە

التَّكْذِيبُ بِلِقَاءِ اللهِ.

بەدرۆزانینی گەیشتنەوە بە دیداری خوای گەورە.

ڕاڤەکردن

وەکوو پێشتر باسمانکرد باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی، چەند شتێک دەگرێتەوە، لەوانە: باوەڕ بوون بە گەیشتن بە دیداری خوای گەورە، واتە: لەڕۆژی دواییدا بەندە دەگاتەوە بە دیداری خوای گەورە و لەبەردەمیدا دەوەستێت، خوای گەورەش لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات و پاداشی دەداتەوە. بەڵام هێندێک بێباوەڕە نەفامەکان، نکوولّییان لەو بابەتە دەکرد و باوەڕیان پێی نەدەهێنا.

هەروەکوو خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدِۭ بَلۡ هُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمۡ كَٰفِرُونَ﴾ [١٤٦].

واتە: بێبڕواکان دەڵێن: ئایا کاتێ (مردین و لەشمان ڕزا و) لەناو زەویدا گوم بووین، ئایا (زیندوو دەکرێینەوە و) دروست کردنێکی تازەمان دەبێ؟! (وا نییە) بەڵکوو ئەوان باوەڕیان نییە بە خزمەت پەروەردگاریان بگەن (بۆ دادگایی) قیامەت.

ئینجا باوەڕ بوون بە گەیشتن بە دیداری خوا و وەستان لەبەردەمی، هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە، وەکوو خوای گەورە

---

[١٤٦] - [السجدة: ١٠].

دەفەرموویّ: ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًا﴾ [١٤٧].

واتە: جا هەر کەس بەتەمایە بەخزمەت پەروەردگاری بگات (لە قیامەتدا)، ئەوە با کردەوەی چاک بکات، هەروەها لە پەرستنی پەروەردگاریدا کەس نەکات بەهاوبەشی.

هەروەها پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- زۆرجا باسی ئەوەی دەکرد و دەیفەرموو: هەر کەسێک باوەڕی بەخوا و بەڕۆژی دوایی هەیە، ئەوا با فلانە کردەوەیە بکات.

*****

[١٤٧] - [الكهف: ١١٠].

بابەتی سەد و نۆیەم: بەدرۆزانینی هێندێک لەوەی پێغەمبەران هەواڵیان پێی داوە

التَّكْذِيبُ بِبَعْضِ مَا أَخْبَرَتْ به الرُّسُلُ عنِ اليومِ الآخِرِ، كما في قولِهِ: ﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ﴾ [الكهف: ١٠٥].

وَمِنها: التكذيبُ بِقولِهِ: ﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾ [الفاتحة: ٤].

وَقولِهِ: ﴿لا بَيْعٌ فِيهِ وَلا خُلَّةٌ وَلا شَفَاعَةٌ﴾ [البقرة: ٢٥٤].

وَقولِهِ: ﴿إِلَّا مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [الزخرف: ٨٦].

بەدرۆزانین و نکووڵیکردنی هێندێک لەوەی کە پێغەمبەران هەواڵیان پێی داوە دەربارەی ڕۆژی دوایی، هەروەکوو لەو فەرمایشتەی خوای گەورەدا هاتووە: {ئەوانە ئەو کەسانەن کە کوفریان کردووە بە ئایەتەکانی خوای گەورە و بە گەیشتن بە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا و باوەڕیان بە زیندوو بوونەوە نەبووە}.

هەروەها بەشێک لەوانە: بەدرۆخستنەوەی ئەو فەرمایشتەی خوا بوو: {خاوەنی ڕۆژی سزا و لێپرسینەوە و قیامەتە}.

هەروەها ئەو فەرمایشتەشی: {لەو ڕۆژەدا کڕین و فرۆشتنی تێدا نییە و کەس ناتوانێت بە پارە خۆی بکڕێتەوە و خۆی ڕزگار بکات، دۆستایەتی و خزمایەتی و خۆشەویستی، سوودی بۆ کەس نییە، کەس ناتوانێت شەفاعەت بۆ کەس بکات بەبێ مۆڵەتی خوای گەورە}.

هەروەها ئەو فەرمایشتەشی: {تەنها کەسانێک نەبێت شایەتیان بە حەق دابێ، واتە: بە یەکخواپەرستی و زانیاریان هەبووبێ لەسەر زانیاری و چاوڕۆشنی ئەو شایەتیەیان دابێ، ئەوانە شەفەعەتیان بە ئیزن و ڕەزامەندی خوا سوودی دەبێت}.

ڕاڤەکردن

وەکوو پێشتر باسمانکرد، خەڵکی سەردەمی نەفامی هێندێکیان بەهیچ شێوەیەک باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نەبوو، هێندێکیشیان باوەڕیان بە هێندێک شت هەبوو کە لەڕۆژی قیامەتدا ڕوو دەدەن، بە هێندێکیشی بێباوەڕ بوون، واتە باوەڕیان بە وردەکارییەکەی نەبوو، جا شێخ باسی هێندێک لەو شتانە دەکات، وەکوو بەدرۆزانین و باوەڕنەبوون بە گەیشتن بە دیداری خوا، باوەڕنەبوون بە لێپرسینەوە، باوەڕنەبوون بەوەی لەڕۆژی دوای هیچ شتێک سوودی بۆ مرۆڤ نابێت، هەروەها باوەڕنەبوون بەبابەتی شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا.

*****

بابەتی سەد و دەیەم: دەستدرێژیکردنیان بۆ سەر بانگخوازانی حەق

قَتْلُ الذينَ يَأمُرونَ بِالْقِسْطِ مِنَ الناسِ.

کوشتنی ئەو خەڵکانەی فەرمان دەکەن بە دادپەروەری.

ڕاڤەکردن

یەکێک لە کارە خراپ و قێزەونەکانی جوولەکەکان: کوشتنی پێغەمبەران و کوشتنی بانگخوازانی ڕێگای خوا بوو، ئەوانەی فەرمانیان دەکرد بە ڕاستی و چاکە و ڕێنمایی و دادپەروەری، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقۡتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيۡرِ حَقّٖ وَيَقۡتُلُونَ ٱلَّذِينَ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡقِسۡطِ مِنَ ٱلنَّاسِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ (١٤٨).

واتە: بێگومان ئەوانەی بێبڕوان بە ئایەت و نیشانەکانی خوا، هەروەها پێغەمبەران دەکوژن بەناڕەوا، ئەو کەسانەش دەکوژن کە فەرمان دەکەن بە دادپەروەری لە خەڵکی، ئەوە مژدەیان بدەرێ بە سزای پڕ لە ئازار.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دوو شت:

یەکەم: بەڵگەیە لەسەر ستەمکاری و تاوانباری ئەو جوولەکانە،

دووەمیش: بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوان مایەپووچ بوون لە بەڵگە، بۆیە پەنایان بردۆتە بەر کوشتن و لەناوبردنیان، تاوەکوو ڕزگاریان بێت لە خۆیان و بانگەوازەکەشیان.

*****

(١٤٨) - [آل‌عمران: ٢١].

بابەتی سەد و یازدەیەم: باوەڕهێنان بە شتی پووچ و بەتاڵ

الإيمانُ بِالجِبْتِ وَالطّاغوتِ.

باوەڕهێنان بە جیبت و تاغووت.

ڕاڤەکردن

وشەی (الجِبْت) بریتییە لە: ساحر و جادووگەر و کاهین و فاڵچی، گوتراویشە بریتییە لە شەیتان.

وشەی (الطّاغوت)یش، بریتییە لە شەیتان، یان هەر کەسێکە کە جگە لە خوای گەورە بپەرستێت و خۆشی ڕازی بێت بەو پەرستنەی کە بۆی دەکرێت.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ﴾ [١٤٩].

واتە: ئایا ئاوڕێکت نەداوەتەوە لەوانەی بەشێک لە نامەی خواییان پێدراوە، کە جوولەکەن و تەوراتیان بۆ هاتووە، بڕوا دەهێنن بەشتی بە جادووگەر و شەیتان و تاغووت.

بەڵێ، ئەوە حاڵی خەڵکی سەردەمی نەفامی بوو، کتێبی خوا و پێغەمبەرانیان لەناودا بوو، کەچی باوەڕیان بەو شتە پڕوپووچ و بێنرخانە دەهێنا.

*****

[١٤٩] - [النساء: ٥١].

بابەتی سەد و دوازدەیەم: بەباشتردانانی کوفر بەسەر ئیمان

تَفضِيلُ دينِ المشركينَ على المسلمينَ.

بەباشتردانانی ئایینی هاوبەشبڕیاردەرەکان بەسەر ئایینی موسڵمانەکان.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

ئەمەش دیسان کاری جوولەکەکان بوو، کە ئایین و ڕێبازی قوڕەیشییە بتپەرستەکانیان بەباشتر دادەنا لە ئایینی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، هەروەکوو خوای بەرز و بڵند لە ئایەتەکەی پێشوودا فەرمووی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَٰٓؤُلَآءِ أَهْدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ سَبِيلًا﴾ (١٥٠).

واتە: ئایا ئاوڕێکت نەداوەتەوە لەوانەی بەشێک لە نامەی خواییان پێدراوە کە جوولەکەکانن، بڕوا دەهێنن بە جادووگەران و بە شەیتان، هەروەها بەوانەی کە بێبڕوان پێیان دەڵێن، ئەوانە ئایین و ڕێبازیان ڕاستترە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوە لە موحەممەد و هاوەڵانی.

ئەمەش بەڕاستی ئەوپەڕی نەفامییە تۆ بێیت بەرنامەیەکی پووچ و ناڕەوا سەربخەیت و بەباشتری دابنێیت بەسەر ئایینێکی ڕاست و پاک، تەنها لەپێناو هێندێک مەبەستی خۆت.

شێخ فەوزان دەڵێت: "ئەمە هەر کەسێک دەگرێتەوە کە ئایینی کوفر بەباشتر دابنێت بەسەر ئایینی موسڵمانەکان، ئینجا بەشێک لەوە؛ ئەوانەن کەوا هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەو سێ ئایینە لێک نزیک بکەنەوە (ئیسلام و جوولەکە و

---

(١٥٠) - [النساء: ٥١].

نەسڕانییەت)، دەڵێن: هەموویان ئایینی ئاسمانین و پێویستە برایەتی و تەبایی لەنێوانیاندا دروست بکەین".

*****

بابەتی سەد و سێزدەیەم: تێکەڵکردنی حەق بە ناحەق، بۆ ئەوەی ناحەقەکە وەربگیرێت

لَبْسُ الحَقِّ بِالبَاطِلِ.

تێکەڵکردنی حەق و ڕاستی بە ناڕەوا و بەتاڵ.

ڕاڤەکردن

ئەوان حەق و ڕاستییان بە ناڕەوا و بەتاڵ تێکەڵ دەکرد، مەبەستیش لێی ئەوەبوو کەوا ڕەواجی هەبێت و لەلای خەڵکی عەوام و نەزان قەبوڵ بکرێت و پێی هەڵبخەڵەتێن، چونکە ئەگەر تەنها ناڕەوا و بەتاڵیان بهێنابا، ئەوا لێیان قەبوڵ نەدەکرا، بەڵام هەستان حەق و ڕاستییان لەگەڵ ناڕەوا و بەتاڵ تێکەڵ دەکرد؛ تاوەکوو خەڵکێکی بیر لاواز و کورتی پێ فریو بدەن، بڵێن: ئەوەنییە حەقی تێدایە، ئەو کات هەمووی قەبوڵ دەکەن.

بۆیە هێندێک جار بێباوەڕەکان و دوژمنانی ئیسلام، باسی حەق دەکەن، نەک لەبەر خۆشویستنی حەق، بەڵکوو لەبەر ڕەواج دان بە بەتاڵەکەی خۆیان، بۆیە لەسەر موسڵمانی ژیر پێویستە لەو پیلانە پیسە وریا بێت، هەر وا بە ئاسانی شتەکان وەرنەگرێت، بەڵکوو بیپشکنێت و تاقی بکاتەوە، ئەوەی حەقە وەریبگرێت، ئەوەشی ناحەقە ڕەتی بکاتەوە، بێگومان ئەو کارەش زانایان و شارەزایان و بیرتیژان دەیزانن، نەوەک خەڵکی عەوام و نەزان؛ چونکە ئەوان هەموو کات ناتوانن حەق و ناحەق لێک جیا بکەنەوە، بۆیە لەسەریان پێویستە پرسیار لە زانایان بکەن و چاویان لەسەر دەمی زانایان بێت، بۆ ئەوەی گومڕا نەبن و بەلاڕیدا نەچن.

بابەتی سەد و چواردەیەم: شاردنەوەی حەق لەگەڵ بوونی زانست پێی

كِتْمَانُ الحَقِّ مَعَ العِلْمِ بِهِ.

شاردنەوەی حەق لەگەڵبوونی زانست پێی.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

واتە کاتێک حەق و ڕاستییان لە خەڵکی دەشاردەوە و دەریان نەدەخست، دەشیانزانی کە ئەمە ڕاستییەکەیە، بەڵام لەبەر هەواوئارەزوویێکی نەفسی خۆیان، یان لەبەر بەرژەوەندییەکی دونیایی، یاخود بۆ ڕازی کردنی خەڵکی وایان دەکرد، ئەمەش یەکێکە لە خراپترینی ڕێچکەکانی خەڵکی سەردەمی نەفامی، بەتایبەتی جوولەکە و گاورەکان، بەتایبەتی تریش جوولەکەکان، ئەوەی ئەوان نەیاندەویست و حەزیان پێی نەبوو لە کتێبی خۆیان، دەیانشاردەوە و بۆ خەڵکییان باس نەدەکرد. هەروەکوو لە بابەتی شاردنەوەی ئایەتی ڕەجمکردنی زیناکار بوو، ئەو کارەیان ئەنجامدا. هەروەها لەهەمووی گەورەتر شاردنەوەی باسی سیفاتەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو، کە لە تەورات و ئینجیلدا هاتبوو، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ ۖ وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [١٥١].

واتە: ئەوانەی کە پەڕاومان پێ داوون، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەناسن وەک چۆن کوڕانی خۆیان دەناسن، بێگومان کۆمەڵێک لەوان ئەو

---

[١٥١] - [البقرة: ١٤٦].

ڕاستییە دەشارنەوە، لەکاتێکدا ئەوان دەزانن (کە موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەرە).

بۆیە خوای بەرز و بڵند لە زۆر شوێندا هۆشداری دەدات لەو کارە و دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ۝ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَتُوبُ عَلَيۡهِمۡ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ (١٥٢).

واتە: بێگومان ئەوانەی ئەوەی کە ناردوومانەتە خوارەوە لە ئایەتانی ڕۆشن و ڕێنمایی، دەیشارنەوە، دوای ئەوەی کە ڕوونمان کردۆتەوە بۆ خەڵکی لە نامەی تەورات و ئینجیلدا، ئەوانە خودا نەفرەتیان لێ دەکات و نەفرەتکەرانیش نەفرەتیان لێ دەکەن. مەگەر ئەوانەی کە پەشیمان بووبنەوە و کردەوەی باشیان کردبێ و (ئەوەی شاردبوویانەوە) ئاشکرایان کردبێ و ڕوونیان کردبێتەوە، ئا ئەوانە پەشیمانیان لێ گیرادەکەم و هەر منم گیراکەری میهرەبان.

بەڵێ ئەوە سیفەتی جوولەکەکان بوو، بەڵام لەسەر هەر کەسێکیش جێبەجێ دەبێت، کە وەکوو ئەوان حەق بشارێتەوە و ڕوونی نەکاتەوە بۆ خەڵکی، کاتێک پرسیارێکی لێ دەکرێت، دەزانێت حەقەکە کامەیە، بەڵام وەڵامی دەداتەوە بە شتێکی دیکە کە خۆشی دەزانێت ناحەقە.

*****

(١٥٢) - [البقرة: ١٥٩- ١٦٠].

بابەتی سەد و پازدەیەم: قسەکردن بەناوی خواوە بەبێ زانست

قَاعِدَةُ الضَّلالِ، وَهِيَ: القَولُ عَلى اللهِ بِغيرِ عِلْمٍ.

بنەما و بنچنەی گومڕایی، کە بریتییە لە: قسەکردن بەناوی خوا بەبێ زانست و زانیاری.

ڕاڤەکردن

ئەمە یەکێک بوو لە ترسناکترین کارەکانی خەڵکی سەردەمی نەفامی، کە وەکوو شێخ وەسفی دەکات بنچینە و بنەما و کۆڵەکەی گومڕایی بوو، واتە هەرچی گومڕایی و ناڕەوا هەیە لەسەر ئەو بابەتە دادەمەزرێت و سەرچاوە دەگرێت. قسەکردن بەناوی خوا بەبێ زانست، هۆکاری هاوبەشبڕیاردانە، هۆکاری بیدعە و داهێنانە لە ئایین، بگرە هۆکاری هەموو گومڕایی و لادانەکانە. هەر بۆیەش هێندێک لە زانایان دەڵێن: لە تاوانی شیرکیش گەورەترە، خوای بەرز و بڵند دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ [١٥٣].

واتە: بڵێ: پەروەردگارم تەنها ئەو کردەوانەی حەرام کردووە، کە زۆر بەد و خراپن و بەدڕەوشتین، جا ئەوەی بە ئاشکرا دەکرێ و ئەوەشی کە بەنهێنی دەکرێ، هەروەها هەموو تاوانێک و دەستدرێژی کردنێک بە ناهەق و ستەمکردن لە خەڵکی بەناحەق، هەمووی حەرام کردووە، هەروەها شتێک بکەنە هاوبەش بۆ

---

[١٥٣] - [الأعراف: ٣٣].

خوای گەورە، لەکاتێکدا خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ئەوە دانەبەزاندووە، هەروەها ئەوەشی لەسەرتان حەرام کردووە لە خۆتانەوە بەبێ زانیاری بەناوی خوای گەورەوە قسە بکەن و قسە بدەنە پاڵ خوای گەورە، کە نایزانن.

سەیر دەکەین لێرەدا خوای گەورە، قسەکردن بەبێ زانیاری بەناوی خۆیەوە، لەسەرووی شیرک داناوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک دروست نییە قسەکردن بەناوی خوا و فەتوادان بەبێ بەڵگە و زانیاری، وەکوو ئەوەی بڵێی: خوای گەورە ئەوەی حەڵاڵ کردووە و ئەمەی حەرام کردووە، ئەوە شەرعییە و ئەوەش ناشەرعییە، بەبێ بەڵگە و زانست، پەنا بەخوای گەورە ئەمە زۆر ترسناکە.

*****

بابەتی سەد و شازدەیەم: دژبەیەکی و بەیەککەوتنی قسەکانیان

التَنَاقُضُ الواضِحُ، لَمَّا كَذَّبُوا بِالحَقِّ؛ كما قال تعالى: ﴿بَلْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ فَهُمْ فِي أَمْرٍ مَرِيجٍ﴾ [ق: ٥].

دژبەیەکیەکی ڕوون و ئاشکرا، کاتێک کەوا حەقیان بەدرۆ زانی؛ هەروەکوو خوای بەرز و بڵند دەفەرموێ: {بەڵکو ئەوان ئەو حەقەی کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆیان هات، کە قورئانی پیرۆزە، یان پێغەمبەری خوایە -صلى الله عليه وسلم- ئەوان بەدرۆیان زانی، هەروەها ئەوان لە کاروبارێکی زۆر تێکهەڵکێش و نادیار و ئاڵۆز و جیاوازدان، واتە: هەر جارەی قسەیەک دەکەن، جارێک دەڵێن: ساحیرە و جارێک دەڵێن: شاعیرە و جارێکیش دەڵێن: فاڵچییە}.

ڕاڤەکردن

وشەی (التَنَاقُض) واتە: دژبەیەکی و جیاوزی لە قسە و هەڵوێست و حوکمداندا.

کاتێک کەوا حەق و ڕاستییان بەدرۆ خستەوە، تووشی دژبەیەکییەکی ئاشکرا بوون، ئەمەش بەرهەم و سەرەنجامی بەدرۆزانینی حەق و ڕاستییە، بۆیە هەر کەسێک شوێنی حەق نەکەوێت و بەدرۆی بزانێت، ئیللا دەبێت تووشی دژبەیەکی و شڵەژاوی و بێسەروبەری ببێت، وەکوو خوای گەورەش

دەفەرموویێ: ﴿وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا﴾ (١٥٤).

واتە: بەگوێی کەسێک مەکە کە دڵیمان لە یادی خۆمان بێئاگا کردووە و شوێنی هەواوئارەزووی خۆی کەوتووە، هەموو کارەکانیشی خراپ و بێسەر و بن و لە سنوور دەرچووە.

هەر کەسێک واز لە حەق بێنێت، ئەوە بێگومان دەکەوێتە ناو گومڕاییەوە، ئینجا گومڕاییش بەشی زۆرە، بۆیە شوێنکەوتوانیشی هەمیشە لە ڕاجیایی و دژبەیەکی و سەرگەردانی دان.

*****

(١٥٤) - [الكهف: ٢٨].

بابەتی سەد و حەڤدەیەم: باوەڕهێنان بە هێندێک لەوەی خوا دایبەزاندووە و باوەڕنەهێنان بە هێندێکی تری

الإيمانُ بِبَعضِ المُنزَّلِ دُونَ بَعْضٍ.

باوەڕهێنان بە هێندێک لەوەی کە دابەزیوە و باوەڕنەهێنان بە هێندێکی دیکە.

﴿ راڤەکردن ﴾

باوەڕهێنان بە هێندێک لەوەی خوا دایبەزاندووە و باوەڕ نەهێنان بە هێندێکی تری، یەکێکە لە سیفەت و نیشانەکانی جوولەکە و گاورەکان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر شوێنکەوتنیان بۆ هەوا و ئارەزووی خۆیان، چونکە لەبەرچی جیاوازی دەخەنە نێوانی شتە وێکچووەکانەوە؟! هەمووی وەحییە و لەلایەن خوای گەورە دابەزێنراوە، هەمووی ڕاستە و ڕێنماییە، بۆیە هەر کەسێک جیاوازی بخاتە نێوانیانەوە، باوەڕ بە هێندێکی بێنێت و باوەڕ بە هێندێکی نەهێنێت، ئەوە شوێن هەواوئارەزووی خۆی کەوتووە.

خوای پەروەردگار دەربارەی ئەهلی کیتاب دەفەرموێ: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْىٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ [١٥٥].

---

[١٥٥] - [البقرة: ٨٥].

واتە: جا ئایا بڕوا دەهێنن بەهەندێک لەتەورات و بێبڕوا دەبن بەهەندێکی تری؟ جا تۆڵەی ئەو کەسانە کەوا بکەن لە ئێوە، هەر ڕیسوایی و بەدناویە لەژیانی دونیادا، لەڕۆژی دوایشدا دەگەڕێنرێنەوە بۆ ناو سەختترین سزا، خوای گەورەش بێئاگا نییە لەوەی کە دەیکەن.

ئەمەش ئامۆژگارییە بۆ موسڵمانان، کە وەکوو ئەوان نەکەن، ئەگەرنا هەمان چارەنووس چاوەڕێیانە.

*****

بابەتی سەد و هەژدەیەم: باوەڕهێنان بە هێندێک لە پێغەمبەران و باوەڕنەهێنان بە هێندێکیان

التّفريقُ بَينَ الرُّسُلِ.

جیاوازی خستنە نێوانی پێغەمبەران[لە باوەڕهێناندا].

﴿ راڤەکردن ﴾

جیاوازیکردن لەنێوانی پێغەمبەراندا لە باوەڕ پێهێنانیان، بەوەی باوەڕ بە هێندێکی بێنی و باوەڕ بە هێندێکی نەهێنی، ئەمەشیان دیسان یەکێکە لە سیفەتەکانی جوولەکە و گاورەکان، هەرچی بتپەرست و هاوبەشبڕیاردەرەکانن، ئەوە ئەوان هەر لە بنەمادا باوەڕ بە پێغەمبەران ناهێنن، بەڵکوو بێباوەڕ دەبن بە هەموویان، بەڵام هەرچی جوولەکەکانن، ئەوە باوەڕ بە مووسا دەهێنن و بێباوەڕ دەبن بە عیسا، گاورەکانیش بێباوەڕ دەبن بە مووسا و باوەڕ بە عیسا دەهێنن. بەڵام خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین کەوا باوەڕ بە هەموویان بهێنین و بێباوەڕ نەبین بە هیچ کامیان، هەروەکوو فەرموویەتی: ﴿قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ﴾ [١٥٦].

واتە: (ئەی موسڵمانینە) بڵێن: بڕوامان هێنا بە خوا و بەو قورئانەی کە بۆخۆمان نێردراوەتە خوارەوە، هەروەها بەو نامەیەی کە نێردراوە بۆ ئیبڕاهیم و ئیسماعیل و

---

[١٥٦] - [البقرة: ١٣٦].

ئیسحاق و یەعقووب و کوڕەکانی یەعقووب، بەوەشی کە دراوە بە مووسا و عیسا، هەروەها بەوەی کە دراوە بەهەموو پێغەمبەران لەلایەن پەروەدگاریانەوە، جیاوازی ناکەین لەنێوان هیچ کامێکیاندا، ئێمە ملکەچ و فەرمانبەری خواین.

لە ئایەتێکی دیکەشدا دەفەرموێ: ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦ﴾ (١٥٧).

واتە: پێغەمبەر بڕوای هێنا بەو نامەیەی کە بۆی نێردراوە لە پەروەردگارییەوە، لەگەڵ بڕوادارانیدا هەموو بڕوایان هێناوە بەخوا و فریشتەکانی و نامەکانی و پەیامبەرانی، جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ یەکێک لە پەیامبەرانی.

چونکە باوەڕ نەهێنان بە یەک پێغەمبەر، وەکوو باوەڕ نەهێنانە بە هەموو پێغەمبەران؛ لەبەر ئەوەی هەموویان پێغەمبەر و نێردراوی خوان و لەسەر یەک بیروباوەڕ بوونە، هەموویان ڕاستگۆ و ڕێپیشاندەر بوونە، هەر بۆیەش کاتێک گەلی نووح، پێغەمبەر نووحیان -علیه السلام- بەدرۆ زانی، خوای گەورە فەرمووی: ﴿كَذَّبَتۡ قَوۡمُ نُوحٍ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾ (١٥٨).

واتە: گەلی نووح پێغەمبەرانیان بە درۆزن دانا و بڕوایان پێ نەکردن.

کەواتە باوەڕنەهێنان بە یەک پێغەمبەر، کافر بوونە بەهەموو پێغەمبەران.

*****

(١٥٧) - [البقرة: ٢٨٥].

(١٥٨) - [الشعراء: ١٠٥].

بابەتی سەد و نۆزدەیەم: گفتوگۆکردن و دەمەقاڵێ کردنیان لە بابەتێکدا کە زانیارییان پێی نییە

مخاصمتهم فيما ليس لهم به علم.

دەمەقاڵێ کردن و مشتومڕ کردن لە شتێکدا کەوا زانست و زانیاریان پێی نەبوو.

ڕاڤەکردن

واتە: ئەوان کەسانێک بوون زۆر حەزیان لە دمە دمە و مشتومڕ و ڕکابەری بوو، هیچ زانیارییان بە شتێک نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا مشتومڕیان لەسەر دەکرد، ئەمەش سیفەتێکی خەڵکی نەفام بوو. وەکوو خوای گەورە دەربارەی قوڕەیشییەکان دەفەرمووێ: ﴿وَقَالُوٓاْ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلَۢاۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ خَصِمُونَ﴾ [١٥٩].

واتە: دەڵێن: ئایا پەرستراوەکانی ئێمە باشترە، یان عیسا، ئەوانە نموونەی عیسایان تەنها بۆ دەمبازی بۆ دەهێنایتەوە، (وانییە کە دەیڵێن)، بەڵکوو ئەوانە گەلێکی زۆر دەمەقاڵێکەرن.

هەروەها لە شوێنێکی دیکەشدا خوای گەورە سەرزەنشتی ئەهلی کیتاب دەکات و دەفەرمووێ: ﴿هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجۡتُمۡ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞۚ﴾ [١٦٠].

---

[١٥٩] - [الزخرف: ٥٨].

[١٦٠] - [آل‌عمران: ٦٦].

واتە: ئاگادارین! ئێوە ئەوانەن کە دەمەقاڵێتان کرد لەوەی کە شتێکتان لێدەزانی، ئەی بۆ دەمەقاڵێ دەکەن لە شتێکدا کە هیچی لێ نازانن؟!

بۆیە لەسەر موسڵمان پێویستە گفتوگۆ نەکات، ئیللا لەکاتی پێویستی و بەزانستەوە نەبێت.

*****

بابەتی سەد و بیستەم: دژبەیەکییان لە شوێنکەوتنیان بۆ جگە لە خۆیان

دَعواهُم اتبّاعَ السّلَفِ مَعَ التَّصريحِ بِمُخالَفَتِهِم.

بانگەشەکردنیان بە شوێنکەوتنی پێشینانی خۆیان، لەگەڵ پێچەوانەکردن و سەرپێچی کردنیان بەڕاشکاوی.

ڕاڤەکردن

زۆرینەی جوولەکە و گاورەکان وگومڕایەکان، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شوێنی پێشینانی خۆیان دەکەون لە پێغەمبەران، کەچی لە واقیع و کردەوەیاندا سەرپێچییان دەکەن. جوولەکەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە شوێنی مووسا و ئەوانەش کەوتوون کە باوەڕیان پێ هێناوە، گاورەکانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە شوێنی عیسا و ئەوانەش کەوتوون کە باوەڕیان پێ هێناوە، هەروەها هەموو دەستە و کۆمەڵە گومڕایەکانی ناو ئەو ئوممەتەش، بانگەشەی شوێنکەوتنی سەلەفی ساڵح دەکەن، کەچی لە واقیع و حەقیقەتدا وا نییە، بەڵکوو لەسەر ڕێچکەیەکی گومڕایین و بیروباوەڕەکەیان پێچەوانەی بیروباوەڕی سەلەفی ساڵحە. بۆیە مەرج نییە کە هەر کەسێک بانگەشەی ئەوەی کرد، شوێنی سەلەفی ساڵح دەکەوێت، بانگەشەکەی ڕاست بێت، هەتا بەرنامە و بیروباوەڕەکەی دەخرێتە بەردەم بیروباوەڕی سەلەف، جا ئەگەر موافیقی بوو، ئەوە بانگەشەکەی ڕاست و دروستە، خۆ ئەگەر پێچەوانەشی بوو، ئەوا بانگەشەکەی ڕاست نییە و لێی وەرناگیرێت. وەکوو شاعیریش دەڵێت:

وكل يدعي وصلاً بليلى ... وليلى لا تقر لهم بذاك

واتە: هەمووان بانگەشەی گەیشتن بە دیداری لەیلایان دەکرد، کەچی لەیلاش دانی بە هیچیان دانەدەنا کە پێی گەیشتبن.

کەواتە گرینگی و بایەخ بە بانگەشە نییە، بەڵکوو بایەخ بە حەقیقەت و ناوەرۆکە.

*****

بابەتی سەد و بیست و یەکەم: ڕێگەگرتنیان لە ڕێبازی خوای گەورە

صَدُّهُم عَنْ سَبيلِ اللهِ مَنْ آمَنَ بِهِ.

ڕێگە گرتن و بەرهەڵستی کردن لە ڕێبازی خوا، لەو کەسەی کە باوەڕی پێ دەهێنێت.

ڕاڤەکردن

ڕێگەگرتن لە ڕێبازی خوا و کۆسپ و بەربەست دروستکردن لەبەردەمی، ئەمەشیان یەکێکە لە سیفەتەکانی خەڵکی سەردەمی نەفامی، بۆ ئەوەی خەڵکی نەچێتە ناو ئایینی خوا و خەڵکی لێ دوور بخەنەوە، بۆیە پیلانی گەورەیان دادەڕێشت؛ تاوەکوو خەڵکی دوور بخەنەوە لە ئایینی خوا و نەهێڵن خەڵکی زیاتر بەرەو ئایینی خوا بچێت. بێگومان ئەمەش کاری بێباوەڕەکانە لە کۆن و تازەدا. هەروەکوو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَآءً﴾ (١٦١)

واتە: ئەوان ئاواتەخوازن ئێوەش بێباوەڕ بن، وەکوو چۆن خۆیان بێباوەڕ بوون؛ تا ئێوە و ئەوان یەکسان بن و وەکوو یەک وابن.

هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْأَوْنَ عَنْهُ﴾(١٦٢).

---

(١٦١) - [النساء: ٨٩].

(١٦٢) - [الأنعام: ٢٦].

واتە: ئەو کافر و موشریکانە ڕێگری لە خەڵکی دەکەن کە باوەڕ بە قورئان، یان بە پێغەمبەر بێنن، خۆشیان دوور دەگرن و لێی دوور دەکەونەوە.

هەروەها لە ئایەتێکی تریشدا فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْأَحْبَارِ وَٱلرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَٰطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾[١٦٣].

واتە: ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە، بەڕاستی زۆر لە زانا و خواپەرستەکانی جوولەکە و گاوور، سامان و ماڵی خەڵکی دەخۆن بەناهەق و بەرهەڵستی خەڵکی دەکەن لە ڕێگەی خوا.

*****

[١٦٣] - [التوبة: ٣٤].

بابەتی سەد و بیست و دووەم: خۆشەویستییان بۆ بێباوەڕەکان

مَوَدَّتُهُمُ الْكُفرَ وَالكافرينَ.

خۆشەویستییان بۆ بێباوەڕەکان.

ڕاڤەکردن

ئەمەشیان یەکێکی دیکەیە لە دیاردەکانی نەفامی، کە کوفر و کافرانیان خۆش دەویست، بەڵام ڕقیان لە ئیمان و ئیماندارانە دەبوویەوە. هەروەکوو خوای گەورە دەربارەی نەوەکانی ئیسرائیل دەفەرموێ: ﴿تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ [١٦٤].

واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، دەبینی زۆربەیان دۆستایەتی لەگەڵ ئەوانەدا دەکەن، کە بێباوەڕ بوون.

شایەنی باسە، ئەو بابەتە یەکێکە لە ترسناکترین دیاردەکانی نەفامی؛ چونکە پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیە، خوای گەورەش لەزۆر ئایەتدا ڕێگری کردووە لە دۆستایەتی و خۆشەویستی بێباوەڕەکان، هەروەکوو فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ [١٦٥].

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، جوولەکە و گاوور مەکەن بە پشتیوان و خۆشەویستی خۆتان؛ ئەوانە هەندێکیان دۆستی یەکترن، جا هەر کەسێک لە ئێوە

---

[١٦٤] - [المائدة: ٨٠].

[١٦٥] - [المائدة: ٥١].

ئەوان بکات بە پشتیوان و دۆست، ئەوە بەڕاستی ئەو کەسە لەوانە، بێگومان خوا ڕێنموونی گەلی ستەمکاران ناکات.

تێبینی [وەرگێڕ]: لە هێندێک لە نوسخە و دەستنووسەکاندا هاتووە دەڵێت: "مودتهم الكفر من آمن" واتە: پێیانخۆش بوو ئەو کەسەی کە باوەڕی هێناوە، کافر ببێت. واتە: پێیان خۆش بوو باوەڕدارەکانیش وەکوو ئەوان بێباوەڕ ببنەوە و لە ئیسلام هەڵگەڕێنەوە، وەکوو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَدُّواْ لَوۡ تَكۡفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَآءٗ﴾ (١٦٦).

واتە: ئەوان ئاواتە خوازن ئێوەش بێباوەڕ بن، وەکوو چۆن خۆیان بێباوەڕ بوون؛ تا ئێوە و ئەوان یەکسان بن.

*****

(١٦٦) - [النساء: ٨٩].

بابەتی سەد و بیست و سێیەم، سەد و بیست و چوارەم، سەد و بیست و پێنجەم، سەد و بیست و شەشەم: پشت بەستنیان بە شتی پڕوپووچ و خورافیاتەکان

العِيَافَة.

والطَّرْقُ.

والطِّيرَة.

والكَهَانَة.

هەڵفڕاندنی باڵندە و گەشبین بوون و ڕەشبین بوون پێیەوە.

لێدان لە زەوی و هێڵ کێشان لەسەر زەوی بەمەبەستی بانگەشەکردنی زانستی غەیب.

ڕەشبینی بە باڵندە و ڕۆیشتنی بۆ لای ڕاست و چەپ.

فاڵچییەتی کردن و چوون بۆ لای فاڵچییەکان.

ڕاڤەکردن

ئەمانەش چەند دیاردەیەکن لە دیاردەکانی نەفامی، کە پێویستە موسڵمان خۆیان لێ بپارێزێت، ئەوانیش بریتیین لە:

یەکەم: (العِيَافَة). واتە: هەڵفڕاندنی باڵندە و گەشبین بوون و ڕەشبین بوونە پێیەوە.

خەڵکی سەردەمی نەفامی گەشبینی و ڕەشبینییان هەبوو بە باڵندە، بە ناو و دەنگی و شوێنی ڕۆیشتنیان و جموجۆڵیان، بۆیە ئەگەر یەکێک لەوان بیویستبا گەشتێک ئەنجام بدات، یان هاوسەرگیری بکات، یاخود بەهەر کارێکی گەورە و گرینگ هەڵبستێت، ئەوا باڵندەیەکیان لە شوێنی خۆی هەڵدەفڕاند، جا ئەگەر بەرەو لای ڕاست ڕۆیشتبا، ئەوا دەچووە پێشەوە و کارەکەی دەکرد، خۆ ئەگەر بەرەو لای چەپیش بڕۆیشتبا، ئەوا خۆی دەگرتەوە و کارەکەی نەدەکرد.

دووەم: (الطَّرْق). واتە: لێدان لە زەوی و هێڵ کێشان لەسەر زەوی بەمەبەستی بانگەشەکردنی زانستی غەیب.

واتە: بە وردە بەرد دەیاندا لە زەوی، یان هێڵ و خەتیان لەسەر زەوی دەکێشا، تاوەکوو بەهۆیەوە کاری فاڵچێتی ئەنجام بدەن و بانگەشەی زانینی غەیب بکەن، بۆ ئەو کارەی کە دەیانویست بیکەن، دواجاریش بەهۆی ئەو لە زەویدان و هێڵ کێشانانەوە، یان کارەکەیان دەکرد، یاخود نەیاندەکرد، هەروەها بەهۆی ئەو خەت و هێڵ کێشانانەوە، دەیانگوت: ئەوە ڕووەدات و ئاوا دەبێت.

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «إِنَّ الْعِيَافَةَ، وَالطَّرْقَ، وَالطِّيَرَةَ؛ مِنَ الْجِبْتِ» [١٦٧].

واتە: بە دڵنیایی فڕاندنی باڵندە و گەشبین بوون بە دەنگ و جموجۆڵیان، هێڵ کێشان بە خۆڵ، شووم و ڕەشبینی بە شتێکی بینراو، یان بیستراو، بەشێکن لە جیبت.

سێیەم: (الطِّيَرَة). واتە: ڕەشبینی بە باڵندە و ڕۆیشتنی بۆ لای ڕاست و چەپ.

---

[١٦٧] - أخرجه أحمد في المسند برقم (٤٧٧/٣)، وأبو داود برقم (٣٩٠٧)، وابن حبان كما في الموارد برقم (١٤٢٦).

ڕەشبین بوون بە باڵندە و هاتن و چوونی بەرەو لای ڕاست و چەپ، یاخود ئەگەر یەکێکیان بیویستبا گەشتێک بکات، پاشان لەسەر ڕێگای خۆی (کوندە پەپوو)یەکی دیتبا، ئەوا ڕەشبین دەبوو و گەشتەکەی نەدەکرد.

پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «لَا عَدْوَى، وَلَا طِيَرَةَ، وَلَا هَامَةَ، وَلَا صَفَرَ» [١٦٨].

واتە: گواستنەوەی نەخۆشی نییە، ڕەشبینی نییە، کوندە پەپوو کاریگەری نییە و ڕەشبینی پێوە ناکرێت، مانگی سەفەریش شوومی و ڕەشبینی پێوە نییە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە فەرموودەی ئیبن عەمر گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: «مَنْ رَدَّتْهُ الطِّيَرَةُ عَنْ حَاجَتِهِ؛ فَقَدْ أَشْرَكَ»، قَالُوا: فَمَا كَفَّارَةُ ذَلِكَ؟ قَالَ: «أَنْ يَقُولَ: اللَّهُمَّ لَا خَيْرَ إِلَّا خَيْرُكَ، وَلَا طَيْرَ إِلَّا طَيْرُكَ، وَلَا إِلَهَ غَيْرُكَ». [١٦٩]

واتە: هەر کەسێک ڕەشبینی بیگێڕێتەوە لە داخوازی و پێویستییەکەی؛ ئەوا بە دڵنیایی هاوبەشی بۆ خوا داناوە، گوتیان: جا کەفارەتی ئەو ڕەشبینییە چییە؟ فەرمووی: ئەوەیە بڵێیت: ئەی خوایە! هیچ چاکەیەک نییە، تەنها چاکەی تۆ نەبێت، هیچ شووم و نەگبەتییەکیش نییە، تەنها لەلای تۆوە نەبێت، هیچ پەرستراوێکیش نییە جگە لە تۆ نەبێت.

چوارەم: (الكَهَانَة). واتە: فاڵچییەتی کردن و بانگەشەکردنی زانینی غەیب و چوون بۆ لای.

---

[١٦٨] - أخرجه البخاري برقم (٥٧٥٧)، ومسلم برقم (٢٢٢٠) و (١٠٢).

[١٦٩] - أخرجه أحمد برقم (٢/٢٢٠).

کاهین: بریتییە لەو کەسەی کە هەواڵ دەربارەی شتە غەیبییەکانی داهاتوو دەدات. هەروەها گوتراویشە: ئەو کەسەیە کە هەواڵ دەربارەی ئەو شتە دەدات کە لە ناخ و دڵدایە.

ئینجا بانگەشەی زانینی کاروبارەکانیان دەکرد، بەهۆی کۆمەڵێک پێشەکی، کە دەیانکردە بەڵگە لەسەر شتی دزراو و شوێنی شتی ونبوو و هاوشێوەی ئەمانە.

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «مَنْ أَتَىَ عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ فَصَدَّقَهُ؛ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ يَوْمًا» (١٧٠).

واتە: هەر کەسێک بچێتە لای فاڵچییەک و پرسیاری لێ بکات دەربارەی شتێک و بەڕاستیشی دابنێت لەوەی کە دەیڵێت؛ ئەوا نوێژی چل ڕۆژی لێ وەرناگیرێت.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا دەفەرموێ: «مَنْ أَتَىَ كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ؛ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَىَ مُحَمَّدٍ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-» (١٧١).

واتە: هەر کەسێک بچێتە لای کاهینێک و بەڕاستیشی دابنێت لەو قسەیەی کە دەیکات؛ ئەوا بە دڵنیایی بێباوەڕ بووە بەوەی کە دابەزیوەتە سەر موحەممەد - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-.

تێبینی: بۆ زیاتر شارەزا بوون لەو چوار بابەتە، بگەڕێنەوە سەر (كِتَابُ التَّوْحِيْد)ـی شێخی ئیسلام، موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، لەوێ جوانی ڕوون کردۆتەوە. [وەرگێڕ].

*****

(١٧٠) - أخرجه مسلم برقم (٢٢٤٠)، وأحمد في مسنده برقم (٦٨/٤)، (٣٨٠/٥).

(١٧١) - أخرجه أبو داود برقم (٣٩٠٤)، وأحمد في مسنده برقم (٤٠٨/٢، ٤٢٩، ٤٧٦).

بابەتی سەد و بیست و حەفتەم: حوکم بردنەوەیان بۆ لای تاغووتەکان

والتَّحَاكُمُ إلى الطَّاغُوتِ.

حوکم بردنەوە بۆ لای تاغووتەکان.

ڕاڤەکردن

ئەمەش بریتییە لە حوکم بردنەوە بۆ لای جگە لە قورئان و سوننەت، لەکاتی کێشەکاندا، واتە: حوکم بردنەوە بۆ لای یاسا دەستکردەکان و عادەت و دەستووری بیابانناشینەکان، یاخود گەڕاندنەوەی حوکم بۆ لای کەسێک کە حوکم بە قورئان ناکات، بەڵکوو حوکم بە یاسا دەستکردەکان دەکات.

ئینجا خەڵکی سەردەمی نەفامی، حوکمیان دەگەڕاندەوە بۆ لای ئەو ئەو تاغووتانە، هەروەکوو خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا﴾ (١٧٢).

واتە: ئایا نابینی ئەوانەی کە بە گومانی خۆیان دەڵێن: ئەی موحەممەد، ئیمانمان هێناوە بەو قورئانەی کە بۆ تۆ دابەزیوە و بەو کتێبانەی تریش کە لە پێش تۆدا دابەزیون، لە کاتێکدا کە دەیانەوێ حوکم و بڕیار ببەن بۆ لای تاغووت و فاڵچییەکان و ئەوانەی کە حوکم بە غەیری قورئانی پیرۆز دەکەن، لەکاتێکدا فەرمانیان پێکراوە لە هەموو کتێبە ئاسمانیەکاندا کە کوفر بکەن بە هەموو

---

(١٧٢) - [النساء: ٦٠].

تاغووتێک، شەیتانیش دەیەوێ گومڕایان بکات و لە ڕێگای ڕاست دووریان بخاتەوە، بە گومڕاکردنێکی زۆر دوور.

بابەتی سەد و بیست و هەشتەم: بە پەسەند نەزانینی هاوسەرگیریکردن لەنێوانی دوو کۆیلەدا

كَرَاهَة التَّزْوِيجِ بين العَبْدَيْنِ.

بە ناپەسەند زانینی هاوسەرگیریکردن لەنێوانی دوو کۆیلەدا.

﴿ راڤەکردن ﴾

شێخ کۆتایی بە باسی بابەتەکانی نەفامی بەو باسە هێنا، ئەویش مەبەستی ئەوەیە کەوا لە سەردەمی نەفامی، ئەگەر یەکێکیان کەنیزەکێکی هەبووایە، ئەوە دەینارد زینای پێ دەکرد، ئینجا پارەی لەسەر وەردەگرت(واتە: بە کرێی دەدا)، بۆیە بە مێردی نەدەدا و بۆ ئەو مەبەستە دەیهێشتەوە. بەڵام کاتێک ئیسلام هات، ڕێگری لەو کارە کرد و خوای گەورە فەرمووی: ﴿وَلَا تُكْرِهُواْ فَتَيَٰتِكُمْ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُواْ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾[١٧٣].

واتە: کەنیزەکەکانتان زۆر لێ مەکەن (ناچاریان مەکەن)، لەسەر زیناکردن، ئەگەر دەیانویست داوێنپاک بن، تا مااڵ و سامانی ژیانی دنیاتان دەست کەوێت.

تێبینی[وەرگێڕ]: لەهێندێک لە نوسخەکاندا هاتووە: (كَرَاهَة التَّزْوِيجِ بين العِيْدَيْنِ). واتە: بە ناپەسەندیان دەزانینی هاوسەرگیریکردن لەنێوانی دوو جەژنەکەدا(جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان). ئەمەش لەبەر ڕەشبینییان بوو بە کات و مانگەکان، کە جۆرێکە لە ڕەشبینی(الطيرة). بۆیە لەو کاتەدا هاوسەرگیرییان نەدەکرد، بەتایبەتی لە مانگی شەوالدا، کە لەدوای ڕەمەزان دێت،

---

[١٧٣] - [النور: ٣٣].

پێیان وابوو لەو نێوانەدا هاوسەرگیرییەکە سەرکەوتوو نابێت. بەڵام لە ئیسلامدا لەهەموو کاتێک زەواج دروستە، جگە لە کاتی ئیحرام نەبێت لە حەج و عەمرەدا، هەروەها مانگەکان و ڕۆژەکان پەیوەندییان بە بوونی بەرەکەت و نەبوونی و سەرکەوتووی و سەرنەکەوتووی هاوسەرگیرییەوە نییە، بەڵکوو ئەمە هەمووی بەدەستی خوای گەورەوەیە.

*****

کۆتایی

واللهُ أعلمُ، وَصَلَّى اللهُ على محمدٍ وَعلى آلِ محمدٍ وصَحْبِهِ وَسَلَّم.

خوای گەورە زاناترە، دروود و سەلامی خواش لەسەر موحەممەد و خانەوادە و شوێنکەوتووان و هاوەڵانی بێت.

ڕاڤەکردن

بەوشێوازە شێخ کۆتایی بەو پەرتووکە بەسوود و پیرۆزە هێنا.

ئینجا هەروەکوو لە سەرەتادا باسیکرد، ئەو کۆمەڵە بابەتەی کە هێنای ئەمە وەکوو نموونەیەکە بۆ گەورەترین و ترسناکترین و دیارترینی دیاردە و سیفەتەکانی نەفامی، نەوەک هەمووی بێت، بەڵکوو شتی دیکەش هەیە، ئەگەر مرۆڤ بەدوایدا بگەڕێت. بەڵام ئەوەی کەوا گرینگە ئەوەیە؛ موسڵمان ئەو بابەتانە بزانێت و شارەزایان بێت، پاشانیش لێیان وریا بێت و خەڵکیشیان لێ هۆشیار بکاتەوە.

*****

پێرستی بابەتەکان

پێشەکیی وەرگێڕ ٥
مَتْنُ الْمَسَائِلِ الْجَاهِلِيَّةِ الَّتِي خَالَفَ فِيْهَا رَسُولُ اللهِ ﷺ- أَهْلَ الْجَاهِلِيَّةِ. ٨
سەرەتای دەست پێ کردنی نامیلکەکە و ڕاڤەکردنی ٢٥
بابەتی یەکەم: پارانەوە لە دۆستانی خوا و پیاوچاکان ٣٢
بابەتی دووەم: پارچە پارچەیی و پەرتەوازەیی و جیاجیایی خەڵکی سەردەمی نەفامی لە پەرستش و ئایینیان ٤٠
بابەتی سێیەم: سەرپێچی کردنی کاربەدەستانیان بە کارێکی چاک دادەنا و گوێڕایەڵی کردن و ملکەچ بوونیش بۆی بە ڕیسوایی و سەرشۆڕی و نەنگی دادەنا ٤٧
بابەتی چوارەم: چاولێکەری و شوێنکەوتن و لاساییکردنەوەی کوێرانە و زیانەکانی. ٥١
بابەتی پێنجەم: بەڵگەهێنانەوە بەوەی کە زۆرینە لەسەرینە، بەبێ تێڕوانین لە بەڵگەکەی ٥٦
بابەتی شەشەم: بەڵگەهێنانەوە بەو شتەی کە پێشکەوتووەکان لەسەری بوونە، بەبێ سەیرکردنی بەڵگەکەی ٦٠
بابەتی حەفتەم: بەڵگەهێنانەوە بەوەی کە خەڵکی خاوەن هێز و توانا لەسەری بوون، کە ئەمە حەق و ڕاستییە ٦٣
بابەتی هەشتەم: بەڵگەهێنانەوەی بەوەی کە ئەو ڕێبازەی لاواز و بێدەسەڵاتەکان لەسەرینە، ڕاست نییە ٦٦
بابەتی نۆیەم: شوێنکەوتنی زانا فاسقەکان و خواپەرستە نەزانەکان ٦٨
بابەتی دەیەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتووانی دین بە کەمی تێگەیشتنیان و نەبوونی ئەزبەرکردن و هەزمکردنیان ٧٠
بابەتی یازدەیەم: پشت بەستنیان بە قیاسی خراپ و بەد ٧٢
بابەتی دوازدەیەم: نکووڵێکردنی قیاسی ڕاست و دروست ٧٤
بابەتی سێزدەیەم: زیادەڕەویکردن لە زانایان و چاکەکار و پیاوچاکاندا ٧٥
بابەتی چواردەیەم: نکووڵێکردنیان لە حەق و جێگرکردنیان بۆ ناڕەوا و بەتاڵ ٧٨

بابەتی پازدەیەم: بیانووهێنانەوەیان لە وەرگرتنی حەق و ڕاستی بە بیانووی ناڕەوا و بەتاڵ ٨٠
بابەتی شازدەیەم: جوولەکەکان تەواڕاتیان گۆڕیبووەوە بە پەرتووکەکانی سیحر و جادوو ٨٣
بابەتی حەڤدەیەم: نیسبەتدانی شتی پووچ و بەتاڵ بۆ لای پێغەمبەران ٨٥
بابەتی هەژدەیەم: خۆدانەپاڵیان بۆ لای پێغەمبەران لەگەڵ سەرپێچیکردنیان ٨٨
بابەتی نۆزدەیەم: ڕەخنەگرتن و تانەدان لە پیاوچاکان بەهۆی کردەوەی هێندێک لەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵیان ٨٩
بابەتی بیستەم: بیروباوەڕیان وابوو کە کار و کردەوەی جادووگەر و فاڵچییەکان، بەشێکە لە کەڕامەتی وەلی و پیاوچاکەکان ٩١
بابەتی بیست و یەکەم: خواپەرستی کردنیان بە فیکە لێدان و چەپڵە لێدان ٩٢
بابەتی بیست و دووەم: ئایینیان کردبوو بە گەمە و گاڵتە ٩٣
بابەتی بیست و سێیەم: هەڵخەڵەتان و فریوخواردن بە دونیا ٩٥
بابەتی بیست و چوارەم: پشتهەڵکردنیان لە حەق، ئەگەر لاواز و هەژارەکان لەسەری بوونایە ٩٨
بابەتی بیست و پێنجەم: بەڵگەهێنانەوە لەسەر پووچەڵیەتی شتێک، بەوەی لاوازەکان دەستپێشخەرییان کردووە لە شوێنکەوتنی ١٠٠
بابەتی بیست و شەشەم: گۆڕین و دەستکاریکردنی بەڵگەکانی قورئان دوای زانین و ناسینی، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەواوئارەزوویان بگونجێت ١٠٢
بابەتی بیست و حەفتەم: دانانی کتێبی پووچ و بەتاڵ و دانە پاڵ خوای گەورە ١٠٤
بابەتی بیست و هەشتەم: وەرنەگرتنی ئەو حەقەی کە لەلای غەیری خۆیان بوو ١٠٥
بابەتی بیست و نۆیەم: کار بە قسەی ئەو کەسە ناکەن کە بە گومانی خۆیان شوێنی دەکەون ١٠٧
بابەتی سییەم: پەرتەوازەبوون و وازهێنان لە کۆبوونەوە ١٠٩

بابەتی سی و یەکەم: دوژمنایەتیان بۆ ئایینی حەق و خۆشەویستییان بۆ ئایینی پووچ و بەتاڵ ١١١
بابەتی سی و دووەم: بێباوەڕبوونیان بەو حەقەی کە لەلای غەیری خۆیانە، لەو کەسەی کە خۆشیان نەدەویست ١١٣
بابەتی سی و سێیەم: ناکۆکی و دژبەیەکییان لە دانپێدانان و نکوولێکردن ١١٥
بابەتی سی و چوارەم: هەموو تاقم و گرووپێک بەتەنها بەباشە باسی خۆی دەکات ١١٧
بابەتی سی و پێنجەم: خۆنزیککردنەوەیان لە خوا بە ئەنجامدانی حەرامکراوەکان ... ١٢٠
بابەتی سی و شەشەم: خۆنزیککردنەوەیان لە خوا بە حەرامکردنی حەڵاڵ و حەڵاڵکردنی حەرام ١٢٢
بابەتی سی و حەفتەم: زانا و خواپەرستەکانیان دەکرد بە چەند پەروەردگارێک لەجیاتی خوا ١٢٤
بابەتی سی و هەشتەم: بێباوەڕیکردنیان لە سیفاتەکانی خوای گەورە ١٢٦
بابەتی سی و نۆیەم: بێباوەڕیکردنیان لە ناوەکانی خوای گەورە ١٢٩
بابەتی چلەم: نکوولێکردنی پەروەردگار ١٣٠
بابەتی چل و یەکەم: وەسفکردنی خوا بە کەم و کوڕی ١٣٢
بابەتی چل و دووەم: هاوبەشبڕیاردان بۆ خوا لە مووڵک و دەسەڵات ١٣٤
بابەتی چل و سێیەم: نکوولێکردنیان لە قەدەری خوای گەورە ١٣٥
بابەتی چل و چوارەم: بیانوو هێنانەوەیان بۆ کوفرەکانیان بەوەی خوا لەسەری تەقدیر کردوون ١٣٧
بابەتی چل و پێنجەم: بانگەشەکردنیان بەوەی ناکۆکیی و دژبەیەکی هەیە لەنێوانی شەرعی خوا و قەدەرەکەی ١٣٩
بابەتی چل و شەشەم: دانەپاڵی ڕووداوەکان بۆ لای ڕۆژگار و جوێندانیان بە ڕۆژگار ١٤١
بابەتی چل و حەفتەم: بێباوەڕبوونیان بە نیعمەتەکانی خوای بەرز و بڵند ١٤٣
بابەتی چل و هەشتەم: بێباوەڕ بوون بە ئایەتەکانی خوای گەورە بە گشتی ١٤٥
بابەتی چل و نۆیەم: بێباوەڕبوون بە هێندێک لە ئایەتەکانی خوا ١٤٧

بابەتی پەنجایەم: نکوولّی کردنیان لە دابەزاندنی کتێبەکان بۆ سەر پێغەمبەران..... ١٤٩
بابەتی پەنجا و یەکەم: وەسفکردنیان بۆ قورئان بەوەی قسەی مرۆڤە..... ١٥١
بابەتی پەنجا و دووەم: نکوولّیکردنی دانایی لە کردەوەکانی خوای بەرز و بلّند..... ١٥٢
بابەتی پەنجا و سێیەم: فێلّکردنیان بۆ پووچەلّکردنەوەی شەرعی خوای گەورە..... ١٥٤
بابەتی پەنجا و چوارەم: داننان بە حەق و ڕاستی؛ بۆ گەیشتن بە پووچەلّکردنەوە و بەدرۆخستنەوەی ١٥٦
بابەتی پەنجا و پێنجەم: دەمارگیرییان بۆ ئەو نارەوا و بەتاڵەی لەسەر بوون ١٥٧
بابەتی پەنجا و شەشەم: ناونانی تەوحید بە شیرک..... ١٥٩
بابەتی پەنجا و حەفتەم: گۆڕینی وشەکان لە شوێنی خۆیان ١٦١
بابەتی پەنجا و هەشتەم: بادان و پێچانەوەی زمان بە خوێندنەوەی کتێب ١٦٣
بابەتی پەنجا و نۆیەم: ناووناتۆرەنان لە شوێنکەوتوانی حەق بە ناووناتۆرەی دوورخەرەوە..... ١٦٤
بابەتی شەستەم: درۆ هەڵبەستن بە ناوی خواوە..... ١٦٦
بابەتی شەست و یەکەم: بەدرۆزانینی حەق و ڕاستی..... ١٦٨
بابەتی شەست و دووەم: هاندانی دەسەڵاتدارەکان دژی شوێنکەوتووانی حەق..... ١٦٩
بابەتی شەست و سێیەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی حەق بە بڵاوکردنەوەی خراپەکاری لە زەویدا..... ١٧٣
بابەتی شەست و چوارەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی حەق بە بەکەمزانینی ئایینی دەسەڵاتدار..... ١٧٥
بابەتی شەست و پێنجەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی حەق بە بەکەمزانینی پەرستراوی دەسەڵاتدار..... ١٧٧
بابەتی شەست و شەشەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی حەق بە گۆڕینی ئایین..... ١٧٨
بابەتی شەست و حەفتەم: تۆمەتبارکردنی شوێنکەوتوانی حەق بە بەکەمزانینی دەسەڵاتدار..... ١٧٩
بابەتی شەست و هەشتەم: ستایشکردنی خۆیان بە شتێک کە تێیاندا نییە..... ١٨٠

بابەتی شەست و نۆیەم: زیادکردن لە پەرستشەکاندا ١٨٢
بابەتی حەفتایەم: کەمکردن لە پەرستشەکاندا ١٨٤
بابەتی حەفتا و یەکەم: وازهێنانیان لەوەی کە خوا لەسەری واجب کردوون، لەبەر خواناسی و دینداری ١٨٥
بابەتی حەفتا و دووەم: خۆنزیککردنەوەیان لە خوای گەورە بەوازهێنان لە شتە پاکەکان ١٨٦
بابەتی حەفتا و سێیەم: خۆنزیککردنەوەیان لە خوای گەورە بەوازهێنان لە جوانییە خواییەکان ١٨٨
بابەتی حەفتا و چوارەم: بانگەوازی کردنی خەڵکی بۆ لای گومڕایی ١٩٠
بابەتی حەفتا و پێنجەم: بانگەوازکردنی خەڵکی بۆ لای کوفر، بە زانیارییەوە ١٩٢
بابەتی حەفتا و شەشەم: بەکارهێنانی فێڵی گەورە بۆ جێگیرکردنی شیرک و ڕەتکردنەوەی حەق ١٩٣
بابەتی حەفتا و حەفتەم: شوێنکەوتنیان بۆ کەسانێک کە گونجاو نەبوون بۆ ڕابەرایەتی و پێشەنگایەتی ١٩٥
بابەتی حەفتا و هەشتەم: بانگەشەکردنی ئەوەی کە تەنها ئەوان دۆستی خوان ١٩٨
بابەتی حەفتا و نۆیەم: دژبەیەکییان لە بانگەشەکردنی خۆشەویستی خوا ٢٠٠
بابەتی هەشتایەم: پشت بەستنیان بە هیوا و ئاواتی درۆینە ٢٠٢
بابەتی هەشتا و یەکەم: زیادەڕەویکردنیان لە کەسەکاندا ٢٠٤
بابەتی هەشتا و دووەم: زیادەڕەویکردنیان لە شوێنەواری پێغەمبەران ٢٠٦
بابەتی هەشتا و سێیەم: گرتنەبەری هۆکارەکانی شیرک ٢٠٨
بابەتی هەشتا و چوارەم: مانەوەیان لەلای گۆڕەکان ٢٠٩
بابەتی هەشتا و پێنجەم: خۆنزیککردنەوەیان لە خوا بە سەربڕین لەلای گۆڕەکان.... ٢١١
بابەتی هەشتا و شەشەم: پارێزگاریکردنیان لە شوێنەواری بەگەورەدانراوەکان ٢١٣
بابەتی هەشتا و حەفتەم، هەشتا و هەشتەم، هەشتا و نۆیەم، نەوەدەم: ئەو سیفەتە نەفامییانەی کەوا لەناو ئەو ئوممەتەدا ماوەتەوە ٢١٥

بابەتی نەوەد و یەکەم: دامەزرانی کۆمەڵگاکەیان لەسەر دەستدرێژیکردنە سەر خەڵکی ٢١٩
بابەتی نەوەد و دووەم: شانازیکردن بە حەق و بە ناحەق ٢٢١
بابەتی نەوەد و سێیەم: دەمارگیری خراپ و نەویستراو ٢٢٢
بابەتی نەوەد و چوارەم: سزادانی کەسی بێ سووچ و بێ گوناح، بە تاوانی کەسێکی دیکە ٢٢٤
بابەتی نەوەد و پێنجەم: گاڵتەکردن بە پیاوێک بە کەموکوڕییەک کە لە غەیری خۆیدایە ٢٢٦
بابەتی نەوەد و شەشەم: شانازیکردنیان بە کار و کردەوە چاکەکانیان ٢٢٨
بابەتی نەوەد و حەفتەم: شانازیکردنیان بە خۆدانەپاڵ پیاوە چاکەکان، لەگەڵ سەرپێچیکردنیان ٢٣٠
بابەتی نەوەد و هەشتەم: شانازیکردنیان بە چاکەکردنیان لەگەڵ کەسانێک کە لەخوار ئەوانەوە بوون لەو کارەدا ٢٣٣
بابەتی نەوەد و نۆیەم: تێڕوانینیان بۆ دونیا بە تێڕوانینێکی سەرسامییەوە ٢٣٥
بابەتی سەدەم: ڕاستکردنەوە و پێشنیارکردن بۆ خوای گەورە ٢٣٧
بابەتی سەد و یەکەم: بەکەمزانینی هەژارەکان ٢٣٩
بابەتی سەد و دووەم: تۆمەتبارکردنیان بۆ ئیماندارانی لە نییەت و مەبەستیان ٢٤٠
بابەتی سەد و سێیەم، سەد و چوارەم، سەد و پێنجەم: بێباوەڕبوونیان بە بنچینەکانی باوەڕ ٢٤٢
بابەتی سەد و شەشەم: پشتهەڵکردن لەو بەرنامەیەی لە لایەن خواوە هاتووە ٢٤٤
بابەتی سەد و حەفتەم: بێباوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی ٢٤٥
بابەتی سەد و هەشتەم: بەدرۆزانینی گەیشتن بە دیداری خوای گەورە ٢٤٦
بابەتی سەد و نۆیەم: بەدرۆزانینی هێندێک لەوەی پێغەمبەران هەواڵیان پێی داوە ٢٤٨
بابەتی سەد و دەیەم: دەستدرێژیکردنیان بۆ سەر بانگخوازانی حەق ٢٥٠
بابەتی سەد و یازدەیەم: باوەڕهێنان بە شتی پووچ و بەتاڵ ٢٥١

بابەتی سەد و دوازدەیەم: بەباشتردانانی کوفر بەسەر ئیمان ٢٥٢
بابەتی سەد و سێزدەیەم: تێکەڵکردنی حەق بە ناحەق، بۆ ئەوەی ناحەقەکە وەربگیرێت ٢٥٤
بابەتی سەد و چواردەیەم: شاردنەوەی حەق لەگەڵ بوونی زانست پێی ٢٥٥
بابەتی سەد و پازدەیەم: قسەکردن بەناوی خواوە بەبێ زانست ٢٥٧
بابەتی سەد و شازدەیەم: دژبەیەکی و بەیەککەوتنی قسەکانیان ٢٥٩
بابەتی سەد و حەڤدەیەم: باوەڕهێنان بە هێندێک لەوەی خوا داییەزاندووە و باوەڕنەهێنان بە هێندێکی تری ٢٦١
بابەتی سەد و هەژدەیەم: باوەڕهێنان بە هێندێک لە پێغەمبەران و باوەڕنەهێنان بە هێندێکیان ٢٦٣
بابەتی سەد و نۆزدەیەم: گفتوگۆکردن و دەمەقاڵێ کردنیان لە بابەتێکدا کە زانیارییان پێی نییە ٢٦٥
بابەتی سەد و بیستەم: دژبەیەکییان لە شوێنکەوتنیان بۆ جگە لە خۆیان ٢٦٧
بابەتی سەد و بیست و یەکەم: ڕێگەگرتنیان لە ڕێبازی خوای گەورە ٢٦٩
بابەتی سەد و بیست و دووەم: خۆشەویستییان بۆ بێباوەڕەکان ٢٧١
بابەتی سەد و بیست و سێیەم، سەد و بیست و چوارەم، سەد و بیست و پێنجەم، سەد و بیست و شەشەم: پشت بەستنیان بە شتی پڕوپووچ و خوراڤیاتەکان ٢٧٣
بابەتی سەد و بیست و حەفتەم: حوکم بردنەوەیان بۆ لای تاغووتەکان ٢٧٧
بابەتی سەد و بیست و هەشتەم: بە پەسەند نەزانینی هاوسەرگیریکردن لەنێوانی دوو کۆیلەدا ٢٧٩
کۆتایی ٢٨١
پێرستی بابەتەکان ٢٨٢